
# تاکڕەوی و ئەقڵیەتی دیکتاتۆری ئایینده‌ی عێراق بەرەو تاریکی دەبات



کێشەی ئێستای عێراق، کێشەی خواستی تاکڕەوی و ئەقڵیەتی دیکتاتۆرییە، نەك کێشەی بۆچوونی جیاواز یان هەڵبژاردنی میکانیزمی جیاواز بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوڵاتانی دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی، کارێکی ئاساییە لایەنە جیاوازەکان بیروبۆچوون یان تەفسیری جیاوازیان بۆ بڕگەیەکی دەستوور یان پرۆژەی یاسایەك هەبێت، بەڵام کێشەی ئێستای نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوەیە بەچاوێکی ئینتقائیانە سەیری دەستوور و جێبەجێکردنی یاساکان دەکات و ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆی بێت جێبەجێی دەکات و ئەوەشی لەبەرژەوەندی خۆی نەبێت بەسیاسەتی مانۆڕ و خۆدزینەوە پشتگوێیان دەخات، بۆیە لەم حاڵەتەدا کێشەی ئێستای پێکهاتە سیاسییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا و سەرۆك وەزیران ئەوەیە ئەو بەهیچ جۆرێك ئامادەنییە یاسا و دەستوور جێبەجێ بکات ئەمەش زەمینەیەکی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە بۆنی ئەوەی لێدێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری هەنگاو هەڵبگرێت، ئەم ئەقڵیەتەش کە ئێستا نوری مالیکی پیادەی دەکات، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە لەژێر پەردەی دەنگی زۆرینە و فراکسیۆنی زۆرینە شەرعیەتی پێ بدات، ئەمەش ئەو لایەنەیە کە پێشتریش لەزۆر وڵاتی دیکە هەمان مەترسی دووبارە بۆتەوە و سەرەنجامیش ئەقڵیەتی دیکتاتۆری و ڕەفتاری تاکڕەوی کارەساتی بەسەر داهاتووی وڵاتەکە هێناوە و دەیان ساڵ وڵاتی گێڕاوەتەوە بۆ دواوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپەرلەمانتار کازم شەمەری وتەبێژی کوتلەی بەیزا لەلیستی ئەلعراقیە کرد، ئەو لەوەڵامدا ئەوەی بەگوڵان ڕاگەیاند ئەو پێش ئەوەی ئێمە ئەو پرسیارەی لێ بکەین، خۆی ئەو پرسیارەی لەبیرمەندی عێراقی حەسەن عەلەوی کردووە، بۆیە لەوەڵامەکەی بۆ گولان بەگێڕانەوەی قسەکانی حسەن عەلەوی دەستی پێکردو گووتی: (من پێشتر ئەم پرسیارەم لەحەسەن عەلەوی کرد و ئەویش بەو شێوەیە وەڵامی دامەوە کە ئەم دۆخە هەلومەرجی ئەفغانستانم بیردەهێنێتەوە لەدوای کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، کە زەعیم و سەرکردەکانی موعارەزە و سەرکردەکانی شەڕ خۆیان وەك سەرکردەی سیاسی و سەرکردەی حکومڕانی پێشان دەدا، بەڵام ڕێکنەکەوتن، بەو شێوەیە حیکمەتیار لایەنێکی دەگرت و ئەحمەد شێخ مەسعودیش لایەنێکی دیکەی دەگرت و بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ لەشەڕ و ناکۆکیدا بوون لەگەڵ یەك، تاوەکو کۆمەڵێك قوتابی ئەفغانستانی کە لەپاکستان دەیانخوێند هاتنەوە ناو ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیبانیان





کازم شەمەری بۆ گوڵان:

## ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەوا بەداخێکی زۆرەوە دەرفەت و دەرگا واڵا دەکات لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی دەستێوەردان بکەن

دروستکرد و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەموو وڵاتەکەدا سەپاند. لەبەر ئەوە باوەڕم وایە- ئەویش لەسەر بنەمای قسەکەی حەسەن عەلەوی- کە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا بەداخێکی زۆرەوە ئەمە دەرفەت و دەرگا واڵا دەکات بۆ ئەوەی لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی دەستێوەردان بکەن، ئێمەش هەرگیز خوازیاری ئەوەنین. لەبەر ئەوە دەڵێم دەبێت سەرکردەکان دەرفەتی گفتوگۆکردن و بیروڕا گۆڕینەوە و دەرفەتی سازشی ڕاستەقینە لەکاتی قەیرانەکاندا بخوڵقێنن بۆئەوەی ڕێگری لەکەسانی دیکە بکەن و دەرفەتیان پێنەدەن. سەبارەت بەوەسفکردنی حکومەتی ئێستاش بەدیکتاتۆر، من بە ڕەهایی ناڵێم بۆتە دیکتاتۆر، ڕاستە سەرنج و تێبینیمان زۆرە لەسەر سەرۆك وەزیران و ئەوانی دیکەش، بەڵام ناتوانین بیخەینە چوارچێوەی دیکتاتۆریەت یاخود ناونیشانی دیکتاتۆریەتی بە باڵادا ببڕین. ئێمە دەتوانین ناونیشانێکی دیکەی بۆ دانێین، ئەویش ئەوەیە سەرکردە سیاسییەکان لەسەر بنەمای کوتلە سیاسییەکانیان و ئینتیما فیکریەکانیان ڕەفتار دەکەن، نەك لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی عێراقی. کەواتە دەبێت ئەو ناونیشانەی بۆ دابنێین، سەرکردە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حزبی و قەومی کار دەکەن، و بیرکردنەوە لەبەرژەوەندی عێراق غائیبە لای هەموو لایەنەکان. هەمووی بیر لەوە دەکاتەوە چۆن پارتەکەم باڵادەست بێت و چۆن کوتلەکەم باڵادەست بێت، هەر لەبەر ئەوەش دەبینین کێبڕکێیەك هەیە لەسەر پێکهێنانی هەرێمەکان، ئایا بەرژەوەندیە خوازراوەکە چی بوو؟ بۆچی لەکاتێکی دیاریکراودا دەنگی داواکاری پێکهێنانی هەرێم بەرزکرایەوە و دواتر ئەو دەنگە کپ بۆوە، مەسەلەکە ئەوەبوو پرۆژەیەك هەبوو کە لەبەرژەوەندی تائیفەیەکی دیاریکراو یان کەسانێکی دیاریکراو بوو، کە دەیانویست دەست بەسەر ئەم ناوچانە بگرن یاخود خۆیان بکەنە سەرکردەی ئەم ناوچانە، بەڵام کاتێك کەسانی دیکەو پرۆژەی دیکە هاتنە ئاراوە کە بوونە ڕکابەریان، ئەم دەنگانە کپبوونەوە، لەبەر ئەوە من دەڵێم ڕاستە تێبینی زۆر هەیە لەسەر ئەدای سەرکردە سیاسییەکان، بەڵام هەموو ئەم سەرکردانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حزبی و کوتلەوی کاردەکەن و لەسەر بنەمای عێراقێك بیرناکانەوە کە هەمووان لەخۆبگرێت)).


ئەوەی کازم شەمەری ئاماژەی پێکرد ئەو حاڵەتە مەترسیدارەیە کە لەزاری حەسەن عەلەوی بۆ گوڵانی گێڕایەوە، ئەویش مانای ئەوەیە ئەفغانستانی دوای کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت چ چارەنووسێکی هەبوو، چ گرووپێکی توندڕەوی بەهاوشێوەی تالیبان پێکهێنا ئێستا هەمان مەترسی لەسەر ئایندەی عێراق هەیەو نزیکیشە هەمان مەترسی لەعێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش دروست بێت، ئەمەش لەو چوارچێوەیەدا سەیر دەکرێت کە ئەقڵیەتی تاکڕەوی نوری مالیکی هەموو بنەماکانی دیموکراتی و دەستوری پێشێلکردووە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپەرلەمانتاری لیستی کوردستانی موحسین گەرگەری کرد بەوەی ئایا بۆچی کە هیوای هەموومان ئەوەبوو عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە کەچی ئێستا هەنگاو بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەڵدەگرێت؟ گەرگەر بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (هەموو لایەك خوازیاری کۆتاییهاتنی قەیرانەکەیە، بۆئەوەی عێراقیەکان مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن و خزمەتگوزاری دابین بکرێت و خوڕقاتی ئەمنی نەهێڵرێت و پابەندبوون هەبێت بەدەستوور و بەوەی بەڵێنمان بەیەکتری داوە، پێویستە ئێستا ئەمە بکرێت. بەو سیفەتەشی ئێستا عێراق سیتمیکی فیدرالی و دیموکراتیە، ئەوا پێویستە هەر ڕێوشوێنێك دەگیرێتەبەر ڕوون و ئاشکرا لەبەرچاوی گەل و لەبەرچاوی پەرلەمان، و هەروەها دەبێت هاوسەنگی هەبێت لەدامەزراوەکانی دەوڵەت و لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا و دەبێت ئاشتەوایی نیشتمانی هەبێت و پابەندبوون هەبێت بەدەستوور و ڕێککەوتنەکانەوە، ئەمە هەموو داواکاری ئێمەیە لەحکومەت. کەواتە لێرەدا مەسەلەی ئەوەی بڕیار بەدەست کەسێکی دیاریکراو بێت ئەمە قبوڵ نییە و تاکڕەوییە، لەبەر ئەوەی سیستەمی ئێمە سیستەمێکی مەرکەزی نییە، بەڵکو فیدرالییە، و دەسەڵاتەکان دابەشکراون و چاودێری لەسەر حکومەت هەیە، حکومەت هەیە و دەزگا هەن چاودێری دەکەن و دەزگای سەربەخۆ هەن، حکومەتەکە بەکودەتای سەربازی نەهاتووە، بەڵکو حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بووە، بەڵام پابەندنەبوون بەڕێککەوتنەکان و جێبەجێنەکردنی دەستوور بەشێوەیەکی ڕاست و دروست مەترسی دروست دەکەن، ئەمەیە ئێمە لەئەنجومەنی نوێنەران بە وردی چاودێری دەکەین، کە دەبێت عێراقیەکان یەکسان بن لەماف و ئەرکەکان و هەڵبژاردن بڕیار لەچارەنووسی وڵات بدات، ئەمانە ئەو پێوەرانەن لەدەوڵەتی فیدرالیدا پیادە دەکرێن)).



موحسین گەرگەری بۆ گوڵان:

## مەسەلەی ئەوەی بڕیار بەدەست کەسێکی دیاریکراو بێت ئەمە قبوڵ نییە و تاکڕەوییە لەبەر ئەوەی سیستمی ئێمە سیستمێکی فیدراڵییە

موحسین گەرگەر جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دەبێت بنەماکانی دیموکراتی و سیستەمی فیدرالی لەعێراقدا بپارێزین، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم بنەمایانە دەپارێزرێن یان هێزێك هەیە و سورە لەسەر ئەوەی ئەو بنەمایانە بپارێزرێن؟ کازم شەمەری لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە ڕای خۆی خستەڕوو و وتی: (لەڕاستیدا ئێمە تەنیا دیموکراسیەتی سندوقمان هەیە، واتە تەنیا دیموکراسیەتی هەڵبژاردنمان هەیە، دیموکراسیەتی سندوقی هەڵبژاردن، بەڵام ئێمە دیموکراسی پیادە ناکەین بەو مانایەی ڕێگایەك بێت بۆ مومارەسەکردنی حکومڕانی و مومارەسەکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. دیموکراسی غائیبە لەبواری مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا، لەبەر ئەوە دەبینین زۆرێك لەمەسەلەکان تەنیا لەبۆنەی تایبەتدا بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوەی نابنەهۆی هێنانەدی ئامانج و خەونی سەرکردە سیاسیەکە)).



میسال ئالوسی سیاسەتمەداری ناسراوی عێراق و سەرۆکی حزبی ئومەی عێراقی، یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە پێشتر ئەندامی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووشەوە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ سەرۆکی لیژنەی لە ڕیشە هەڵکێشانی بەعس بووە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و مەترسیەکانی حکومەتی ئێستای نوری مالیکی کە لەبنەماکانی دیموکراتی لایداوە و دەستوور پێشیل دەکات، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ بەڕێز ئالوسی ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

## میسال ئالوسی (سەرۆکی حزبی ئومەی عێراقی) بۆ گوڵان:

# بەئەمانەتەوە دەیڵێم ئێستا عێراق سیستمێکی دیکتاتۆرییە، سووکایەتی بەدەستوور و سووکایەتی بەعێراق دەکات

### بارودۆخی مەترسیدارەو هەموو لەبەردەم هەڵدێرێکی مەترسیدار و گەورەداین و عێراق و هاووڵاتیان باجێکی گەورە دەدەن

*** لەو وڵاتانەی کە بەقۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕن و دەست دەکەن بەپرۆسەی دیموکراتی، زۆر جار پرۆسەی هەڵبژاردن دیکتاتۆر یان سیستمێکی ئەسۆریتاریانیزم یان خۆسەپێن بەهەرمدەهێنیت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەقڵیەتی دیکتاتۆر تاچەند مەترسی لەسەر ئاییندەی وڵات دروست دەکات؟ دەتوانێت خۆی لەژێر پەردەی هەڵبژاردن بشارێتەوە و شەرعیەت بەدیکتاتۆریەت بدات؟**

- مەترسیەکان زۆرن، بەتایبەتی ئەگەر باس لەئەزموونی گەلان و دەرئەنجامی ئەم ئەزموونانە بکەین، ئەگەر ئەزموونی ئەڵمانیا بەنموونە وەربگرین، کە ئەویش سیستمێکی دیموکراتی بوو و هەڵبژاردن ئەنجامدەدرا، بەڵام بەهۆی بوونی حزبێکی شمولیەوە تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا ڕوویدا و سووکایەتی بەپەرلەمان کرا و ڕایخی ئەڵمانیا سوتێنرا، دەرئەنحامەکەش، دەرئەنجامێکی خوێناوی و کارەساتاوی بوو و مرۆڤایەتی باجەکەیدا، کەواتە ئەزموونی زۆر و جۆراوجۆر لەزۆرێك لەوڵاتاندا ڕوویانداو. ئەزموونی عێراقیش ئەزموونێك نییە تاقیبکەینەوە بەمەنتیقی ڕۆژهەڵاتی، ئینشەڵا خێر دەبێت و ئەمەش وتەیەکی گشتی و وتەیەکی خێرە، بەڵام لەسیستمی سیاسیدا دەبێت دەوڵەت ڕوون و ئاشکرابێت، لەڕواڵەتەکانیدا، لەبەرنامەکانیدا، لەدامەزراوەکانیدا. ئێستا دەوڵەتی عێراقی هەیە، و دەستوورمان هەیە و پارتی سیاسیمان هەیە کە ئەم دەوڵەتەیان بنیاتناوە و بەشداربوونە لەڕزگارکردنی عێراق و خەباتی گەورەیان کردووە، بەڵام ئێمە لەڕێڕەوی حکومڕانیدا لادان دەبینن، بەمانایەکی دیکە حکومەت تاکڕەوی دەکات و ئێمەش نازانین ئەم ڕێڕەوە بەرەو کوێمان دەبات، کەواتە ئەوەی لەعێراقدا هەیە، تاکڕەویکردن نییە بەدەسەڵاتەوە، هەروەك هەندێ لەسیاسییەکان وەك ئەدەب و گەشبینی و متمانەیەك ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنن. بەئەمانەتەوە دەیڵێم ئەوی هەیە، سیستمێکی دیکتاتۆریە سووکایەتی بەدەستوور دەکات، سووکایەتی بەمرۆڤ دەکات و سووکایەتی بەعێراق دەکات و بەو پێیە دۆخەکە مەترسیدارە لەئێستادا و ئێمە لەبەردەم هەڵدێرێکی

مەترسیدار و گەورەداین و عێراق و هاووڵاتیان باجێکی گەورە دەدەن.

*** بەبۆچوونی ئێوە چۆن دەتوانرێت بنەماکانی دیموکراسی لەم دیکتاتۆریەتە ڕزگاربکەین، ئایا دەکرێت، ئایا هیچ قۆناخێك هەیە لەم ڕووەوە؟**

- ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پێش و بۆ ڕۆژگارەکانی پێشوو، ئەوە دەڵێین کە هێشتا خەڵکی دەکەونە ژێر کاریگەری وتارە حەماسیەکان و سروود و کەرنەڤاڵەکانەوە و ئەگەر سەرنج بدەین، حزبی حکومڕان کە حزبی دەعوەی ئیسلامیە، کە من بەداخەوەم ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنم، حزبی حکومڕان لەبەغدا زۆر پشت بەسازدانی کەرنەڤاڵ و کۆنگرە و وتاردان دەبەستێت، بەچەشنێك ڕۆژێك تێناپەڕێت خەڵکی عێراق گوێبیستی وتەیەکی نوێی بەڕێز سەرۆك وەزیران نەبێت، ئەمەش مەسەلەیەکی مەترسیدارە و ڕۆژگاری سەرەتای کۆماری یەکەم و سەددام و چەندین کەسی دیکەمان دەهێنێتەوەیاد. ئایا لەعێراقدا فەیلەسوفێك، شارەزایەك، مامۆستایەکی دیکە نییە تەنیا بەڕێز سەرۆك وەزیران نەبێت. لەبەر ئەوە بەوپەڕی ئەمانەتەوە دەیڵێم دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراق کارا بکرێت، کە نوێنەری عێراقیەکانن، هەروەها دەبێت حکومەت درك بەوەبکات، ئیتر سەرۆك وەزیران بێت یان هەر وەزیرێکی دیکە، کە ئەو بەشێکە لەم دامەزراوە پەرلەمانییە، واتە ئێمە سیستمێکی پەرلەمانیمان هەیە و سیستمێکی سەرۆکایەتیمان نییە و حکومڕانی دەگەڕێتەوە ئەنجومەنی نوێنەران. خەلەلەکە لێرەدایە، حکومەت هەموو بەڵگەیەکمان دەداتێ کە ڕێز لەئەنجومەنی نوێنەران ناگرێت و ڕێز لەنوێنەرانی گەل ناگرێت و بەو پێیە ڕێز لەگەل ناگرێت، بەڵکو حکومەتێکی عەقائیدیە و لەچوارچێوەیەکی هاوشێوەی سیستمی ئێرانیدا هەڵدەسوڕێت و ئێمەش ئەوەمان ناوێت.

*** هەمیشە دیکتاتۆرەکان باس لەوە دەکەن وڵاتەکە مەترسیەکی گەورەی لەسەرە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق بەرەو کوێ دەچێت و ئایا چارەنووسی عێراق چی دەبێت لەسایەی شەرعیەتی ئەم حکومەتەدا؟**

- یەکەم، هیچ شەرعیەتێك نییە بۆ ئەم سیستمە لەبەر ئەوەی پەنجەی تاوان لەلایەن هاووڵاتیانەوە

**لەسیستمی سیاسیدا دەبێت دەوڵەت ڕوون و ئاشکرابێت. لەڕواڵەتەکانیدا. لەبەرنامەکانیدا. لەدامەزراوەکانیدا**

**هاووڵاتیان حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکەن سیاسەت و دیپلۆماسیەتێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نییە. بەڵکو بۆتە پاشکۆی خواست و ئارەزووەکانی دەوڵەتیکی دراوسێ**

ئاڕاستەی ئەم حکومەتە دەکرێت، نەك لەلایەن سیاسیەکانەوە، هاووڵاتیان حکومەت بەگەندەڵی تۆمەتبار دەکەن، تۆمەتباری دەکەن بەشکستهێنان لەدۆسیەی ئەمنیدا، هەفتانە دەیان کەس دەبنە قوربانی، هاووڵاتیان حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکەن سیاسەت و دیپلۆماسیەتێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو بۆتە پاشکۆی خواست و ئارەزووەکانی دەوڵەتیکی دراوسێ، هاووڵاتی ئەم حکومەتە تۆمەتبار دەکات کە خۆی لەناوچەی سەوزدا قەتیس کردووە و بەدەیان هەزار چەکدار پاسەوانی لەخۆی دەکات، هاووڵاتیانی عێراق ناوی دەزگا ئەمنییەکان نازانن و منیش وەك سیاسیەك ناویان نازانم و نازانم چەند دەزگایی ئەمنی هەیە و ئەم دەزگا ئەمنیانە چۆن کاردەکەن. ڕاستە هەڵبژاردن و خەباتی گەورە شەرعیەت بەسیستمە سیاسیەکە دەدەن، بەڵام ئایا شەرعیەتی حکومەت لەکوێدایە، ئەگەر سووکایەتی بەدەستور بکات و سووکایەتی بەیاسا و سەروەری دەکات، بەهەموو ئەمانەتێکەوە دەڵێم لەبەر پەرۆشی بۆ نوری مالیکی، نەك لەڕقی نوری مالیکی، دەبێت ئەم حکومەتە بگۆڕێت بۆئەوەی بۆ یەکتری بسەلمێنین ئێمە دیموکراتین و ترس و نیگەرانی لەتاکڕەوی و ئیستبداد و دیکتاتۆریەت بوونی نییە، ئەگەری نوری مالیکی ئەم بەڵگەیەمان نەداتێ ئەوا دەتوانین ئەم حکومەتە تۆمەتبار بکەین بەوەی ملکەچی دەزگایەکی ئەمنی وڵاتیکی دراوسێیە، ئەم حکومەتە تۆمەتبار دەکەین بەوەی چۆکی لەسەر سنگی ئەم خەڵکە داناوە و ڕێز لەخەڵك ناگرێت. کاراکردن کار و کۆشش و ڕزگارکردن بەچاکسازی دەستپێدەکات و چاکسازیش بەگۆڕینی بەڕێز سەرۆك وەزیران دەستپێدەکات. کەسانێك هەن بەسەر هەرەمی هەڵپەرستیدا سەرکەوتوون و تۆمەتبارن بەکوشتنی دەیان و سەدان و بگرە هەزاران کەس لەڕژێمی پێشوودا، مافی ئەوەیان نییە سەرکردایەتی دەزگا ئەمنییەکان بکەن و هاووڵاتیان بپارێزن، لەبەر ئەوەی خۆیان هاووڵاتیانیان کوشتووە، هەروەها دەبێت داوا لەبەڕێز سەرۆك وەزیران بکەین.. ئەوەی ئەندامی «قیادەی شوعبە» یان ئەندامی «فەرع» و ئەوانەی لەدەزگا ئەمنییەکاندا بوونە و ئەوەی نەوط شجاعەی وەرگرتوە لەڕژێمی سەددام لەسەر کوشتنی هاووڵاتیان لەئەنفال و شۆڕشی شەعبانی، ئەوانە مافیان نییە جارێکی دیکە جڵەوی چارەنووسی ئێمەیان لەدەست بێت.

*** هەموو وڵاتێك سوپایەکی هەیە کەسەر بەدەزگای ئەمنی حکومەت نییە، بۆچی عێراق بەم شێوەیە نییە؟**

- لەبەر ئەوەی بەداخەوە لایەنێك کە خۆی قوربانی بووە، ئێستا دەستی کردووە بەلاسایکردنەوەی جەللاد، حزبی دەعوە حزبێکی تێکۆشەر و دێرین و قوربانی دەستی ڕژێمی سەدامی فاشی بووە، پێدەچێت هێشتا فەلسەفەی حکومڕانی لەسەر بنەمای هێز بنیاتنرابێت، لەسەر ئەوەی تا چەند هێز و سەرکوتکاریم هەیە، ئەمە لەکاتێکدا فەلسەفەی حوکمڕانی دیموکراسی پشت بەبەرهەم، بەدابینکردنی خزمەتگوزاری دەبەستێت، ئەمەش وامان لێدەکان ئەو پرسیارە بکەین، ئایا عێراق پێویستی بەملیۆنێك و دوو سەد هەزار چەکدار هەیە کە هەموویان هەمان چەکی کۆنیان پێبێ، من پێم وانییە عێراق پێویستی بەم ژمارەیە هەبێت، ئەوە حکومەتە پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی شەقامی پێ بترسێنێت. ئایا ڕاستە سەربازێك دەتوانێت تیرۆر لەناوببات، نەخێر، لەبەر ئەوەی لەناوبردنی تیرۆر پێویستی بەدەزگای ئەمنی تایبەتمەند هەیە، نەك ئەو دەزگا ئەمنیانەی وەك وتەبێژی نوسینگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، قاسم عەتا، بەڕێوەبەرێکی گشتی و پلاندانەرانی دەزگای موخابەرات فەزح بکات، ئەمە گاڵتەجاڕیە، لەبەر ئەوە پێموایە حکومڕانی دیموکراسی پشت بەشەفافیەت، بەئەنجومەنی وەزیران و بەڕاگەیاندنی ئازاد- کە ئێمە نیمانە لەعێراقدا- دەبەستێت هەیە. ئێستا بەڕێز سەرۆك وەزیران باس لەڕاگەیاندنکاران دەکات، لەکاتێکدا خۆی جەلدی ڕاگەیاندنکاران دەکات و حکومەتیش تۆمەتبارە بەوەی بەرەبەرکانێی ڕاگەیاندنکاران دەکات و دەیانکوژێت، بەلای کەمەوە کوشتنێکی سایکۆلۆژی و کوشتنێکی پیشەیی. گومان لەوەدانییە عێراق پێویستی بەم ژمارە زۆرە نییە، بەسەربازکردنی کۆمەڵگە هەمیشە دەڕژێتە خزمەتی دیکتاتۆرەوە، سەرنجی

**هاووڵاتی ئەم حکومەتە تۆمەتبار دەکات کە خۆی لەناوچەی سەوزدا قەتیس کردووە و بەدەیان هەزار چەکدار پاسەوانی لەخۆی دەکات**

**کاراکردن کار و کۆشش و ڕزگارکردن بەچاکسازی دەستپێدەکات و چاکسازیش بەگۆڕینی بەڕێز سەرۆك وەزیران دەستپێدەکات**

ئەوەش دەدەین بەسەربازکردنی کۆمەڵگە هاوشانە بەسازکردنی کەرنەڤاڵ و وتاری حەماسی و وتاردانی شۆڕشگێڕی، من نازانم بەڕێز سەرۆك وەزیران، کەسێکی قەومی عەرەبیە، یان ئیسلامیەکی دینییە، یان کەسێکی پەرلەمانی دیموکراتیە، من دووچاری سەرلێشێوان بووم لە وتارەکانی بەڕێز سەرۆك وەزیران.

*** ئێستا هەست بەوە دەکرێت کە لەلایەن دیکتاتۆریەتی شاردراوەوە هەوڵی دەستبەرسەرداگرتن و باڵادەستبوون دەدرێت، بەڕای ئێوە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- شکستهێنان و نەزانی و شەعوەزە و نەبوونی سەروەری لەبڕیارداندا، بۆ نموونە، ئێران بەئاشکرا بەرگری لەمانەوەی حکومەتی عێراقی دەکات، من پرسیار دەکەم ئایا ئەمە حکومەتێکی عێراقیە، یان حکومەتێکە پشت بەڕەزامەندی وڵاتێکی دیکە دەبەستێت، کەواتە ئێمە ناتوانین جارێکی دیکە لەم کەشەدا بژین و بانگەشەی ئەوە بکەین سیستێمکی دیموکراتیمان هەیە. گرفتەکە ئەوەیە حکومڕانەکان درکیان بەوەنەکردووە کە خوا نیعمەتی بەعێراق بەخشیوە و ئێستا گەورەترین بودجەی هەیە لەمێژوودا و ئێستاش پەرەپێدانی کێڵگە نەوتیەکان لەعێراقدا، چ لەهەرێمی کوردستان، یان باشوور یان ناوەڕاستدا بێت زیادەیە بۆ سەر ئەو سەروەتە، بەمانایەکی دیکە دەبێت سیستمی دیموکراسی توانای خۆی بسەلمێنێت بۆ دابینکردنی خزمەتکردنی خەڵکی عێراق، ئەویش نەك لەڕێی دروشمەوە، نەك لەڕێی ئیستیغلالکردنی ئایینییەوە، نەك لەڕێی درۆی ڕاگەیاندن و کڕینی ئیرادەوە، بەڵکو لەڕێی بەرهەمی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هەست بەخزمەتگوزاری بکەن، لەقوتابخانە و نەخۆشخانە و دەستبەری کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە لەئەنجامی شکست و شەعوەزەوە، ئەو حزبانەی لەساتەوەختی یەکەمەوە بەنیازی دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات بوون، پشت بەهێزی چەکدار و دەزگای ئەمنی شاردراوە دەبەستن، کە نازانین چۆن کار دەکەن. لێرەدا من قسەیەکی د. عەلی ئەدیب، بەبیردەهێنمەوە، کە وەزیری خوێندنی باڵایە و مونەزیرێکی گەورەی حزبی دەعوەیە، کە وتی ئەمە ئیرادەی ئیلاهیە بۆ ئەوەی حکومڕانی بکرێت، کێ وتی ئەمە ئیرادەی ئیلاهیە کە دەبێت مالیکی یان ئالوسی یان عەلی ئەدیب حکوم بکات؟ کوا مانای دیموکراسی و کوا دەستوور. کەواتە ڕێزنەگرتنی دەستوور لەلایەن بەڕێز مالیکی و لیستی دەوڵەتی یاساوە، شتێکی سروشتیە، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەیەکی عەقائیدیان هەیە و من هیچ شەرم ناکەم لەوەی ئەمە بشوبهێنم بەدۆخی سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی حوکم و دەسەڵات لەلایەن هیتلەرەوە، هەروەك ئەوەی هیتلەر دەسەڵاتی لەئەڵمانیا گرتەدەست. واتە ڕژێمی فاشی و توندڕەو پشت بەفیتنەی تائیفی و قەومی و خوێنڕشتن و ترساندنی هاووڵاتیان و بەسەربازکردنی کۆمەڵگە دەبەستێت.

*** ئایا لەسایەی ئەم داڕمانەدا، چارەنووسی عێراق چی دەبێت و بەچ کۆتایی دێت؟**

- کارەساتەکە ئەوەیە ئەوانەی خواستی دەستبەسەرداگرتنیان هەیە درکیان بەوەنەکردووە تەمەنی عێراق هەزاران ساڵە و هێشتا هەر ماوە و بەداخەوە هێشتا درکمان بەبەهای مەعنەوی دادگاییکردنی سەدام و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی پێشو نەکردووە، مەسەلەکە دەرکردنی حوکمی لەسێدەرانی کەسێك یان جێبەجێکردنی ئەو حوکمە نییە، مەسەلە ڕەمزیەکە ئەوەیە ئێمە جارێکی دیکە نامانەوێت ملکەچی ڕژێمی هاوشێوە ببینەوە. بەو پێیە، ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت بەرەو کوێ دەڕوین، ئەوا مەسەلەکە ڕوونە، ئەگەر شکست بهێنین لەکاراکردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ڕێزگرتن لەدەستوور و سەلماندنی توانامان لەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، ئەوا ڕێگاکە ڕوونە کە دووچاری سەرگەردانی و گێژەن دەبینەوە و خوێنێکی زۆر دەڕژێت و جیهانیش ڕێزی بۆ دەوڵەتی عێراقی لەدەست دەدات، لەبەر ئەوەی پلە یەکین لەڕووی ژمارەی ئاوارەکانەوە لەجیهاندا، هەروەها لەپلەکانی یەکەمداین لەگەندەڵیدا و لەپلەکانی یەکەمداین لەبەرەنگاربوونەوەی ڕاگەیاندنکاران و کوشتنیاندا، جیهان متمانەی بەعێراق نامێنێت و ئەمەش مەسەلەیەکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی پارچەپارچەکردن و تێکشکاندنی عێراق و دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراق.

**ڕژێمی فاشی و توندڕەو پشت بەفیتنەی تائیفی و قەومی و خوێنڕشتن و ترساندنی هاووڵاتیان و بەسەربازکردنی کۆمەڵگە دەبەستێت**





مەنسوری موعەدەل بۆ گوڵان:

# دیکتاتۆرەکان لەڕێی سوپایەکی بەسیاسیکراوەوە دەسەڵات دەگرنەدەست و دواتر ئایدۆلۆژیای توندڕەو دەکەنە پاساوی درێژەدان بەدەسەڵات

**پرۆفیسۆر مەنسوری موعەدەل کە ئوستادی سۆسیۆلۆژییە لەزانکۆی میشیگان یەکێکە لەڕۆشنبیرە دیارەکانی ئێران و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵناسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تایبەتمەندە لەبوارەکانی کەلتور و ئایدیۆلۆژی و تەنگژە سیاسیەکان و رەوش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بونیادی دیموکراتی لەناوچەکە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ سازکردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ناوچەیەیە لەجیهاندا کە زۆر بەزەحمەت دیموکراتی تێدا پیادە دەکرێت، تەنانەت لەدوای گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبیشەوە هەست ناکرێت ئەم ناوچەیە وەرچەرخانێکی گەورە بەرەو دیموکراتی بەخۆیەوە ببینێت، ئایا بۆچی پیادەکردنی دیموکراتی لەم ناوچەیە هێندە زەحمەتە؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین، ئەوا جێبەجێکردنی دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا کارێکی قورسە، بەرفراوانبوونی دامەزراوەکانی دیموکراسی کاتی دەوێت.....لەبەر ئەوە نابێت پێشبینی سەرهەڵدانی دیموکراسیەتێکی تەواو گەشەکردو بکەین لەو وڵاتانەدا کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەژێر زەبری حکومڕانی دیکتاتۆریدا بوون. بەتێڕوانینی من هێشتا زووە بۆ ئەوەی هەر حوکمێك بدەین لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمە مومکینە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان مومکین نییە. بەرەوپێشچوونی دیموکراسی پێویستی بەگۆڕانکاریەکی زۆرە، نەك تەنیا لەسەر ئاستی حکومەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش، دەبێت پەروەردەی مەدەنی فراوان بکرێت، دەبێت دۆخی ئابووری باش بکرێت، لەهەمووشی گرنگتر دەبێت خەڵکی متمانەیان بەیەکتری هەبێت. متمانەی کۆمەڵایەتی گرنگە، واتە وەك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سیاسی متمانە بەیەکتری بکرێت، نەك وەك ئەندامانی گروپێکی ئیتنی یاخود خێڵێك. لەبەر ئەوە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی خەڵکی لەگەڵ یەك گفتوگۆ بکەن و تەفاعول لەگەڵ یەکدا بکەن و بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی پێویستیان بەمتمانەیەکی بەهێزترە بەتواناکانیان. کەواتە تاوەکو ئەو کاتەی خەڵکی شوێنکەوتەی ئەم یان ئەو ئایدۆلۆجیا توندڕەوە نەبن و دۆخی ئابووری باش بێت، ئەوا من گەشبینم بە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی.

*** هەندێك لەچاودێران پێیانوایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژێرخانی فیکری بۆ بونیادی دیموکراتی دروست نەبووە، ئەو حزب و گروپانەی لەگۆڕەپانەکەدا هەن، زۆربەیان نادیموکراتین و تەنیا مەبەستیانە بەڕێگەی سندوقی دەنگدان بگەنە دەسەڵات، ئایا چۆن زەمینەی ژێرخانێکی فیکری بۆ بونیادی دیموکراتی دروست دەکرێت؟**

- دەکرێت لەڕێی بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز بکرێن، لەبەر ئەوەی ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین، لەبەر ئەوەی ئافرەتان بەرپرسیارن لەپەروەردەکردنی منداڵ و ئەگەر

هاتوو لەسەر دیموكراسی و لێبوردەیی كۆشیان كردن، ئەوا كەسانی دیموكراتی و لێبوردەیان لێ دەردەچێت. كاتێك ڕێكخراو و كۆمەڵەی بەهێز لەئارادا دەبێت، وەك كۆمەڵەی پرۆفیسۆرەكانی زانكــۆكان، یەكێتی كرێــكاران و ڕێكخراوی ئافرەتان و ڕێكخراوەكانی لاوان، ئەمانە خۆیان پەروەردەی خۆیان دەكەن، بەڵام ئەمە لەساڵێك و دوو ســاڵدا ڕوونادات، بەڵكو چەندین ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو گەشەبكات، بەڵام مەسەلەی ســەرەكی پەیوەستە بەكەسە توندڕەوەكانەوە، ئەوانەی بەشــداری لەپرۆسە سیاســیەكە ناكەن یاخود پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەكانیان.

*** لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لەدەوڵەتانــی عەرەبــی هەســت دەكرێــت گۆڕانكارییــەكان هێنــدەی گۆڕینــەوەی دیكتاتۆرێكە بەیەكێكــی دیكە، ئەمەش بەو مانایــەی دوای ڕووخانــی دیكتاتــۆرەكان، سەقامگیری دروست نابێت و، ئەمەش دەبێتە هۆی ســەرهەڵدانی دیكتاتــۆری دیكە، ئایا چۆن ڕێگــە لەســەرهەڵدانی دیكتاتۆریەت دەگیرێت؟**

- ئەو دیكتاتۆرانەی لەپەنجاكان و شەستەكاندا سەریانهەڵدا لەسایەی دروشمی ناسیونالیزمی عەرەبــی یان پــان ناســیونالیزمی عەرەبی، لەسیاقی ئایدۆلۆژیا توندڕەوەكاندا سەریانهەڵدا. دیكتاتۆریەكان لەخۆیانەوە دروست نابن، بەڵكو لەڕێی ســوپایەكی بەسیاسیكراوەوە دەسەڵات دەگرنەدەســت و دواتر ئایدۆلۆژیای توندڕەو دەكەنە پاســاوی درێژەدان بەدەســەڵات، ئیتر ئایدۆلۆژیایی ئیســلامی تونــدڕەو بێت یان سۆشیالیزم یاخود كۆمۆنیزم یان ناسیونالیزمی عەرەبــی، لەبــەر ئەوە تاوەكو پشــتیوانی بۆ ئایدۆلۆژیای توندڕەوی كــەم نەبێتەوە لەناو خەڵكدا ئەوا دیكتاتۆرەكان دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لەچەســپاندنی دەســەڵاتیاندا، كاتێك جمــال عبدالناصر یان ســەددام حوســێن یان قەزافی یاخود حزبی بەعس هاتەسەر دەسەڵات لەسوریا، هەموویان لەژێر دروشمی ئایدۆلۆژیای پان عەرەبیزمدا هاتنەســەر دەســەڵات و ئەم ئایدۆلۆژیەیان كردە پاســاوی شــەرعیەتدان بەكارەكانیــان، بەڵام ئێســتا ئایدۆلۆژیایەكی توندڕە باڵادەســت نییە لەكۆمەڵگەدا، ڕاستە گروپی توندڕەو هەن، بەڵام خەڵكی هاوڕانین لەگەڵ بەهــا و تێڕوانینەكانیاندا. من نازانم دیكتاتــۆرەكان چــۆن دەتوانن دەســەڵاتیان جێگیر بكەن بێ پشــتیوانی سوپا، یاخود بێ ئەوەی ئایدۆلۆژیایەكی توندڕەو پاســاو بێت بۆ شــەرعیەتدان بەكارەكانیــان. ئێمە دەزانین سروشــتی مرۆڤەكان وایە كاتێك دەســەڵات دەگرنە دەست مەیلی قۆرخكردنی دەسەڵاتیان لادروســت دەبێت و ئامادەنابن كەسانی دیكە بكەنــە شــەریكی دەســەڵاتەكە، كەواتە بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی دیكتاتۆر دەبێت خولی ســەرۆكایەتی دیاریكراو بێت نابێت لەدوو خول زیاتــر بێت و هــەر كارێكیش كــە دیكتاتۆر دەیــكات بخرێتەژێر چاودێرییــەوە، بۆ نموونە هەندێ لەشیعەكانی عێراق بەماڵیكی دەڵێین سەددامی ئێمە و بەشــانازیەوە باسی دەكەن، كە دەبێت ڕۆژنامە و چالاكوانە دیموكراتیەكان دژی ئــەم دەربڕینانە بن، كە دەســتەواژەی سەركردەی بەهێز باش نییە، بەڵكو سەركردەی باش و ســەركردەی بەهێز ئەوەیە كە یاساكانی وڵاتەكە جێبەجێ بكات.


*** هەندێك لەشــرۆڤەكارانی سیاسیی بەشێك لەهۆكارەكان دەگێڕنەوە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی كۆنترۆڵكردنی سەرچاوەی وزە و پیترۆڵ كە لەناوچەكە بوونی هەیە، ئەمەش بەو مانایەی بەردەوام ڕۆژئاوا لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆی پشتی دیكتاتۆرەكانی گرتووە، ئێســتا دیكتاتۆرەكان ڕووخاون، ئایا تاچەند ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟**

- ئەمە بەتەواوەتی دروست نییە، چونكە ئەوە ڕۆژئاوا نەبوو جەمال عبدالناصری هێنایەسەر دەسەڵات، بەڵكو ئەو بەپاڵپشتی سوپا ئەو كارەی كرد و ئایدۆلۆژیایی پان ناسیونالیزمی عەرەبی كردە پاساوی دەسەڵاتە دیكتاتۆریەكەی، حزبی بەعس لەســوریا و عێراق بەهاوكاری ســوپا دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەهەمان شێوە قەزافی لەلیبیا، نەك بەهاوكاری ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی نابێت ئۆباڵەكە بخەینە ئەستۆی ئەوان. ڕاستە ڕۆژئاوا چەندیــن كاری خراپی كردووە، بەڵام نابێت ئۆباڵی هەمو شــتێك بخەینە ئەستۆی ئەوان، بەتایبەتی سەرهەڵدانی دیكتاتۆرەكان، ئەگەرچی ڕۆژئاوا بەشــدار بــوو لەكودەتای ساڵی ١٩٥٣ لەئێران. بەڵام ئەو ڕاستیەی كە زۆرێــك لەگەلانی عەرەب توانیان دەســەڵاتە دیكتاتۆریــەكان برووخێنــن ئاماژەیە بەوەی ئەگەر خەڵكی هۆشیاربن لەبەرژەوەندیەكانیان بەپێداویســتیەكانی دیموكراســی ئەوا فشار دەخەنەســەر حكومەتــە مەحەلیــەكان و نیشــتمانیەكان بۆ پیادەكردنی سیاســەتێكی ئابووری دادپەروەرانەتر. من وای نابینم دۆخی وڵاتانی عەرەبی بەرەو دروستبوونی سیستمێكی تۆتالیتاری بڕوات بەچەشنی ڕابردو. تەنانەت لەعێراقیشــدا ئەگەرچی لەدوای داگیركاری ئەمریــكاوە كێشــە هەبووە، بــەڵام وڵاتەكە بەئاراستەی ڕاست و دروستدا دەڕوات، عێراق ســەرگەرمی خۆدامەزراندنەوەیە. لەڕاستیدا دیكتاتۆریەت لەســێ ئاراســتەوە دروســت دەبێت، یەكەمیان لەڕێی كودەتای سەربازیەوە، دووەمیان بەهۆی باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژیای توندڕەویەوە، ســێیەمیان لەئەنجامی چالاكی تیرۆریستیەوە لەلایەن گروپە توندڕەوەكانەوە كە قەناعەت بەخەڵك دەكەن بۆ پشــتیوانیكردنی سەركردەیەكی بەهێز. كەواتە ئەگەر كۆمەڵگە بتوانێــت ســوپا لەسیاســەت دووربخاتەوە و ئەگەر كۆمەڵگــە و ئەندامانــی كۆمەڵگە كۆنترۆڵی گروپ و تاكەكەسە تیرۆریستەكان بكەن و ئەگەر خەڵكی نەبنە شــوێنكەوتەی بیروبــاوەڕی توندڕەوی، ئــەوا من ئەگەرێك نابینم بۆ ســەرهەڵدانی دیكتاتۆرێكی دیكە لەناوچەكەدا.

*** لەم گۆڕانكاریانەی كە لەوڵاتانی عەرەبی ڕوویاندا هەســتمان كرد ئــەم گۆڕانكارییانە ئەو دەوڵەتانەی نەگرتــەوە كە مەلیكین، وەك ســعودیە، مەغریب، ئوردون، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ڕژێمی مەلیكایەتــی لەكۆمارییەكان باشترە؟**

- نەخێر بەو شێوەیە نییە، هۆكارەكە ئەوەنییە كە سیستمی پاشــایەتی باشترە، هۆكارەكە ئەوەیە لەســایەی سیستمی پاشــایەتیدا شێوازێكی جیــاوازی ســەركردایەتی هەیە، سیســتمی پاشــایەتی لەمەغریب، ئەردەن و سعودیە، ڕێز لەدامــەزراوەی ئایینی دەگــرن، موعارەزەی ئایینی لەسایەی سیستمی پاشایەتیدا هێندەی موعارەزەی ئایینی سیستمی كۆماری بەهێز نییــە، لەبەر ئەوەی سیســتمی كۆماری پتر عەلمانیــن و دژە ئایینن، واتــە لەبەر ئەوەی دەوڵەتە كۆماریەكانی وڵاتانی عەرەبی ڕژێمی خۆسەپێن بوون و بەو شێوەیە سەیردەكران دژی ئایینین، هەل و مەرجێكی لەبار دروست بوو كە گروپە ئایینی و عەلمانیەكان دژی حكومەت یەكبگــرن. بەڵام لەسیســتمی پاشــایەتی لەمەغریــب، ئەردەن و ســعودیە دامەزراوەی ئایینــی هێندە ڕەخنە لەحكومــەت ناگرێت، لەدەرئەنجامــدا دامــەزراوەی ئایینی ئەوەندە بەهێز نییە، لەبەر ئەوە ئەگەری ســەرهەڵدانی هاوپەیمانــی ئایینــی و عەلمانــی لەدژی حكومەت ئەگەرێكی لاوازە لەو سێ وڵاتەی ئاماژەتــان پێكــردن بە بەراورد بەسیســتمی كۆمــاری. كەواتە مەســەلەكە ئەوەنییە ئایا سیســتمێكی دیموكراتی هەیە یان كۆماری، بەڵكو پەیوەســتە بەسیاســەتی حكومەتەوە، ئەگەر سیستمی پاشــایەتی هەبێت كە دژی ئایین بێت و تاكڕەو بێت بەچەشنی شای ئێران، ئەوا لەلایەن هاوپەیمانێتیەكەوە كە لەچەپڕەو و گروپە ئایینیەكان پێكهاتبوو ڕووخێنرا.

# ململانێی زاڵبوونی تواناکانی گەل بەسەر چارەنووسی خۆیدا، یان ململانێی زاڵبوونی زەعامەت لە دەست خستنەسەر بینەقاقای گەل؟



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، سیاسەتی دوورخستنەوەو پەراوێزکردنی ئەوانی دیکەو تاکرەویکردن و خۆزاڵکردن بە دەسەڵاتەوە پەیرەودەکرا**

بە درێژایی نۆ ساڵی کاروانی گۆڕانکاری لە عێراقی نوێدا، کاروبارەکان لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوەدەچوون کە ئەو واقیعەی دەرهاویشتەی ئەو هێزو بزووتنەوە سیاسیانەی گۆڕەپانەکەیە قبوڵ بکرێت. لەگەڵ بەردەوامیدان بە کۆشش کردن و هەنگاونان بەرەو پێشەوە، ئەوەش لە پێناوی پەرەپێدانی فەزایەك بۆ کارکردن بە پێی یاسا دەستوورییەکان، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانەش بە شێوەیەك دەربکەوێت کە لەگەڵ لۆژیکی سەردەم و نوێگەریدا بگونجێت و بۆ سەرجەم جومگەکانی ژیان هاوئاهەنگ بێتەوە، ئیتر ئەوە بوو لەسەر ئاستی دەزگای یاسادانان، هەڵبژاردنەکان دووبارە دەبوونەوە بە بێ ئەوەی پێکهاتەکەی تەواو بووبێت بەو شێوەیەی لە بەندەکانی دەستووردا هاتووە. هەروەها ئەنجومەنی ئیتحادی، یاسایەکی لە پشت نەبوو تا کارەکانی ڕێکبخات، بە شێوەیەك تاوەکو ئێستاش دەسەڵاتی یاسادانان بە پێکهاتەیەکی ناتەواوەوە کاری کردووە. هیچ شتێك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت ئاماژە بکات بەوەی حکومەت بۆ داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بە ئەنجومەنی ئیتیحادی لە هەوڵ و کاردا بێت، ئەمە وای کردووە لە بواری کاروباری قەزائیدا، دەزگاکانی ئەم دەسەڵاتە دووچاری فشارو دەستێوەردانی نایاسایی ببێتەوە، هەوڵیش دراوە ملکەچی بە دەسەڵاتی یاسادانان بکرێت و ببێتە پاشکۆیەك بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەموو پاوانخوازییەکەش لە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەرجەستە ببووەوە، کار گەیشتبووە ئەو حاڵەتەی لە مەیدانی قەزائیدا، بەکاریگەری سلبیانەی وابەستە بە کاریگەرێتی کاری نایاساییەوە چەندین بڕیار بدرێن.

ئیتر بەو چەشنە لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، وەزیری فراکسیۆنە بەشداربووەکان خۆیان لە تەنگژەیەکی ڕاستەقینەدا دەبینیەوە، چونکە دەسەڵاتەکانیان لێ دەکێشرایەوەو بێ گەڕانەوەشیان بۆ هەرەمی دەسەڵات ڕێگەیان پێنەدەدرا هیچ کارێك ئەنجام بدەن،ئامانجیش لەمە ئەوە بوو تا سەرۆك وەزیران-بە تاقی تەنیاو سەربەخۆ بڕیارەکان دەربچوێنێت. دواتر سیاسەتی دوورخستنەوەو پەراوێزکردنی ئەوانی دیکەو تاکرەویکردن و خۆزاڵکردن بە دەسەڵاتەوە پەیرەودەکرا، ئەویش لە ڕێی دەست بەسەردا گرتن و جڵەوگیرکردنی کابینەکانی وەزارەتە گرنگ و دیارەکان لەلایەن خودی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدەدا کە کاروبارەکانی دیارترین پۆستەکانی حکومەتیش هەر بە هەمان شێوە خرابوونە خزمەتی سیاسەتێکی حزبیانەی تەسك و تروسکەوە، نەك سیاسەتێکی نیشتمانی گشتیەوە..

بەو پێیە بڕیارەکان بە پێچەوانەوەی دەستوورەوە لەلایەن خودی سەرۆکی وەزیرانەوە دەردەکران، نەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە پێویست بوو بڕیارەکان و ئاڕاستەکردنی کاروباری گشتی بە پێی دەستوور بێت و کاری «دامودەزگایی و بە کۆمەڵ و هاوئاهەنگی بێت» نەك تاکەکەسی..

هەروەها ڕاپۆرتە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، باس لە سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکان و هەروەها ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی شێوازە جۆربەجۆرەکانی بە دواداگەڕان و لەناوبردن و پاکتاوکردن دەکەنەوە کە بەهۆی دەزگاگەلێکی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت و ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی خودی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندایە.. ئەم ئاڕاستە شێوازەی کارکردن نەك هەر تەنیا پێشێلکردنی دەستوورو گرتنەبەری سیاسەتێکی تاکڕەوانە لەخۆدەگرێت، بەڵکو پیادەکردنی ستەمکارییەکی مەترسیدارە بە جۆرەها پاساو وبیانووی جیاوازەوە کە لەسەر بنەمای گووتاری دژ بە ئۆپۆزسیۆن و تۆمەتبارکردنی ئۆپۆزسیۆنەکان پیادەکراوە، لەگەڵ دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیاری قەزایی بێ ئەوەی هیچ ڕێ و شوێنێکی شەرعی و ڕاستەقینەی پێ گیرابێتە بەر کە زەمانەتی مافی تۆمەتباری تێدا دابین بکات. بە ڕوونی ڕادیارە کە بە ئاوازی تایەفەگەرییەوە هەڵەکەسەما دەکرا، ئەم ئاوازە وڵاتی عیراقی گەیاندە بەردەم کۆمەڵێك

کێشـــەی وروژاوی دروســـتکراوەوە، چونکە لەسەر ئـــەو بنەما تایەفەگەرییە هەڵســـوکەوت دەکرا، بەو پێیەی تایەفەگەرێتی کراوەتـــە بنەمایەکی جێگیر لە ســـەرجەم کارە نیشـــتمانیەکاندا، تا وای لێهاتووە تێکڕای هێز و بزوتنەوەکانی گەل و تەنانەت خودی ئەندامانـــی تاکە تاکەی گەلیـــش هیچ نەبن تەنها شـــوێنکەوتەیەك نەبێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرە جێگیرەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت...

ئەمـــە ســـەرەڕای شکســـتهێنانێکی تەواوەتی لە دابینکردنـــی خواســـتەکان و مافە ســـەرەکیەکانی هاووڵاتیاندا لە بوارەکانی ئاســـایش و تەندروســـتی و خزمەتگوزارییە پێویســـتەکانی وەك ئاوو کارەبا و خزمەتگوزاریەکانی دیکەی مرۆیی ڕۆژانە. شـــان بە شانی تەشـــەنەکردنی گەندەڵی و بەرفراوانبوونی بازنەکانی تیرۆری ڕێکخراو. بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەمانەی باســـمان کردن، دەبینین ئەوەی ڕوویداوە، ناچێتە خانەی ئەرکە نیشـــتیمانیە سەرەکیەکەوە کە خۆی لە گێڕانەوەی دەســـەڵات بۆ گەل دەبینێتەوەو لەســـەر بنەما دەستووری و دیموکراتیەکان شێلگیرە. چونکـــە ئەوەی ڕاســـت و دروســـتەو هێشـــتا لە چاوەڕوانـــی ئەنجامدانیدایـــن، بریتیە لە کاملکردن و تەواوکردنـــی دامەزراوە دەســـتووریەکانی دەوڵەت و کارکردنـــی دامەزراوەیـــی و کۆبەندییانە، بە پێی پلانگەلێکی جۆریی هەڵســـەنگێنراو لەبارەی لایەنە تایبەتمەنـــدەکان و گۆڕینیان بـــۆ کاری بنیاتنانی گشتی و نیشتمانخوازی.

بـــە پێچەوانەی ڕێـــڕەوی کارەکانـــەوە، کۆمەڵە یاسایەك دەرکراون کە تژیین بە کەلێنی دەستووریی، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی یاســـاکان لە وەدیهاتنی خەونەکانی گەلەوە دوورن و ناتوانن میکانیزمەکانی کاری دیموکراتـــی بگرنەبەر...ئێمـــە لەبـــەردەم هەمان ئیشـــکالیەتداین، ئەویـــش ئەوەیە ئایا کاری دەستەجەمعی و کۆبەندیی و دامەزراوەیی بکەین یان تاکڕەوانە کارەکان بەڕێوە ببەین، کە ئەمەی دواییان کە تاکڕەوێتییە -ماف و ئازادیەکانی- لیَ داماڵیوین و ژیانـــی دیموکراتیانەی لێزەوت کردوین و کردوینیە کوشتەی دەستی نەخۆشیەکانی ستەم.

ئەوەش بە ڕوون و ئاشـــکرایی زانراوە کە دەســـتوور لە ژێر ڕۆشـــنایی دەســـەڵاتێکی فیدراڵیدا باسی ڕێزگرتنی لە فرەیی کردووە، کە ئێســـتا بە دەســـت شێواندن و بەرهەڵستیە نابەجێکانی بەڕێز مالیکیەوە گیرۆدە بووە، ئەو بەرهەڵســـتیانەی بوونەتە مایەی دروســـت کردنی ئیشـــکالیەت، مالیکی خۆی وا وێناکـــردووە کە ڕەمزێکە بـــۆ حکومەتی فیدراڵی، لە کاتێکداحکومەتی ناوەندی خزاندۆتە ئەو گۆشـــە مردووەی کە حکومەتێکی دژ بە حکومەتی هەرێم بێت، هەروەك چۆن کاری کردوە بۆ بە مەرکەزیکردنی بڕیـــارەکان لـــە ڕێـــی کشـــاندنەوەی دەســـەڵاتی پارێزگاکان...ئیتـــر چ کاتێـــك یاســـای حزبەکان دەردەچێت و دەزگایەکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنرێـــت؟ یان کـــەی یاســـای ئەنجومەنی ئیتحادی دەردەچێت؟ یان کەی یاســـای هەڵبژاردن دەردەچێت؟ لە دوای تەواوکردنی ئەو ئامادەکاریانەی ئاماژەمان پێکردن؟ کەی کاری دامەزراوەیی دوور لە تاکڕەوێتی و لێکەوتە ناهەموارەکانی پیادە دەکەین؟ لەسەر ئاستی نیشتمانی هیچ سەقفێکی زەمەنی بۆ ئەو ڕیَ و شـــوێنە چاوەڕوانکراوانە لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوەی هەموو خۆســـەرقاڵکردنەکان پشـــت بە کات کوشـــتن و پەکخستن و دەستی دەستی پێکردن دەبەســـتێت، ئەوەش دیارترین سیاسەتی پیادەکراوە لە ئێســـتادا، لەگەڵ هەوڵەکانی پەکخســـتنی هەموو کۆششـــەکانی چارەسەر بە هەموو شـــێوەیەك، کە هەندێکیان پێشێلکردنی شـــەرعیەتی دەستووریی و کاری نایاسایی لە خۆدەگرن...

هێزەکانی هۆشیاری ناو کۆمەڵگە کە هێزگەلێکی ڕۆشنگەرو دڵسۆزن، نیشتیمانخوازو و دیموکراتخوازن هەموو هەوڵێکی خۆیان خستۆتەگەڕ، بەم دواییەش پەنایان بردەبەر بڕیارێك تا متمانە لە سەرۆك وەزیران بسێننەوەو ســـەرۆك وەزیرانێکی نویَ بێتە جێی، تا بتوانرێت لەسەر بنەمای کاری دەستەجەمعی پشت ئەستوور بە بنەما دەســـتووریەکانەوە کاری لەگەڵدا بکرێت، یان بە شـــێوەیەك بتوانرێـــت داواکارییە بە پەلەکانی هاووڵاتیان دابین بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرفەتەکانی بەرەوپێشـــچوون ڕووبەڕووی نەك هەر تەنیا هەوڵ و بەرزەفتی ناوخۆیی بوونەوە کە بریتی بوون لە ڕەتکردنەوەی بەڕێز مالیکی و گرتنەبەری ئەو ڕیَ و شوێنانەی تایبەتبوون بە پەکخستنی ئەو هەوڵانە، بەڵکو ڕووبەڕووی دەستێوەردانی ئاشکرای دەرەکیش بوونەوە کە گەیشـــتە ئاســـتی هەڕەشەی سەربازی و تێکدانی ئاسایش و ئارامی، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

لەلایەکی دیکەوەو بۆ زیاتر شێواندن و چەواشەکاری، دزە بە هەندیَ شـــرۆڤەو شـــیکردنەوە و لێکدانەوەی شـــێواو کرا، کە دەڵێن: گوایە ئەوســـا و ئێســـتاش هۆکاری ئەم ناکۆکیە بریتیە لە ناهاوســـەنگیەك لە نێوان «ناوەند» و « هەرێم»دا، لەو ڕوانگەیەشـــەوە ســـەرکردایەتی کوردســـتانی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە کار بـــۆ لاوازکردنی ناوەندو قەبەکردنی قەوارەی هەرێم لەسەر حسابی ناوەند دەکەن! ئەم گووتارەش بۆ خۆی ئیستیغلالی ئەو کەموکورتیە ڕوون و ئاشکرایە دەکات کە لە تێگەیشـــتنی سیســـتمی دەستووری دامەزراوەییدا هەیە، بەتایبەتی لە پرسی فیدراڵیدا، لەگەڵ لاوازی و ناڕوونی ڕۆشـــنبیری فیدراڵی لە ژیانی گشتیدا، ئەمە سەرەڕای کەم و کورتی و

فیدراڵیەتی کوردستان سەلماندی و دەیسەلمێنێت کە بریتیە لە بەربەستێکی قایم و پۆڵایین، هێزە نیشتمانیەکان چوونەتە سەنگەرەوەو لەگەڵیدا وەستاون بۆ ئەنجامدانی ئەو شەڕەی لە پێناو دیموکراسی و ڕاگرتنی هەوڵەکانی شێواندنی کاروانەکە دەدرێت

مالیکی خۆی وا وێناکردووە کە ڕەمزێکە بۆ حکومەتی فیدراڵی، لە کاتێکدا حکومەتی ناوەندی خزاندۆتە ئەو گۆشە مردووەی کە حکومەتێکی دژ بە حکومەتی هەرێم بێت، هەروەك چۆن کاری کردوە بۆ بە مەرکەزیکردنی بڕیارەکان لە ڕێی کشاندنەوەی دەسەڵاتی پارێزگاکانەوە

**هەندێك لایەنی ناوخۆ بە سەماكردن لەسەر ئاوازی لایەنی دەرەكی كێشەكەیان بەو شێوەیە دەخستەڕوو كە ناكۆكیەكەو لە نێوان كەسایەتی هەردوو بەڕێز( مالیكی و بارزانی) یە. ئەمەش خۆڵ كردنەچاوو چەواشەكاریەكی دیكەبوو بۆ دوورخستنەوەی ئەركی نیشتمانی ڕاستەقینە**

ناتەواوی لە ئەدادا كە هۆكارەكەی بۆ هەلومەرجی ژیانـــی ڕۆژانـــە دەگەڕێتـــەوە. لە كاتێكـــدا ئەم تێڕوانینە چەواشـــەكاریە لە پێناو بە مەركەزیكردندا بە ئەنقەســـت هەوڵی دەسەڵاتی بەغدا زیاتر دەكات بۆ لاوازكردن و دوورخستنەوەی واتاكانی حكومەتی فیدراڵی و دواجاریش كاركردن و لەناوبردنی فرەیی و هەمەڕەنگی و زەوتكردنیان بۆ خاتری ستەمكارێك یان تایەفەیەك.

هاوكوف و هاوكات لەگەڵ ئەم گووتارە شێواوەدا دزە بە چەنـــد پڕوپاگەندەیەكی نابابەتی كراوەو دەكرێت، كە گوایە كێشەكە بەو شێوەیە دەخەنەڕوو كە ناكۆكیە لـــە نێوان كەســـایەتی هەردوو بەڕێـــز( مالیكی و بارزانی )، ئەمەش خۆڵ كردنەچاوو چەواشەكاریەكی دیكەیە بۆ دوورخستنەوەی ئەركە ڕاستەقینەكەیە كە ئەویش بریتیە لە ئەركێكی نیشتمانی بۆ كامڵكردن و تەواوكردنی بنیاتنانی دامەزراوەكان و كاركردن بە میكانیزمی كاری دیموكراتخوازی، هەروەك پێشـــتر ئاماژەمان پێكردن. سروشـــتیە كە ئەگەر كەسێك بە باشـــی وردبێتەوە ئەوەی بـــۆ دەردەكەوێت كە چۆن مەســـەلەكان براونەتە قۆناغێكی دیكەی شێواندنی ڕووخســـاری لایەنی كوردستان و ســـەركردەكانی و كاركردن بۆ سەرخســـتنی ئەو ئاڕاســـتەیەی ناوەند گرتویەتیەبەر لەسەر بنەمای ئەوەی كە تەنیا ناوەند پرۆژەیەكی نیشتمانیە و پرۆژەیەكی جێگیرو پێوەری ڕاستەقینەو و مەرجەعی سەرەكییە....؟

لێرەدا لـــە پێناوی ئەوەی چارەســـەركردنی هەندێ كێشـــەی ئاڵۆز دوابخرێت، چەندین كاری شێواندن ئەنجام دەدرێت، ئەویش لە پێناوی لابردنی ســـەرنج و تێبینیەكان لەســـەر ڕاســـتیەكان، ئـــەو كارانەش بریتین لە باســـكردنی گەندەڵی و نەوت و كێشەی دیكە كە هەندێكیان دەبێت بكرێنە بەشـــێك لە پرس و بابەتەكانی گفتوگۆدا، هەندێكیشـــیان پێویستیان بەدەركردنی پرۆژە یاســـا هەیە، وەك یاسای نەوت، كـــە ئەو بەهەدەردانە یەكلایی دەكاتەوە كە لایەنێكی دیاریكراو مومارەســـەی دەكات ئەویش كە لە لایەن خودی لایەنی بەغداوە ناسراوە.

هەموو ئەو هەوڵانەی دران بۆ گۆڕینی كێشـــەكە بوو لە كێشەیەكی گشتیەوە بۆ كێشەیەكی شەخسی، لە پێناوی شـــێواندن و خۆڵ خستنە چاودا هەروەها بـــۆ ئەوەی بكرێتە بناغەیەك لـــە پێناوی زاڵبوون و بەردەوامبوونی تاكەكەسێك بە تەنیا لە بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەتدا، ئەوەش بە شـــێوەیەكی نارێك و ناتەواو، بەڵكو بە شێوەیەكی ستەمكارانە كە دۆخەكە سازدەكات بۆ سەرهەڵدانی دیكتاتۆریەتێكی ستەمكار كەخۆی نەك هەر تەنیا لە پیادەكردنێكی دیاریكراودا بەرجەســـتە دەكاتـــەوە، بەڵكو بە خســـتنەگەڕێكی مەترســـیداری ســـەرجەم جومگەكانی دەوڵەت بۆ خزمەتی رژێمێكی تاكڕەو دەسوڕێتەوە.

چارەســـەرە بابەتیـــەكان بەنـــدن بـــە ڕێزگرتن لە عەقڵیەتی نیشـــتمانی و پەرۆشی بۆ خستنەگەڕی ئەركەكانی بنیاتنانەوە، ئیتر نەخشەكێشـــان بێت، یان دارشتنی یاسا بێت، یان ئەدا و جێبەجێكردن. هەروەها ئەركەكان خۆیان لە پشتبەستن بە گرتنەبەری كاری دامەزراوەیی دروســـت دەبیننەوە كـــە ڕێز لە كاری دەســـتەجەمی دیموكراتی بگرێـــت. هەروەها كار بە توێژینەوە زانستیەكان و ســـەرژمێرییە مەیدانیەكان بكات كە بارودۆخەكە وەك خۆی دەخوێنێتەوە.

ئێمـــە لـــە ئاماژەكردنمانـــدا بـــۆ ئیدانەكردنـــی هەڵســـوكەوتێكی دیاریكراوی ناشـــاز، مەبەستمان لـــە ســـەركردایەتیەكی دیاریكـــراوی حزبـــی و دوورخســـتنەوەی نییە، بەڵكو مەبەستەكە بریتیە لە ڕاســـتكردنەوەی ڕێبازی كاركـــردن و ئەنجامدانی گۆڕانـــكاری جۆرایەتـــی تێیدا. لـــە بەرامبەردا بەرگری كردنی ئێمە لە ڕێبازی دروستی كاركردن، خاڵی هاوبەشە لەگەڵ ســـەركردایەتی كوردستان و پەرۆشیمانە بۆ ڕووبەڕبونەوەی هەوڵەكانی شێواندن كە ئامانـــج لێیان لێكدانەوەی نابابەتیانەیەو وڵاتەكە دووچـــاری نیگەرانیەكـــی بـــەردەوام دەكات كـــە دەبێتەهۆی بەتاڵكردنـــەوەی ناوەڕۆكی كاروبارەكان و ســـادەكردنەوەیان بـــۆ ئەوەی بخرێنـــە خزمەتی ســـتەمكارییەوەو هەموو كاروبارەكان لـــەو پێناوەدا بخرێنە گەڕ.

ڕەنگە بەم شێوەیە جیاوازیەكانمان پوخت كردبێتەوە لە نێوان پێدانەوەی دەسەڵات بە گەل بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیار سەروەرانەی خۆی بدات لە ڕێی تەواوكردن و كاراكردنەوەی دامەزراوە دەستووریەكان بۆ كاركردن، هەروەها لە نێوان دەســـەڵاتدان بە ســـەركردەیەك بۆ ئەوەی تاكڕەوی بە دەسەڵاتەوە بكات و ستەمكاری تێدا بنوێنێت تا هەنگاوێكـــی مێژوویی بگەڕێتەوە دواوە، هەروەك ئەوەی لە بەغدا ڕوویداوە، بە شێوەیەك چەنـــد كەڵەكەبوونێكی مەترســـیداری خولقاندووە كە خەریكـــە دووبارە بمانگەڕێنیتـــەوە بۆ جیهانی دیكتاتۆریەت و چەپەڵیەكانی ســـتەمگەریی، بەڵام فیدراڵیەتی كوردستان ســـەلماندی و دەیسەلمێنێت كـــە بریتیە لە بەربەســـتێكی قایـــم و پۆڵایین كە هێزە نیشـــتیمانیەكان چوونەتە سەنگەرەوەو لەگەڵیدا وەســـتاون بـــۆ ئەنجامدانی ئەو شـــەڕەی لە پێناو دیموكراســـی و ڕاگرتنـــی هەوڵەكانی شـــێواندنی كاروانەكە دەدرێت....

**دەرفەتەكانی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیكی نەك هەر تەنیا ڕووبەڕووی هەندێك هەوڵ و بەرهەڵستی ناوخۆیی بووەوە، بەڵكو ڕووبەڕووی دەستێوەردانی ئاشكرای دەرەكیش بووەوە كە گەیشتە ئاستی هەڕەشەی سەربازی و تێكدانی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی كوردستاندا**

*** توێژەری ئەكادیمی لە زانستە سیاسیەكان و ســـەرۆكی پەرلەمانـــی كەلتـــووری عێراقی- لە تاراوگە**

# کوردو هاوسەنگی سیاسی ناوچەکە

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەمەیەکی سیاسیانەی بێئەندازە ئاڵۆز بەردەوامە. لەلایەکەوە، ئێران پشتیوانی ئەو حکومەت و گرووپانە دەکات کە نزیکن لێیەوە، لەلایەکی دیکەوە، تورکیا، سعودیەو قەتەر هەمان هەڵسوکەوت دەکەن. هاوکات ململانێ و ڕکابەرییەکە دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی شەڕی لابەلای بە وەکالەت کە لەگەڵ ناکۆکییە جیاوازو لۆکاڵییەکانی دیکەی ناوچەکەدا پێکدا دەپژێن و تێکەڵ دەبنەوە.**



## دەیڤید ڕۆمانۆ*

■■■
مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت
■■■

بە تێڕوانین لە کێشەی کورد، دەتوانین لەسەر ڕاستی مەسەلەیە بەڵگە بهێنینەوە. لە عێراقدا، هەوڵ و کۆششەکانی دوورخستنەوەی سەرۆك وەزیران، نوری مالیکی، بووەتە پێودانگێك بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی هێز نەك تەنیا لە نێوان گرووپە سیاسیەکانی ناو عێراقدا، بەڵکو لە نێوان دەوڵەتە دراوسێکانیشدا. پڕوپاگەندەیەکی زۆرو زەوەند هەیە لەبارەی ئەوەی گوایە ئێران، تورکیا، سعودیە و قەتەر بەرتیلیان دابێتەوە پەرلەمانتارە عێراقییەکان بۆ ئەوەی دەنگ لە بەرژەوەندی یان لە دژی مالیکی بدەن. ئێران دەیەوێت مالیکی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، لە کاتێکدا وڵاتانی دیکە خوازیاری ئەوەن لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە. ئەمە ململانێیەکی هەستەوەری گرنگە کە بۆی هەیە ئایندەی هەموو عێراقیەکان بکاتە قوربانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتە دراوسێکان.

کاتێك سەرۆکی عێراق، جەلال تاڵەبانی، ڕێگەی نەدا پرۆسەی سەندنەوەی متمانە لە مالیکی بەردەوام بێت، زۆرێك لە چاودێران مەزەندەی ئەوەیان کرد کە لە ژێر گوشاری ئێراندا ئەو کارەی کردبێت. لە هەمان کاتدا، بەو شێوەیە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، دەڕوانرێت کە پتر لە تورکیاوە نزیکەو حاڵی حازر سەرکردایەتی هەوڵەکانی چڕ دەبنەوە بۆ دوورخستنەوەی مالیکی لە دەسەڵات.

لە وڵاتی سووریای دراوسێدا، بە هەمان شێوە ڕەنگە کوردەکان کلیلی چارەنووسی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوە بێت. ئەگەر کوردەکانی سوریا تەواو پابەندبن بە بەشداریکردن لە ڕاپەڕینەکەوە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد، ڕەنگە ئەمە ببێتەهۆی لاسەنگ کردنی هاوسەنگیەکەو سەرکەوتنیبەرەی ئۆپۆزسیۆن.

بە دڵنیاییەوە، کوردەکانی سووریا داوای زەمانەت دەکەن بۆ ئایندەی دۆزەکەیان، پێش ئەوەی بڕیاری ئەوە بدەن پاڵپشتی لایەنێك بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریا ئامادە نییە زیاتر لە دروشمی بەتاڵی «یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو سوورییەکان» بە کوردەکان ببەخشێت. ئۆپۆزسیۆنگەرە عەرەبەکان هەبوونی کوردستانی سووریا ڕەتدەکەنەوە، هەروەها پاڵپشتیکردن لە سیستمی فیدراڵیەت بۆ سووریاو پاڵپشتیکردن بۆ مافی هەر گرووپێکی کوردی ڕەتدەکەنەوە.

ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی نیشتیمانی سووریا تەواو جێی سەرنجە. بزووتنەوەیەك لەسەر دەستی ڕژێمەکەی ئەسەد بەدەست ئەم سەرکوتکارییە سەختەوە دەناڵێنێت، کە ڕژێم ماڵ بە ماڵ دەپشکنێت و خەڵك دەکوژێت و تەواوی شارەکان بۆردومان دەکات، بزووتنەوەکە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت، هەر بەڵێنێك پێویست بێت بە کوردەکانی بدات بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ڕاپەڕینەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە پاڵنەری پشت ئەم هەڵوێستەیان بریتی بێت لە شۆڤێنیەتێکی ئیتنی یاخود نیگەران بوون بێت لە مەیلە جوداخوازییەکانی بەرەی کورد. لەملاوەش ئەو لایەنەی زیاتر کۆمەك بە ئۆپۆزسیۆنیی سووری دەدات و داڵدەی دەدات، تورکیایە. کەچی بڕیاربەدەستانی تورك، نایانەوێت هەرێمێکی دیکەی کوردستان پێکبهێنرێت کە بە فەرمی ئیعتیرافی پێکرابێت. چونکە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سەرهەڵدانی کوردستانی گەورە ببێتە تەوژمێك، یاخود ئەگەرێکی واقیعیتر، کە ئەو کاتە تەنها کوردستانی تورکیا و ئێران بە» نائازادکراوی « دەمێننەوە. لەوەش زیاتر، ئەگەرێکی بەهێز هەیە، کە پارتی کرێکارانی کوردستان( پەکەکە ) ڕۆڵێکی باڵادەست و بگرە ڕۆڵێکی پڕ لە هەژموون ببینن لە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی سووریادا. ئەگەرچی ڕەنگە پەکەکە پشتیوانی زۆرینەی کوردەکانی سووریای نەبێت، بەڵام جیهان پڕە لە ئەزموونی ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێکخستنێکی باشیان هەبووەو پێداگرو خاوەن ئەزموون بوون، توانیویانە باڵادەستبن بەسەر کۆمەڵگەدا سەرەڕای ئەوەی کەمینەیەك پشتیوانی لێکردوون.

بەو پێیە چارەنووسی سوریا، بە چەشنی چارەنووسی عێراق، کەمینەی کوردەکان و بەرژەوەندی دەوڵەتە دراوسێکان ئەو چارەنووسە دیاری دەکات. دەبێت هەموو ئەمانە ببنە وانەو پەند، بە تایبەتی بۆ تورکیا و ئێران.

کوردەکان، ئەگەرچی بەهێزترین ئەکتەری ناوچەکە نین، بەڵام گرنگیەکی زیاتریان هەیەو ناکرێت چیتر پشتگوێ بخرێن. ئەو دەوڵەتەی شکست بهێنێت لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن و ئازادبووندا، ئەو ڕژێمانەی بەردەوامن لە زەوتکردنی مافی هاووڵاتیەکانیان، ڕەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا ئایندەی خۆیان لە ژێر ڕەحمەتی ئەو کەسانەدا ببیننەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرکوتیان دەکردن. ڕەنگە کارێکی ژیرانە بێت ئەگەر دەوڵەتە بەهێزەکانی، وەك تورکیا و ئێران چیتر کوردەکانی وڵاتەکەیان دورەپەرێز و دابڕاو نەهێڵنەوە، مافی تەواوی خۆیان پێبدەن، وەك نەتەوەیەکی جیاوازو لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکانیاندا. ئەگەر کارێکی لەم شێوەیە بکەن، پێش ئەوەی ڕژێمەکەیان ناسەقامگیرو لاواز بێت، ئەوا بۆیان دەردەکەوێت هاووڵاتیە کوردەکان دەبنە سەرچاوەی هێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەردەلولە سیاسیەکان، لەبری ئەوەی ببنەهۆکاری لاسەنگکردنی هاوسەنگیەکە لە دژی ئەوان. هەمیشە هێزە بیانیەکان تەنیا دەتوانن کوردەکان بکەنە وەکیلی خۆیان و شەڕی دوژمنەکانی خۆیانی پێبکەن، ئەگەر کوردەکان ئامادەییەکی لەم چەشنەیان تێدابوو. پێویستە ڕژێمەکانی ناوچەکە ئەو پرسیارە جەوهەرییە لە خۆیان بکەن، ئایا چی وای لە کوردەکان کردووە ئەوەندە ڕاپەڕین بکەن.؟! وەڵامەکەی ئەم پرسیارە هەرگیز بریتی نییە لەوەی دەستێوەردانی دەرەکی هاندەریان بووبێت بۆ ڕاپەڕین، چونکە ـ دەستێوەردانی دەرەکی ـ دەرئەنجامەو هۆکار نییە.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

# کۆمەڵگای کراوە (Open Society) و کۆمەڵگای داخراو (Closed Society)



ئازا حەسیب قەرەداخی

لــە بناغەوە ئەم بابەتە دەبێتە پێشــەکی بۆ بابەتێکی دیکــە، لــەوە دەکۆڵێتەوە کــە کۆمەڵــگای کوردی، کۆمەڵگای کــراوەی ـ داخراوە (Open- Closed Society).

بۆ زانینی چییەتی کۆمەڵگای کراوە یان کۆمەڵگای داخراو، پێویســتە بەر لەوە بزانین (بزاوتی کۆمەڵایەتی ـ الحراك الإجتماعــی Social Mobility) چییە، چونکــە کرانەوە و داخرانی کۆمەڵــگا لە پەیوەندییەکی بونیادیدایــە لەگەڵ بزاوتــی کۆمەڵایەتیدا. بەواتایەکی دیکــە ئەم چەمکانــە لە حاڵەتی یەکتر دروســتکردنی دیالیکتیکــی و کارلێکی بەردەوامی ئاوێتەییدان، تا ئەو رادەیەی کۆمەڵــگای کراوە واتە کۆمەڵــگای بزواو و کۆمەڵگای داخراویش واتە کۆمەڵگای نەبزواو.

(بــزاوت) لــە رووی زمانەوانییەوە واتــە جووڵە و گواستنەوەی تەنێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. بەم مانایە (بزاوتی کۆمەڵایەتی) چەمکێکە قســە لەبارەی گۆڕان و جووڵەی ناو بونیادی کۆمەڵگا و گواستنەوەی پێکهاتەکانی دەکات لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، لە پێگە و شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکێکی دیکە. کەواتە دەشــکرێ بڵێین بزاوتــی کۆمەڵایەتی (دیمەنی دەرەوەی پرۆســەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە)، چونکە لــە مانــا فراوانەکەیدا واتــە گۆڕانــکاری لە دۆخی کۆمەڵایەتی کەس و ماڵبات و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان و جووڵەیان لەسەر پلیکانەکانی چینبەندی کۆمەڵایەتی و گواســتنەوەیان لە نێوانی بنکــەو لووتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا، چی روەە و سەرەوە یان رووە و خوارەوە.

(بیترۆم ســۆرۆکین Pitrim Sorokin ١٨٨٩-١٩٥٩) لە کتێبــی ( بزاوتــی کۆمەڵایەتی)دا کە لە ســاڵی ١٩٢٧دا بڵاوی کردۆتەوە، ئاوا پێناسەی بزاوتی کۆمەڵایەتی دەکات: (گواستنەوەی کەسێك یان بابەتێك یــان بەهایەك ـ بەواتایەکی گشــتگیرتر بڵێین، شــتێك چالاکی مرۆڤ دروســتی کردبێ و فۆرمەڵەی کردبێ ـ لە دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دۆخێکی دیکە) .

لە کاتێکدا ســۆرۆکین تەنیا جەخت لەســەر (دۆخی کۆمەڵایەتی ـ Social Status) دەکاتەوە، هەندێ پێناسەی دیکە گۆڕراوێکی دیکە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی زیاد دەکــەن، ئەویش ( چینی کۆمەڵایەتی ـ Social Class) و پێناســەکە بەمجۆرەی لێ دێت: (جووڵەی کەســەکان ـ بزاوتی کەس ـ یان جووڵەی کۆمەڵ ـ بزاوتی کۆمەڵەیی ـ لە چینێکــی دیاریکراوەوە یان لە دۆخێکی دیاریکراوەوە بۆ چین و دۆخێکی دیکە) .

دووپاتکردنــەوەی گۆڕانکاری و چینی کۆمەڵایەتی و دۆخی کۆمەڵایەتی و گواســتنەوەی کەس و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوانی ســستمە کۆمەڵایەتییەکاندا لەناو کۆی ئەو پێناســانەدا کە بۆ بزاوتی کۆمەڵایەتی کراون، بەو مانایەیە کە بەهاو شــێوازی ژیان و خەسڵەتە کەلتوورییەکانیش لەگەڵ خۆیانــدا دەگوازنەوە. هەندێك لەوانە لەگەڵ شــوێنگە و پێگــەی نوێی کۆمەڵایەتیدا ناگونجێن بۆیە لەناودەچن و هی دیکەی نوێ شــوێنیان دەگرنەوە کە تایبەتن بەو شوێنگە کۆمەڵایەتییە نوێیەی بۆی گوازراونەتەوە. کەواتە لەســەرینی ئەمەوە دەکرێ بزاوتی کۆمەڵایەتی وەکوو(بەرجەســتەبوونی دینامیەتی پلەبەندی چینایەتی) بچوێنین یان پێناسە بکەین. بەڵام دیســانەوە رووبەڕووی پرسیار دەبینەوە کە ئایا ئەم بزاوتە جووڵەیەکی تاکەکەسیانەیە، یان جووڵەیەکی چینایەتییە؟ بەجۆرێکی دیکە پرســیارەکە ئەوەیە کــە ئایا کۆمەڵگا بەپێی ئەو بونیادەی هەیەتی و لەســەر زەوینەی سستمی ئابــووری و پەیوەندییەکانی ناوی رێگە دەدات چینێکی کۆمەڵایەتی لــە ژێرەوەی پلەبەنــدی چینایەتییەوە بە پێپلیکانەکاندا هەڵکشــێ بۆ سەرەوە و شوێنی چینێکی تــر لەو هەرەمــەدا بگرێتــەوە؟ ئایا ئەم گواســتنەوەو شــوێنگرتنەوەیە بە پرۆسەیەکی ئاســایی و ئاشتەوایی جێبەجێ دەبێت یان لەرێی (شێوازەکانی کودەتاو هەڵگێڕو وەرگێــڕەوە لەناو چینە کۆمەڵایەتییــەکان و پلەبەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا) ؟ بەمەیشــدا لە تێگەیشتنی (کارل مارکــس Karl Marx ١٨١٨-١٨٨٣) بــۆ بزاوتــی کۆمەڵایەتــی نزیك دەبینەوە، چونکــە ئەم وای دەبینێ کە بزاوتی کۆمەڵایەتی تەنیا پرۆسەیەکی تاکەکەسانەیەو بەهۆیەوە کەسەکان، نەك چین و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان، لــە پێگەیەکــی کۆمەڵایەتییــەوە، یان لــە چینێکی کۆمەڵایەتییــەوە دەچنە دانەیەکی دیکــە. ئەم جووڵەو گواســتنەوەیە وەهمێکە چینی زاڵ دروســتی کردووە بۆ خەڵەتاندنی کۆمەڵگا، ئەگینا بزاوتی راستەقینە بزاوتی شۆڕشــگێڕانەی چینی کرێکارانە لــە پێگەی خۆیەوە بــۆ پێگەی دەســەڵات و حوکمڕانێتــی و خاوەنداریێتی کەرەســتەکانی بەرهەمهێنان. مارکس وتەنی: (شۆڕش بزاوتی راســتەقینەی کۆمەڵایەتییە) . وەلێ کۆی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگاکاندا روویانداوە، بەتایبەتیش لە قۆناغی سەرمایەداریداو بەهۆی هەژموونی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و بەهاکانی پێشبڕکێی کۆمەڵایەتی و یەکسانی یاسایی و هاوڵاتیبوون و دادپەروەری و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا لەو پنتانەدا کە هەڵشــاخان و پێکدادانی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە وایان کردووە شۆڕش و پێکدادانی نێوان چینە

شۆکی یەکەمی مۆدەرنیتە، سەرهەڵدانی پێوەرگەلێکی نالۆژیکیی لێدەکەوێتەوە، وەك چۆن ئێستا لای هەندێك لە کۆمەڵگای کوردیدا بووەتە باوو ئیش لەسەر بڵاوکردنەوەی جۆرێك لە هوشیاری دەکەن کە حزبایەتی وسیاسەت یەکسان دەکات بە گەندەڵی

کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا خەیارێـــك نەبێ لەبەردەم کەس و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆئەوەی شـــوێنگەی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و ڕۆڵ و کولتووریان بگۆڕن و لە ئاستێکی نزمەوە هەڵکشێن بۆ ئاستێکی باڵا. بەڵکو بزاوتـــی کۆمەڵایەتی بەو میکانیزمانـــەی تێدایەتی بۆ جووڵە نەرمی دەبەخشـــێ بە ســـنووری لەیەکتردابڕانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگە دەدات کەســـەکان بەپێی توانا و لێهاتوویی و شارەزاییانەوە لە چینێکەوە هەڵکشێن بۆ چینێکی بەرزتر لەوەی خۆیان.

لێرەدا دەبێ ســـەرنج لەوە بدەین کە باسی ئەم نەرمییە چینایەتییـــە دەکەین باســـمان لـــەو کۆمەڵگایانە کرد کە چەمککگەلێکی مۆدەرنیتە لە سســـتمی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی و ئابووریاندا لە ئارادان. بەواتایەکی دیکە کۆمەڵگا بەسەر گۆڕانکاری بونیادیدا کراوەتەوە و چیتر ئەو کۆمەڵگا نەریتییـــە داخراوە نییە کە ڕێگە نادات بە ئازادی و یەکسانی و بەهاکانی هاوڵاتیبوون. لەمەوە ئەو پەیوەندییە دەردەکەوێ کە لەنێوانی بزاوتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کراوە یان داخراودا هەیە.

(کارل پۆپەر Karl Popper) یەکەمین کەســـێکە کە ئـــەم دوو چەمکەی هێنایە ئاراوە. ئەو لە کتێبەکەیدا بە ناونیشـــانی (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی) کە لە ساڵی ١٩٤٥دا بڵاوی کردووە، بەو لێکدانەوەیە گەیشتووە کە کۆمەڵگا داخراوەکان، بە رووی پرۆســـە ئاساییەکانی گۆڕاندا دەوەستنەوە دەبنە کۆسپ لە ڕێیاندا، بە پێچەوانەی ئەوانیشەوە کۆمەڵگا کراوەکان پشت بە چالاکی و داهێنان و دەستپێشـــخەری و شـــارەزایی و لێهاتوویی کەسەکان دەبەســـتن و لەناو پەیکەری پلەبەندکراوی کۆمەڵایەتیدا پەرەدەسێنن .

کۆمەڵگای داخراو کۆمەڵگایەکی بچووکە پەیوەندییە روو بە رووە راســـتەوخۆکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن تێیدا. کۆمەڵگای سەنتراڵی جێگرو کەم جووڵەیە و دابونەریتەکانی نەگۆڕن، جگە لە (ســـستمی کۆمەڵایەتی چەقبەستوو کە ڕێگا نادات کەســـەکانی لەو پلە کۆمەڵایەتییە بەرزتر ببنـــەوە کەتێیـــدا لەدایکبوون) شـــتێکی دیکە بەرهەم ناهێنـــێ. کۆمەڵگایەکە ( بزاوت تەنیـــا لەچوارچێوەی هەمان بونیاتدایە کە هەیـــە، بەوەیش ئەم کۆمەڵگایە نە خۆی بەرهەم دەهێنێ، نە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، مەگەر لە ناو بونیادێکی داخراودا ) . لەبەرامبەریدا کۆمەڵگای کراوە هەیە کە خەسڵەتی یەکەمی بزاوتی کۆمەڵایەتییە کە دەشـــێ بزاوتێکی پێشڤەچوو بێ، یان بەرەو دواوە بێ، یان بە هەموو ئاراســـتەکاندا بـــێ. هەروەها توانای خۆ گۆڕین و خۆ بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەیە.

لە کۆمەڵگای داخراودا، بونیادی کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییـــەوە داخراوە، هەروەها هـــەر پێکهاتەیەکیش تـــا رادەیەکی زۆر بەســـەر خۆیدا داخـــراوە. یەکێك لەو پێکهاتە داخراوانەی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و کەس و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانە، چینی کۆمەڵایەتییە کە لەم کۆمەڵگایانەدا بە (کاست - تایەفە) ناودەبرێن. ئەم کاستانە شوێنگەی کۆمەڵایەتی کنێتـــی (وراپی منســـوب)ـن هەر کەســـێك لەهەر کام کاستێکدا لەدایکبوو، ئیتر بۆ هەتا هەتایە و تاکوو مردن هەر لەو کاستەدا دەمێنێتەوە، نە سەردەکەوێ بۆ کاستێکی دیکە، نە دێتە خوارەوە. بۆی نییە لەگەڵ کاســـتەکانی دیکەدا ژنوژنخوازی بکات و خانەوادە دروست بکات، نە دەتوانێ بەشـــێوازی ژیان و پیشـــەیش ئەو پیشەیە بکات کە کاستەکانی ســـەروو خۆی یان ژێری خۆی دەیکەن. کەچی چین، دابەشـــبوونێکی نایاســـایی، نا کنێتییە و تایبەتمەنـــدی کۆمەڵگای کراوەیـــە، وەکوو (فلادمێر.أ. لینین) دەڵێ: (چینی کۆمەڵایەتی هەرگیز بەسەر خۆیدا دانەخراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە و جیاواز لە کاســـت، چین هەمیشە ڕێگە دەدات کەسەکانی ئازادانە لە چینێکەوە بۆ یەکێکـــی دیکە ببزوێن) . کەواتە کۆمەڵگای چینایەتی تەواو و لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە کۆمەڵگای کاست. بازنە و رووبەری چینەکان بە سنوور و هێڵی زۆر رەق و نەشکێن دەور نەدراون و هەمیشـــە شیاوی ئەوەن کە ببەزێنرێن بە ئاراســـتەی ســـەرووی خۆیاندا یان خـــوارووی خۆیاندا. کەواتە کۆمەڵگای کـــراوە کۆمەڵگای بزاوتی بەردەوامە و کۆمەڵگای داخراویش کۆمەڵگای چەقبەســـتووی بێ بزاوتە.

زانایانی کۆمەڵناســـی بە کۆمەڵـــگای یەکەم دەڵێن: (ســـستمی کۆمەڵایەتـــی کـــراوە Open Social System)، کۆمەڵگایەکە لە دابەشکردنی کار و ڕۆڵ و شـــوێنگە کۆمەڵایەتییەکاندا پشت بە تواناکانی کەس و بەرهەم و شـــارەزاییەکانی دەبەستێ، نەك بە خەسڵەتە کنێتییە عەشایەری و خۆیشـــایەتییە نەریتییەکان. بۆیە هەر کەسێ لە هەر چینێکی خوارەوە بێ، بەپێی شارەزایی و لێهاتوویـــی و کارامەیی خۆی و بە هەوڵ و کۆشـــش دەتوانێ ســـنووری چینی ســـەرەوەی خـــۆی ببەزێنێ و هەڵکشـــێ ئەمەیش لە پرۆســـەیەکدا کە پێی دەوترێ (بزاوتی کۆمەڵایەتی شـــاقووڵی Vertical social mobility).

ئەدی چۆن چۆناهی کۆمەڵگای کوردی، لەیەك کاتدا کۆمەڵگایەکـــی کراوەیە و کۆمەڵگایەکی داخراویشـــە؟ نموونەی سەلمێنەر لەو بارەیەوە چییە؟ ئەمەیان دەهێڵینەوە لە دەرفەتێکی دیکەدا باسی دەکەین.


سەرچاوە:

1- http://books.google.com/ P. Sorokin. Social Mobility, p.133

2- Lawman, Niomi, Illustrated Dictionary Of Sociology, LOTUS PRESS, FP 2004,New Delhi,p166

٣ - الخشاب، مصطفى، المدخل الى علم الإجتماع، دارالقومية للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٦٥، ص٣٩٤

٤ - سعفان ، حسن شحاتة ، اسس علم الإجتماع، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٧، ص ١٨٣-١٨٤

٥ - جيرار بن سوسان، و جورج لابيكا، معجم الماركسية النقدي، ترجمة جماعية، دار محمد علي للنشر و دار الفارابي، ط١، ٢٠٠٣، ص٨٤٥-٨٤٦

6 - John Scott & Gordon Marshall. Oxford, Dictionary of Sociology. PP531,532


٧ - موريس، جنزبرج، علم الإجتماع، ترجمة فؤاد زكريا، القاهرة، بلا تأريخ الطبع، ص١٩١

٨ - تيزيني، طيب، المجتمع المفتوح أهو الرهان؟ http://www.alarabalyawm.net2009

٩ - جيرار بن سوسان، و جورج لابيكا، معجم الماركسية النقدي، ترجمة جماعية، دار محمد علي للنشر و دار الفارابي، ط١، ٢٠٠٣، ص٨٤٧



**بزاوتی کۆمەڵایەتی بەو میکانیزمانەی تێدایەتی بۆ جووڵە نەرمی دەبەخشێ بە سنووری لەیەکتردابڕانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگە دەدات کەسەکان بەپێی توانا و لێهاتوویی و شارەزاییانەوە لە چینێکەوە هەڵکشێن بۆ چینێکی بەرزتر لەوەی خۆیان**

**لە سستەمی کۆمەڵایەتی کراوەدا هەر کەسێ لە هەر چینێکی خوارەوە بێ، بەپێی شارەزایی و لێهاتوویی و کارامەیی خۆی و بە هەوڵ و کۆشش دەتوانێ سنووری چینی سەرەوەی خۆی ببەزێنێ و هەڵکشێ**



# گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ

## کێبڕکێ لەپێناوی دابەزینی نرخ و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان



سیســـتمی دیموکراتی ئەگەر لەسەر ئاستی سیاســـیی بریتی بێت لەهەڵبژاردن و فرەیی سیاســـیی و ئازادی ڕادەبڕین، ئەوا لەســـەر ئاســـتی ئابووری بریتییە لـــە وەرگرتنەوەی ئابووری لە دەوڵەت و سپاردنیەتی بە بازاڕ، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبری ئەوەی دەوڵەت پلانی بۆ ڕێکخســـتنی ئابووری دابڕێژێت، ئەوا بازاڕ لەســـەر بنەمای کێبڕکێ و هەلی یەکســـان لەبەردەم هەمووماندا و پاراستنی خاوەنداریەتی تایبەت لەچوارچێوەی سەروەریی یاسا هاوسەنگیەك ڕادەگرێت و لەچوارچێوەی پرۆسەی پەرەپێداندا گەشەی ئابووری دەست پێدەکات، ئەزموونی ئابووری بازاڕ لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو ئەو گووتەیەی پێچەوانەوە کردۆتەوە کە لەسیستمی بازاڕی ئابووری و بونیادی سەرمایەداری نیشتمانی (هەژارەکان هەژار تر بن و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر بن)، بەپێچەوانەوە چینەکانی خوارەوە بەرز دەبنەوە و چینی ناوەند بەرهـــەم دێت، کەدەبێتە ئەو کۆڵەگەیـــەی کە دیموکراتی لەســـەر بونیاد دەنرێت، هەربۆیە کاتێك گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابـــووری بازاڕ وەك لەهەندێك حاڵەتـــی دەوڵەتانی ئەمریـــکای لاتینی و دەوڵەتانی پۆســـت کۆمونیســـتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و دەوڵەتانی یەکێتی ســـۆڤیەتی پێشان، بەرەو ئەوە دەڕوات کە ئابووری بازاڕ ببێتە هۆکارێك بۆئەوەی (هەژارەکان هەژارتر بن و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر) ئەمە مانای ئەوەیە لەهەنـــگاو هەڵگرتن لەپرۆســـەی گواســـتنەوە لەئابـــووری دەوڵەتـــەوە بۆ ئابووری بازاڕ، کۆمەڵێك کەموکورتی هەن و بەتـــەواوی بازاڕ ئازاد نییە، لەمـــەش زیاتر هەلی یەکســـان لەبەردەمی هەمووواندا فەراهەم نەکراوە، بۆیە زۆر جا ر

**ئەزموونی ئابووری بازاڕ لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو ئەو گووتەیەی پێچەوانەوە کردۆتەوە کە لەسیستمی بازاڕی ئابووری و بونیادی سەرمایەداری نیشتمانی (هەژارەکان هەژار تر بن و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر بن)**

پســـپۆران و تایبەتمەندانی بواری ئابووری بەتایبەتی ئەوانەی بەشـــێوەیەکی مەیدانی کار لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و گواستنەوەی ئابووری لەوڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو دەکەن، ســـەرەتا لەو خاڵەوە پرســـیاری ســـەرەکی دەوروژێنـــن، ئایا مەبەســـت لەبەکارهێنانی (دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو چییە؟) لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تۆژەران لەمەغزای بەکارهێنانی ئەم دەســـتەواژەیە بەو جۆرە تەفسیر دەکەن، کە وشەی تازە پێگەیشـــتوو وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە پەرەپێدانـــی ئابـــووری بوونی نییە، یـــان ئـــەو پرســـیارە دەوروژێنـــن ئایا چـــۆن وڵاتانـــی تـــازە پێگەیشـــتوو پەرەپێبدەین؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارەش بەتایبەتی کـــە دەکەونە ســـەر ئەوەی ڕاشکاوانە کاری پرۆگرامسازی لەســـەر ئەم لایەنە بکەن، هەســـت دەکـــەن ڕووبـــەڕووی کۆمەڵێـــك ئاستەنگ دەبنەوە، ئەو ئاستەنگانەش لەکاتـــی فۆرمەڵەکردنـــی پرۆگرامی پەرەپێدان ڕووبەڕووی دەبنەوە و پێوەنـــدارە




بەشـــێوازی تایبەتمەنـــدی بیرکردنـــەوەی سیاسیی و چۆنیەتی حکومڕانی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، ئەمانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی بازاڕی ئازاد دروســـت بێت، جۆرێك لەمۆنۆپۆڵ لەبازاڕدا دروســـت دەبێت، هەلی کار و هەڵسوڕانی سەرمایە بۆ کۆمەڵێك کەس قۆرخ دەکرێت، ئەم قۆرخکردنە کە هەلی یەکسان لەبەردەم هەمووواندا بچووك دەکاتەوە، جۆرێك لەیاریکردن بە پرانســـیپی ئابووری (خواســـت و خســـتنەڕوو- عرض و طلـــب)، دروســـت دەکات، بەواتایەکی دیکە بەردەوام کەمتر لەداواکاری خەڵك دەخەنەڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەردەوام نرخ لەهەڵاوسان و ڕێژەی هەژاری لەبەرزبوونەوەدا بێت، بۆیە لـــەم چوارچێوەیەدا لەبری ئەوەی کێبڕکێـــی بازاڕ ببێتە هۆکارێك بۆ دابەزینی نرخ، هەســـت دەکەیـــن قۆرخکـــردن دەبێتە هۆکارێك بـــۆ بەرزبوونەوەی نرخ و بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان. ئەگەر نموونەیەکی زیندووی هەرێمی کوردســـتانیش لەسەر ئەم دیارەدەیـــە وەربگریـــن، هەســـت دەکەین ئەم دیاردەیە لەکوردســـتان لەچەندین بۆنەی وەك هاتنی مانگی ڕەمەزان و جەژنە نەتەوەیی و ئایینیەکاندا دروســـت دەبێت و لەپڕ بەجۆرێك نـــرخ لەبازاڕدا بەرز دەبێتـــەوە کە هاووڵاتی ئاســـایی هێندە بار قورس دەکات، خۆشـــیی بۆنەکانی لەبیر دەباتـــەوە، بۆیە گرنگە لەم لایەنەوە بازاڕەکانی کوردســـتانیش بەجۆرێك ڕێکبخرێنەوە کـــە بنەماکانی ئابووری بازاڕ بەتەواوی تێدا ڕەچـــاو بکرێت و هەوڵبدرێت کێبڕکێی بازاڕ لەکوردســـتاندا هۆکارێك بێت بۆ دابەزاندنی نرخ، نـــەك هۆکارێك بێت بۆ هەڵاوسانی نرخی کەلوپەلەکان.

## تێگەیشتن لەچەمکی پەرەپێدان زەمینەیەك بۆ سەرکەوتنی ئابووری بازاڕ

پەرەپێدان لەگەڵ ئەوەی تەنیا لەسیســـتمی دیموکراتی پیادە ناکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕبوون بەســـەروەریی یاســـا و پاراستنی موڵکداریەتـــی تایبـــەت و پیادەکردنـــی شـــەفافیەت و پێدانی زانیاری ڕاســـت بۆ وەرگرتنی سیاســـەتی ئابووری و بەشداری هاووڵاتیان بۆ سەرخســـتنی ئەو سیاسەتە، دەبنە فاکتەری ســـەرەکی سەرکەوتنی پرۆســـەی پەرەپێـــدان، ئەوا ســـەرکەوتنی پەرەپێـــدان خۆی دەبێتە ژێرخانێکی لیبرالی و بونیادی

**پێویستە بازاڕەکانی کوردستان بەجۆرێك ڕێکبخرێنەوە کە بنەماکانی ئابووری بازاڕی بەتەواوی تێیدا ڕەچاو بکرێت و هەوڵبدرێت کێبڕکێی بازاڕ لەکوردستاندا هۆکارێك بێت بۆ دابەزاندنی نرخ نەك هۆکارێك بێت بۆ هەڵاوسانی نرخی کەلوپەلەکان**

دیموکراتی دەکاتە پێویستی کۆمەڵگە، ئەمە دروست وەك ئەزموونی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەتی سینگافورا و تایوان و کۆریای باشور و ژاپۆن، هەروەها وەك نموونەی کۆستاریکا و چیلی لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینی و پستوانا لەئەفریقیا، ئەم نموونانە ئاماژەن بۆئەوەی کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان تایبەت نییە تەنیا بەوڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵکو تایبەتمەندە بەو هەلومەرجەی کە لەناو وڵاتدا بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان فەراهەم دەکرێت، هەر ئەمەش وایکردووە پرۆسەی پەرەپێدان لەتایوان سەرکەوتوو بێت، بەڵام لەکۆماری چینی میللی شکستی هێنابێت، لەکۆریای باشوور سەرکەوتوو بووبێت و لەکۆریای باکوور شکستی هێنابێت، ئەمەش پێمان دەڵێت تەنانەت سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان پێوەندی کەلتور و مێژوو و ئایین و زمانی هاوبەشیشەوە نییە، بۆیە ئەمە فەرزی دەکات کە پێویستە لەچەمکی پرۆسەی پەرەپێدان تێبگەین و ئەو فاکتەرانە لەبەرچاو بگرین کە دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان دەست پێبکات و هەروەها ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە پێویستە پەرەپێدان لەماوەی ١٠-١٥ ساڵدا کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە دیاری بکات و کۆمەڵگەی لەقۆناخێکەوە بردبێتە قۆناخێکی دیکەوە، بۆیە لەم ڕاستەوە پرۆفیسۆر ئادەم سزیرمای ئوستادی ئابووری لەزانکۆی کامبریج لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و چەمکی پەرەپێدان - Developing countries and the concept of development)، ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکات بۆ تێگەیشتن لەگرنگی پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، لەم چوارچێوەیەدا و لەتوێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات: (ئاستی نزمی ستاندەری ژیان بۆ هاووڵاتیانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یەکەمین ئاماژەیە بۆ پێویستی دەستپێکردنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئامانجی ئەم پرۆسەیەش دەبێت بریتی بێت لە:

١. پەرەپێدانی داهاتی تاکەکەس لەماوەیەکی دیارکراودا، واتە دەبێت لەماوەی دەیەیەك یان دوو دەیەدا ئەم پەرەپێدانە ئاکامەکانی دەربکەوێت و ئەم ئاکامەش هەم کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ئابووری دەردەکەوێت هەم لەسەر هەڵاوسانی ئابووری.

٢. لەپرۆسەی پەرەپێداندا کارلێکی نێوان فاکتەرە ئابوورییەکان و فاکتەرەکانی دیکە(نا ئابوورییەکان) گرنگن، لەبەر ئەوەی کارلێکی نێوان فاکتەرە جیاوازەکان بایەخێکی گرنگی دەبێت بۆ تێگەیشتنمان لەدینامکیەتی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت پەرەپێدان تەنیا بریتی نییە لەفاکتەرە ئابوورییەکان، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییانەی پەرەپێدان دروستی لایەنی فراوانتر لەبوارە ئابوورییەکە دەگرێتەوە.

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر سزیرمای دەستنیشانی کردووە، پەرەپێدان لەسەر دوو ئاست لێك جیادەکاتەوە، کە یەکەمیان ئاستی کورت مەودایە و پێویستە لەم قۆناخەدا هەوڵەکان بۆ ئەوەبن ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرز بکرێتەوە و شەڕی نەهێشتنی هەژاری بکرێت، هەوڵبدرێت ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێت کە دەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی هەژاری و نائومێدی لەناو هاووڵاتیان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، بەمانایەکی دیکە پێویستە لەسەر بنەمای خواستی خەڵك و پێداویستییەکانی خەڵك پرۆسەی پەرەپێدان بکرێتە پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، هەتا ئەگەر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەرگای وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنانی بیانی واڵا بکرێت و پەنا بۆ کۆمپانیای خاوەن ئەزموونی

**پێویستە پەرەپێدان لەماوەی ١٠-١٥ ساڵدا کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە دیاری بکات و کۆمەڵگەی لەقۆناخێکەوە بردبێتە قۆناخێکی دیکەوە**

**بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، دەبێت بازاڕی ئازاد بەو ئاستە ئازاد بێت کە کێبڕکێی بازاڕ ببێتە هۆکارێك بۆ دابەزاندنی نرخ نەك ببێتە هۆکارێك بۆ هەڵکشانی نرخ**

سەرکەوتوو ببرێت بۆئەوەی هەمان ئەزموون لەوڵاتێکی تازە پێگەیشتوو دووبارە بکاتەوە، ئەوا دەبێت بزانێت ئەو کۆمپانیایەی بۆ نموونە ئەزموونی باش و سەرکەوتووی لەنیویۆرك یان لەندەن یان پاریس هەیە، دەبێت لەکاتی ئیشکردنی لەوڵاتێکی وەك ئێمە هەوڵبدات ئەزموونی باش و سەرکەوتوویی خۆی لەناو تایبەتمەندیەکانی وڵاتی ئێمە دووبارە بکاتەوە نەك هەمان ئەزموونی باش و سەرکەوتوویی نیویۆرك و پاریس و لەندەن لەکوردستان دووبارە کۆپیێ بکەنەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر هنری مینتزبیرگ ئوستادی کارگێڕی لەزانکۆ ماکگیلی کەندەی و لەتوێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (سەرکردە تازە پێگەیشتووەکان؟ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو؟) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە کاتێك پرۆسەی پەرەپێدان بۆ وڵاتێکی وەك گانا لەئەفریقیا فۆرمەلە دەکەین، خۆمان لەو ئاستەنگانە نەدزینەوە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، سروشتی ئەو دەوڵەتانە و شێوازی کارکردنی سەرکردەکانی وڵاتێکی وەك گانا جیاوازە لەکارکردنی ئەو سەرکردانەی پێویستە سەرپەرشتی پرۆسەی پەرەپێدان بکەن و بڕوایان بەکاری دەستەجەمعی و دروستکردنی گرووپ و پێکەوە کارکردن هەیە، پرۆفیسۆر هنری کە چەند ساڵێك ڕاوێژکاری کوفی ئەنان بووە و کوفی ئەنانیش یەکێك بووە لەسەرکردەکانی وڵاتی گانا کە دووجار بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژێردراوەتەوە و جێگەی سەرسامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە، بەڵام بەتێڕوانینی پرۆفیسۆر هینری ئەنان بەمجۆرە سەرۆکایەتی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە و نووسیوویەتی (من وەك یەکێك لەڕاوێژکارەکانی کوفی ئەنان بەمجۆرە شێوازی سەرکردایەتی ئەنانم بەڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاندووە، کوفی ئەنان بەشێوازی گوندێکی ئەفریقی کۆن

نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێوە دەبات، شـێوازی ئەو بریتییە لە وتووێژی دوور و درێژ لەنێوان سـەرکردەکان، وەسـتانی ماوەیەك بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو وتووێژە دەربکەوێت، ئەوجا بیر لـەوە دەکاتەوە بڕیار بدات)، مەبەسـتی پرۆفیسۆر هینری لەشـێوازی بەڕێوەبردنی ئەنان بۆ نەتـەوە یەکگرتووەکان، شـێوازی سـەرکردەیە لەوڵاتانی تازە پێگەیشـتوودا، کە کوفـی ئەنان کەمتر لەنـاو گانا ژیاوە، بۆیە لێرەوە کە باسـی پرۆسـەی پەرەپێدان لەوڵاتانـی تازە پێگەیشـتوو دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، کاتێك باس لەپرۆسەی پەرەپێدان لەوڵاتانـی تازە پێگەیشـتوو دەکەین، دەبێت ئـەو ڕاسـتیەمان لەبەر چاو بێـت کە ئێمە بەڕێگـەی سـەرکردەکانی ئـەو وڵاتە ئەو پرۆسەیە سەردەخەین، بۆیە گرنگە هەوڵبدەین بیرکردنەوەی سـەرکردەکان پەرەپێبدەین، بۆیە لەم ڕاستەوە ئەو پرسیارە دەوروژێت، ئایا چۆن

ئەو بزنسمان و کۆمپانیا بیانیانە لەوە تێدەگەن لەسەر ئاسـتی لۆکاڵ خەڵك چیان دەوێت؟ بێگومان ڕاستە ئەو بزنسـمان و کۆمپانیانە لەوڵاتەکـەی خۆیان بۆ نموونـە لەئەمریکا کۆمەڵێك ئەزموونی باش و سـەرکەوتوویان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانن هەمان ئەزموونی باش و سەرکەوتوو لەوڵاتێکی وەك گانا بەدەست بهێننەوە، لەم لایەنەوە پرۆفیسۆر هنری بێ ئومێدی خۆی پێشاندەدات و پێیوایە بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی نووسینگەکەی لەنیویۆرکە، هەمان داوا لەلقی ئەو کۆمپانیایە دەکات کە لەگانا کاردەکات و داوای لێدەکات بەهەمان شێوازی نیویۆرك کاربکات، ئەمەش زۆرجار بۆتە هۆکاری ئەوەی هەمان ئەزموونی باش و سەرکەوتوو لەو وڵاتانە دووبارە نەبنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا نەك تەنیا بزنسـمان و کۆمپانیـاکان، بەڵکو تـەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکان NGOs، ئاژانسە

## پرۆفیسۆر ئادەم سزیرمای:



**لەپرۆسـەی پەرەپێدانـدا کارلێکـی نێوان فاکتـەرە ئابوورییـەکان و فاکتەرەکانـی دیکە(نا ئابوورییەکان) گرنگن، لەبەر ئەوەی کارلێکی نێوان فاکتەرە جیاوازەکان بایەخێکی گرنگی دەبێت بۆ تێگەیشتنمان لەدینامکیەتی پەرەپێدانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت پەرەپێدان تەنیا بریتی نییە لەفاکتەر ئابوورییەکان، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییانەی پەرەپێدان دروستی دەکات لایەنی فراوانتر لەبوارە ئابوورییەکە دەگرێتەوە.**

پەرە بەبیرکردنەوەی سـەرکردەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بدەین کە ئەوانیش لەپرۆسەی پەرەپێداندا ئەزموونیـان کەمە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگـەڵ وەبەرهێنانـی بیانـی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان، لەم لایەنەوە، پرۆفیسـۆر هنـری ئاماژە بەو پرسیارە دەکات کە لەگانا ڕووبەڕووی کراوەتەوە بەوەی، ئایا ئەو ڕای چیە لەڕۆڵی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشـتوودا؟ پرۆفیسۆر هنری دەڵێت من بەو جۆرە وەڵامم دانەوە کە سەرچاوەی ئەم پرسیارە پرسیارێکی دیکەیە، پرسیارەکەش ئەوەیە، بۆچی زۆربەی هەلی کارکردنی خۆماڵی لەلایەن بزنسـمان و کۆمپانیـا بیانیاکانەوە کۆنترۆڵکراون؟ ئایا

نێودەوڵەتیەکانی پەرەپێدان و سندوقی نەختی نێودەوڵەتـی بەهەمان شـێواز بیردەکەنەوە و تایبەتمەندییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشـتوو لەبـەر چاو ناگـرن، لێرەوە ئەگەر سـەیری پرۆسـەی پەرەپێدان لەهەرێمی کوردسـتان بکەین، ڕاستە هەست دەکرێت لەماوەی کەمتر لەدەیەیەك واتە (٦-٧ سـاڵ) بەرزبوونەوەیەك لەداهاتی تاکەکەس و کەمکردنەوەی هەژاری ڕوویداوە، بەڵام لەبەرامبەردا هەست بەجۆرێك نارازیبوونیش دەکرێـت، ئەم نارازیبوونە نەك بەو مانایەی ڕەخنەگرتـن، بەڵکو بەمانای بێـزاری و نائومێدبـوون لـەوەی کە تاکی کوردستان ناتوانێت هەموو خەونەکانی خۆی بۆ ژیانی خۆشگوزەران بەدی بهێنت، ڕاستە پرۆسەی پەرەپێدان بەردەوامە و ڕۆژ لەدوای

ڕۆژ پرۆژەی گەورە و گرنگ ئەنجامدەدرێت، بـەڵام لەبەرامبـەردا ئەو پـرۆژە گەورانە نەیانتوانیووە ڕاسـتەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی تاك هەبێت و ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیانە دروسـت بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەسـت دەکرێـت پـرۆژەکان و ئاپارتمانەکان، هەمان شێواز و سـیمای ئەو پرۆژە و ئەپارتمانانەن کە لەوڵاتانی پێشکەوتوو دروستکراون، بەڵام تارادەیەکی گرنگ وەڵامی ئەوە نەدراوەتە کە خەڵکی ناوخۆی وڵات چیان دەوێت، بێگومان ئێسـتا ئەو هەوڵانە دەبینرێـت کە کابینەی حەوتەم ئەولەویەتی بۆ ئەوە داناوە لەخواستی خەڵك تێبگات، بەڵام ئەم تێگەیشـتنە تەنیا لەپێوەندی نێـوان حکومەت و خەڵك بەتەنیا، بەو ئاستە کاریگەری نابێت کە ژیانی خەڵك بگۆڕێت، بەڵکو پێویسـتە ئەم تێگەیشـتنە لەسـەر ئاسـتی خەڵك و حکومڕانی وڵات بێت، کە بێجگە لەکەرتی گشـتی بەمانای حکومەت، کەرتـی تایبەتیش دەگرێتەوە کە زۆر لایەنی ژیان دەگرێتەوە و گرنگترینیشیان ئابووری بازاڕ و ڕەخساندنی هەلی گونجاوە لەبەردەم هەمووساندا لەچوارچێوەی سەروەریی یاسـادا، هەروەها کردنەوەی دەرگایەکیشـە لەبەردەم سـەرمایەدار و بزنسمان و کۆمپانیا خۆماڵیەکانیشدا، بۆئەوەی بەشدارییەکی کاراتر بکەن و لەسـەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردسـتان هەنگاوی باشـتر هەڵبگـرن، ئەم لایەنە کـە ڕەهەندی کورت مـەودای پرۆسـەی پەرەپێـدان دەگرێتەوە، بنەمایەکی پتەو بۆ تێگەیشـتن لەڕەهەندی دوور مەودای پرۆسـەی پەرەپێدان فەراهەم دەکات، هەر لەسـەر ئەو بنەمایەش پرۆسەی بـەراوردکاری لەنێوان شـێوازە جیاوازەکانی پرۆسـەکانی پەرەپێدان لەشوێنە جیاوازەکانی جیهـان دەکرێت، بۆیە وەك پرۆفیسـۆر ئادەم سزیرمایی لەدرێژەی تویژینەوەکەی ئاماژەی پێکردووە و نووسـیوویەتی: (هەڵسەنگاندنی پرۆسـەی پەرەپێدان لەسەر ئاستی ڕەهەندی دوورمەودا ئاسـانترە لەهەڵسەنگاندن لەسەر ئاستی ڕەهەندی کورت مەودا، ئەمەش لەبەر ئەوەی خەڵك دەتوانێت هەوڵبدات ئەو هۆکارانە بزانێـت، بۆچی لەسـەر ئاسـتی ڕەهەندی دوورمـەودا ئـەو جیاوازیانـە لەپرۆسـەی پەرەپێدان لەنێوان شێوازە جیاوازەکانی پەرەپێدان لەناوچە جیاجیاکانی جیهـان ڕوویانداوە یان بوونیان هەیە؟ ئەمەش واتە هەڵسـەنگاندنی هۆکارەکانـی کەڵەکەبوونی بەرهەم، ئەو توانا و لێهاتوویەی پێویسـت بووە بـۆ وەبەرهێنان

بەکاربێــن، کاریگــەری پێشــکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا، کاریگــەری فاکتەری دەرەکی (وەبەرهێنانی بیانی) لەسەر پرۆسەکە، شێوازی پەرەپێدانی ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵایەتی، هەربۆیــە ناکرێت لەم هەڵســەنگاندنە تەنیا جەخت بکرێتەوە ســەر یەك لایــەن یان یەك فاکتەر، لەبەر ئەوەی جەختکردنەوە لەســەر یەك فاکتەر دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەوانەی سەرپەرشــتی پرۆســەی پەرەپێــدان دەکەن لەپرۆســەکە نائومێد بن، ئەم بەراوردکارییەش بۆ ئەوە نییە هەوڵبدەین شێوازە سەرکەوتووەکان کۆپــیَ بکەینەوە، بەڵکو بۆئەوەیە بەچاوێکی ورد ســەیری ڕووی جیــاواز و لەیەکچووی پرۆســەکانی پەرەپێدان بکەیــن و هەوڵبدەین کەموکورتیــەکان بەپێــی تایبەتمەندی هەر وڵاتێك دەسنیشان بکەینەوە).

**نرخ، هێزی شاراوە لەسیستمی ئابووریدا**

ئابــووری دامەزراوەیی هاوچــەرخ لەخاڵی هاوبەشــی کردنەوە دەســت پێــدەکات، ئەم سیستمە وەك سەرچاوەی ڕووبارێکی گەورەیە، کە سەرچاوەکەی چەمێکە و هێزی خۆی لەو سەرچاوە ئاوییانە وەردەگرێت کە تێی دەڕژێت، واتە ئابووری زانســتی دیراسەتی ڕەفتاری مرۆڤەکانــە و پێوەندییەکە لەنێوان ئامانج ئەو کەلوپەلانەی مرۆڤ پێویســتی پێیەتی یان پەنا بــۆ ئەلتەرناتیڤەکــەی دەبات، ئەمەش دیســان دەمانباتەوە بۆئــەوەی کە نرخ هێزی شاراوەیە بۆ سیستمی ئابووری بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەلوپەلەی پێویستیەتی یان هەوڵدەدات بەهەرزانتر هەمان کەلوپەلی دەســت بکەوێت، بۆیە لەم ڕاستەوە تیــۆری ئابووری ئامێری ئەقڵ و شــێوازی بیرکردنەوەیــە و دەبێتــە یارمەتیــدەر بۆ ئەو کەســانەی بڕوایان پێیەتــی بۆئەوەی بگەنە ئاکامێکی ڕاســت یان بونیادی سیستمیکی ئابووری کە لەگەڵ پێداویســتیەکانی خەڵك بگونجێت.

لێرەوە ئەگەر سەیری ئابووری بازاڕی کوردستان بکەین، هەست دەکەین لەڕێکخستنی پێوەندی خەڵــك و پێداویســتیەکانی، نــرخ ئەو هێزە شارەوەیە کە پێوەندی خەڵك و پێداویستیەکانی تووشــی جۆریك لەئاڵۆزی یــان نائومێدی کردووە، هەربۆیە تێگەیشتن لەپێداویستیەکانی خەڵك و هەوڵدان بۆ دابینکردنی هەتا ئەگەر بەشــێوەی ئەلتەرناتیڤیش بێــت، ئەوا خەڵك جۆرە ئومێدێکی بــۆ دەگەڕێتەوە، لێرەوە کە باسی پێداویســتیەکانی خەڵك دەکەین، تەنیا مەبەســتمان لەدابینکردنــی خۆراك و جل و بەرگ و هەندێــك پێداویســتی کەمالیات نییە، بەڵکو پێداویســتی خەڵك، پێداویستیە ســەرەکیەکانە، کــە نــرخ هــەم دەتوانێت پێوەندیەکی تەندروســت بۆ دەسکەوتنی ئەو پێداویستیانەی بۆ دروســت بکات، هەم نرخ دەتوانێت ئەو پێوەندییە تێك بدات یان جۆرێك لەناهاوسەنگی لەنێوان پێداویستیە سەرەکیەکان و خواســتی خەڵك دروســت بکات، بۆیە لەم لایەنەوە پێویستە تیۆری ئابووری بۆ بونیادی سیستمی ئابووری لەکوردستان، ببێتە ئامێری ئەقــڵ و شــێوازی بیرکردنەوەمان، بۆئەوەی بتوانرێت دیراســەتی پێداویستیەکانی خەڵك بکرێت و هەوڵبدرێت ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ پێداویستیەکان دابین بکرێت، بۆئەوەی خەڵك بتوانێت پێداویستیە سەرەکیەکانی خۆی دابین بکات، ئەمەش ئــەو ڕێگایەیە کە دەتوانرێت نرخ بکرێتە هێزێکی شــاراوە بۆ ڕێکخستنی ئەو پێوەندییە، لێرەدا ئەگەر پێداویســتیەکانی خەڵك لەبواری تەندروســتی ســەیر بکەین، هەست دەکەین چەندین جۆر شێوازی چارەسەر و چاودێــری تەندروســتی لەهەرێمدا بوونی هەیە، ئەم لایەنە لەبەر ئەوەی نەخۆشــخانە گشتیەکانیش پێداویستی چاودێری تەندروستی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دابین دەکات، ئەوا ناکرێت ئەو نەخۆشــخانە گشــتیانەی ڕاســتەوخۆ لەلایەن وەزارەتی تەندروســتیەوە سەرپەرشــتی دەکرێن، ئاســتی دابینکردنی پێداویســتیەکان و چاودێری تەندروستیەکەی لەکوالیتــی چاودێــری تەندروســتی بازاڕ خراپتــر بێت، ئەگەر ئەم هاوســەنگیە هاتە ئاراوە ئــەوا خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتیش لەتەندروســتی خۆی دڵنیا دەبێت، ئەمە بۆ قوتابخانە و خوێندنی زانکۆکانیش ڕاســتە، وەك هەمووومان دەبینن ئێستا دوو جۆر خوێندن لەکوردســتان هەیە، کە یەکەمیان خوێندنی کەرتی گشــتیە کە حکومــەت بەخۆڕایی بــۆ هاووڵاتیانی دابیــن دەکات، دووەمیان خوێندنی کەرتی تایبەتە کــە خەڵك بەپارە دەخوێنێت، لەم حاڵەتەشــدا ئەگەر خوێندنی کەرتی تایبەت هۆکارێك نەبێت بۆ بارسووکی خوێندنی کەرتی گشتی و ئاستی کوالیتی خوێندنی کەرتی گشــتی هاوتای خوێندنی کەرتی تایبــەت نەبێت، ئەوا خەڵکی هەژار و کەمدەرامــەت باجەکەی دەدات، لایەنێکی دیکە کە دیسان ئەویش بۆ ژیانی ئەمڕۆی هاووڵاتیان مەســەلەیەکی گرنگە، ئەویش مەســەلەی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێیە، ئەوجا چ بەدروســتکردنی خانوو یان یەکەی نیشــتەجیَ بێت بەنرخێك کە لەگەڵ داهاتی خەڵکی چینەکانی خــوارەوە بگونجێت، یان بەدابینکردنی یەکەی نیشتەجیَ بەکرێیەکی گونجاو ئەویش بەو شێوەیەی لەگەڵ داهاتی تاکەکەس بگونجێت، بۆیە لەم لایەنەوە دەبێت حکومەت بەجۆرێك دەســتێوەردان لەم جۆرە مەسەلانە بکات، کە پێداویستیە سەرەکیەکان نەکەونە ژێر ڕەحمەتی هەڵکشــانی نرخێکی ئەوتۆی بازاڕ کــە هاووڵاتی نەتوانێت لێی نزیــك بێتــەوە، هەروەها پێداویســتیەکانی ڕۆژانەی خەڵکیش لایەنێکی دیکەی گرنگە کە پێوەندی بەژیانی هــەر تاکێکەوە هەیە، بۆیە لەم لایەنەدا و بەتایبەتی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانە، دەبێت بازاڕی ئازاد بەو ئاســتە ئازاد بێت کــە کێبڕکێی بازاڕ بێتە هۆکارێك بۆ دابەزاندنی نرخ نەك ببێتە هۆکارێك بۆ هەڵکشانی نرخ.



**پرۆفیسۆر هنری مینتزبیرگ:**

**مــن وەک یەکێــک لەڕاوێژکارەکانی کوفی ئەنان بەمجۆرە شــێوازی ســەرکردایەتی ئەنانم بەڕۆژنامەنووســان ڕاگەیاندووە، کوفی ئەنان بەشــێوازی گوندێکی ئەفریقی کۆن نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێوە دەبات، شــێوازی ئەو بریتییە لــە وتووێژی دوور و درێــژ لەنێوان ســەرکردەکان، وەســتانی ماوەیــەک بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو وتووێژە دەربکەوێت، ئەوجا بیر لەوە دەکاتەوە بڕیار بدات.**



## جۆن مارانگۆز بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی ئابووری بازاڕ پێویستی بەحکومەتێکی بەهێزە بۆ ئەوەی لایەنە سلبییەکانی بازاڕی ئازاد کۆنترۆڵ بکات

**پرۆفیسۆر جۆن مارانگۆز ئوستادی زانستی ئابوورییە لەزانکۆی کریت لە یۆنان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەپرۆسەی گواستنەوەی ئابووری لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ لەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیا و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری گواستنەوەی ئابووری لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە و هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر جۆن مارانگۆز کردەوە، ئەویش بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** لەپرۆسەی گواستنەوەی ئابووری دەوڵەت بۆ ئابووری بازاڕ، زۆرجار خەڵک چاوەڕێی گۆڕانکاری خێرا دەکات و چاوەڕێی ئەوەیە لەماوەیەکی کورتدا ئەم گواستنەوەیە زۆر شت بگۆڕێت، ئایا تۆ کە تایبەتمەندی لەمبوارە چۆن ئەم گواستنەوەیە تەفسیر دەکەیت؟**

- لەتوێژینەوەیەکمدا کە لەگۆڤاری «review social economy» بڵاوکراوەتەوە، ئەوەم خستۆتەڕوو کە چارەسەری شۆک ئاسا لەگەڵ دیموکراسیدا یەکناگرێتەوە، چارەسەری شۆک ئاسا، کە هەموو پرۆسەکان لەیەک هەنگاودا کۆدەکاتەوە لەگەڵ دیموکراسیدا تەبا نییە. هەروەها ئەوەم خستۆتەڕوو کە ئەنجامی ڕێگەچارەکان لەم گواستنەوە ئابوورییەدا کە چارەسەری شۆک ئاسا پیادە دەکات دەبێتەهۆی دەنگدان بەحکومەتێك کە تەفزیلی کارکردنی هەنگاو بەهەنگاو دەکات. کەواتە گرتنەبەری ستراتیژیەتی هەنگاو بەهەنگاو پتر کاریگەرترە لەستراتیژیەکی شۆك ئاسا. ئێمە لەیۆناندا ئەم ئەزموونەمان تاقیکردەوە، کە لەماوەی دوو ساڵی ئەم دواییەدا یۆنان ستراتیژیەکی شۆك ئاسای پیادە دەکرد، بەڵام دەرئەنجامەکە بۆوە هۆی ئەوەی حکومەتەکە دەسەڵات لەدەست بدات بۆ بەرژەوەندی حکومەتێکی دیکە کە تەفزیلی کارکردنی هەنگاو بەهەنگاوی دەکرد.

*** بێگومان گواستنەوە لەشێوازی سیستمێکی ئابوورییەوە کە ئابووری دەوڵەتە بۆ سیستمێکی ئابووری کە ئابووری بازاڕە، کۆمەڵێك جیاوازی و شتی تازە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە، ئایا تاچەند خەڵك هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ئەم پێشهاتە تازانە خۆی دەگونجێنێت؟**

- پرۆسەی گواستنەوەی بازاڕ دەبێت پلەبەندی بێت، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، هەروەها دەبێت ململانێش بەشێوەی هەنگاو بەهەنگاو بهێنرێتەئاراوە، بێگومان سیستمی سیاسی شمولیەت لەگەڵ پرۆسەی بازاڕدا یەکناگرێتەوە. چونکە ئەمە کێشە دەخولقێنێت، ئێمە دەتوانین ئەو کێشانە لەچیندا ببینین، کە دابەشبوونێکی نایەکسانی داهات هەیە، هەروەها قازانجی پرۆسەی بازاڕ دەڕژێتە بەرژەوەندی کەسانێکی کەمەوە.

*** زۆر لەپرۆسەی ئابووری بازاڕدا کە پشت بەئازادی بازاڕ و کێبڕکێ دەبەستێت هەست دەکەین جۆرێك لەمۆنۆپۆلی بازاڕ و گەندەڵی دروست دەبێت، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە لەبازاڕی ئازاددا مۆنۆپۆلی بازاڕ و گەندەڵی دروست دەبێت؟**

- گەندەڵی دیاردەیەکە لەڕابردووەوە ماوەتەوە، واتە حاڵەتێکی تازە نییە، جیاوازیەکە ئەوەیە لەپرۆسەی بازاڕ و لەڕێی دیموکراسیەوە، دەتوانرێت پەردەی

لەسەر لابدرێت و ئاشکرا بکرێت، ئەویش لەڕێی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە. زۆر گرنگە لەڕێی دیموکراسی زیاترەوە بەگژ گەندەڵیدا بچیتەوە. ئەمە یەك، دووەم، قۆرخکاری خەسڵەتی ئەو ئابووریانە بوو کە ئیدارەیەکی مەرکەزیان هەبوو، هەروەها گرنگە ئەوە بزانین کە باشترین دەرمانی قۆرخکاری ململانێیە، کەواتە پێویستە حکومەت سیاسەتێك پیادە بکات ببێتەهۆی هاندانی ململانێکردن لەگەڵ قۆرخکاراندا. بەدڵنیاییەوە نابێت ئەو کەرتانەی پێشتر لەژێر قۆرخکاری دەوڵەتدا بوونە، بخرێنە ژێر قۆرخکاری کەرتی تایبەت، چونکە ئەمە کێشە دەخولقێنێت، شتێکی بنەڕەتیە کە هەندێ لەو کەرتانەی لەژێر قۆرخکاری دەوڵەتدا بوونە، وەك خۆیان بمێننەوە و باقیەکەی دیکە کراوە بن بۆ ململانێ.

***ئەوەی لەگواستنەوەی ئابووری بازاڕ چاوەڕێ دەکرێت کەمکردنەوەی هەژاری و دروستبوونی چینی ناوەندە، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند تۆ لەگەڵ ئەوەی ئابووری بازاڕ دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و دروستکردنی چینی ناوەند؟**

- باشترین پرۆسەی هاوکاری کردن لەبازاڕدا بەرجەستە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، بازاڕ لەهەموو ڕووەکانی ئابوورییەوە قازانج بەخش نابێت. لەکاتێکدا ئێمە پەرەمان بەمیتۆدێکی باشتر نەداوە، بۆ نموونە ئەزموونی ئیدارەی مەرکەزی شکستی هێناوە، ئەوا پێویستیمان بەوەیە بازاڕ زۆربەی بڕیارە ئابوورییەکان بدات. هەرچۆنێك بێت. بازاڕیش پێویستی بەحکومەتێکی بەهێز و بەدەوڵەتێکی بەهێز هەیە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی بنیاتنرابێت، ئەویش بۆ ڕیشەکێشکردن و نەهێشتنی هەموو ئەو دیاردە خراپانەی هاوشان بەپرۆسەی بازاڕ سەرهەڵدەدەن. ئابوورییە بەهێزەکان، وەك ئەمریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا، ئەوروپا، هەموو ئەمانە حکومەتێکی بەهێزیان هەیە کە دەستێوەردان لەپرۆسەی بازاڕدا دەکات. کەواتە پەرەپێدانی بازاڕ پێویستی بەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت نییە، بەڵکو بەزیادکردنی ئەو دەسەڵاتەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لایەنە خراپەکانی ئابووری بازاڕ کۆنترۆڵ بکات.

**گرتنەبەری ستراتیژیەتی هەنگاو بەهەنگاو پتر کاریگەرترە لەستراتیژیەکی شۆك ئاسا. چونکە چارەسەری شۆك ئاسا. کە هەموو پرۆسەکان لەیەك هەنگاودا کۆدەکاتەوە لەگەڵ دیموکراسیدا تەبا نییە**

*** وەبەرهێنان یەکێکە لەهۆکارەکانی پەرەپێدانی ئابووری، زۆر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو پشت بەوەبەرهێنانی بیانی دەبەستن بۆ پەرەپێدان، ئایا تاچەند وەبەرهێنان دەبێتە فاکتەرێك بۆ بونیادنانەوە؟**

- وەبەرهێنانی دەرەکی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی سەرمایە و تەکنۆلۆژیای نوێ دەهێنێت کە کۆمەڵگە خۆی ناتوانێت پەرەیان پێبدات. کەواتە ئێمە پێویستمان بەوەبەرهێنانی دەرەکیە بۆ ئەوەی ئەو تەکنۆلۆجیایەمان بۆ بهێنێت و ئابووری وڵاتەکە پتر کارا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو وەبەرهێنە دەرەکیانە قۆرخکار بن، لەبەر ئەوەی دەتوانن ئیستغلالی ئابووری مەحەلی بکەن و زۆرترین قازانج بکەن و وڵاتەکە جێبهێڵن. لەبەر ئەوە دەبێت ستراتیژیەك، یان پلانێکی ئابووری هەبێت بۆ پێکەوەگرێدانی وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆیی کە ئامانجە کاربۆکراوەکە بریتی بێت لەپەرەپێدانی ئابووری، چونکە هەموو کاریگەریەکانی وەبەرهێنانی دەرەکی ئیجابی نابێت، بەڵکو دەبێت پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی تەواوکەری وەبەرهێنانی دەرەکی بێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت خزمەت بەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بکرێت.

**پرۆسەی گواستنەوەی بازاڕ دەبێت پلەبەندی بێت. بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن**

*** ئەی سەبارەت بەقەرزی بانکی نێودەوڵەتی و هاوکارییەکانی دەوڵەتانی بەخشەر ئایا تاچەند قەرز و هاوکاریی نێودەوڵەتی هۆکارێکە بۆ بونیادنانەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو؟**

- ئەمە مایەی کێشەیە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و وڵاتە گەشەکردووە گەورەکان پارە بەخۆڕایی نابەخشن، بەڵکو مەرجیان هەیە لەبەرامبەر ئەو کۆمەکەدا، ئەویش بەرنامەی پەرەپێدانی ئابوورییە کە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد بنیاتنرابێت، ئێمە لەیۆنان ڕووبەڕووی ئەمە بووینەتەوە، ئەمەش مایەی کێشەیە......

بۆ نموونە کاتێك دوا ڕێگاچارە دەبێتە پەنابردن بۆ ئەو دامەزراوانەی کە کۆمەك بەوڵاتان دەکەن کە لەگێروگرفتدان، وەك بانقی جیهانی کە هاوکاری دەکات بۆ پەرەپێدانی ئابووری وڵاتانی تازەگەشەکردوو، بەڵام بانکی جیهانی وڵاتە گەشەکردووەکان ئیبتیزازی وڵاتانی دیکە دەکەن کە پێویستیان بەیارمەتیە بۆ ئەوەی بازاڕی ئازاد تەبەنی بکەن و ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئابووری وڵاتەکە تێکبشکێنن، ئەویش بۆ ئەوەی قازانج و بەرژەوەندی وڵاتە کۆمەکبەخشەکان بشکێتەوە. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی دەبێت لەعەقڵیەتی بانکی جیهانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بهێنرێتەدی، واتە کاتێك پارە بەو وڵاتانە دەدەن بۆ ئەوەی پەرە بەئابووری بدەن، ئەو وڵاتانە سەرپشك بکەن لەبەکارهێنانی ئەو پارەیەدا، لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن باشترین ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو پارەیە بەئامانجی پەرەپێدانی ئابوورییەکەیان بەکار بهێنن. کەواتە دەبێت بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هاوکاری تەکنیکی بکات، نەك ئەوەی پلانی ئابووری بەسەر وڵاتاندا بسەپێنێت.

**دەبێت ستراتیژیەك. یان پلانێکی ئابووری هەبێت بۆ پێکەوەگرێدانی وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆیی کە ئامانجە کاربۆکراوەکە بریتی بێت لەپەرەپێدانی ئابووری**

*** ئێمە دەزانین ئێوە لەسەر پرۆسەی گواستنەوەی ئابووری وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیا کارتان کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئاستەنگەکان چی بوون؟ و ئێوە چ مۆدێلێك بەسەرکەوتوو دادەنێن؟**

- ئاستەنگی سەرەکی بریتی بوو لەو ستراتیژیەتەی لەلایەن بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی سەپێنرا و جێبەجێکرا، کە دەبوو ئەو ستراتیژیەتە لەگەڵ سیاقە کەلتورییەکەدا بگونجێنرایە، بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو ستراتیژیەتەی سەپێنرا بارودۆخی مێژوویی و کەلتوری و ئایینی ئەم وڵاتانەی لەبەرچاو نەگرت. بەتێڕوانینی من هیچ مۆدێلێك بەتەواوەتی بەمۆدێلێکی سەرکەوتوو دانانرێت. شوێنەواری ئەم چاکسازیانە لەم وڵاتانەدا ئەنجامدران بۆ هەمیشە دەمێننەوە. بۆ نموونە زۆرێك لەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بوونە بەشێك لەیەکێتی ئەوروپا، ئەمەش مانای وایە کێشەی پەرەپێدانی ئابووری چارەسەرکرا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەندین کێشەی هاوشان بەقۆناغی ڕاگوزەری لەئارادا دەمێنن و بۆ ماوەیەکی دووردرێژیش ئەو کێشانە بەردەوام دەبن.

## پیتەر مۆنتیل بۆ گوڵان:

# کێبڕکێ دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی ئابووری ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیش



**پرۆفیسۆر پیتەر مۆنتیل ئوستادی زانستی ئابوورییە لەزانکۆی ولیامز و بەنەژاد خەڵکی کوبایە، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئابووری وڵاتانی جیهانی سێهەم وەك پۆلیڤیا و کینیا و پاکستان و فەنزویلا، لەمبارەوەش دیراسەتی ئەو لایەنەی کردووە چۆن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو سەرمایەی لۆکال دروست دەبێت و دەبێتە بنەمایەك بۆ پەرەپێدانی ئابووری، سەبارەت بەم لایەنە و هەنگاوەکان بۆ وەرچەرخانی ئابووری سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مۆنتیل کرد کە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** گواستنەوەی ئابووری لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، یەکێکە لەسیماکانی قۆناخی گواستنەوە لەسەنترالیزمەوە بۆ دیموکراتی، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا تاچەند ڕێکخستنەوەی ئابووری لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ هۆکارێکە بۆ بونیادی دیموکراتی؟**

- ئەگەر ڕاشکاوبین، ئەمە مەسەلەیەك نییە ئابووریناسێکی پرۆفیشناڵ شارەزاییەکی زۆری هەبێت لەبارەیەوە، بەڵکو ئەمە پرسیارێکە دەبێت ئاراستەی زانایەکی سیاسی بکرێت. بەڵام ئەو ئابووریناسانەی لەم مەسەلەیەدا قسەیان کردووە، ئاماژەیان بەوەکردووە هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئابوورییەك کە پتر لەسەر بنەمای بازاڕ بەڕێوەبچێت، هەل و مەرجێکی گونجاو دەخوڵقێنێت بۆ دیموکراسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە مەسەلەکە بەو شێوەیە بەڕێوەبچێت.

*** یەکێك لەبنەماکانی ئابووری بازاڕ، بریتییە لەململانێی ئازاد و هەلی یەکسان و کارکردن لەچوارچێوەی سەروەریی یاسا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەلی کار زیاتر بێت و زیاتر ژێرخانی ئابووری ڕێکبخرێتەوە، پرسیار ئەوەیە تاچەند ململانێ و هەلی یەکسان دەبێتە هۆکاری ئەوەی گواستنەوەی ئابووری سەرکەتوو بێت؟**

- بوونی ململانێ زۆر گرنگە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە لەپرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بەوەکرد مەرج نییە ئابووری بازاڕ گونجاو بێت بۆ دیموکراسی. ململانێ زۆر گرنگە، بەڵام هەندێ جار ئابووری بازاڕ بەئاڕاستەیەکدا دەڕوات کە ململانێیەکی کەمتر لەخۆدەگرێت، ئەویش کاتێك قۆرخکردنی ئابووری دەبێت، کە هێز و دەستڕۆیشتوویيەکی ئابووری زۆر لەشوێنێکدا کۆدەبێتەوە و کەڵەکە دەبێت. بەڵام ململانێ زۆر گرنگە بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری، بەو پێیە سەردەکێشێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیش.

*** زۆر لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەکاتی گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، هەست دەکرێت ڕووبەڕووی دیاردەی گەندەڵی و مۆنۆپۆلی بازاڕ دەبنەوە، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم ئاستەنگانە چییە؟**

- پێموایە ئەو کاتە گەندەڵی سەرهەڵدەدات کە دامەزراوەکان لاوازبن، کاتێك خەڵکی باوەڕیان بەسەروەری یاسا نەمێنێت و پێیان وابێت دەتوانن یاساکان پێشێل بکەن، هەروەها کاتێك باوەڕ و متمانەیەکی دووردرێژ لەئارادا نەبێت کە ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە پابەند دەبن بەیاساوە، بە چەشنێك هەموو تاکەکەسێك هەست بکات ئەگەر بەشێوەیەکی نایاساییش ڕەفتار بکەن، ئەوا دووچاری لێپێچینەوە نابنەوە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ئەو باوەڕە لای خەڵك دروست بێت کە ئەگەر ئەو سوود و قازانج لەدۆخەکە وەرنەگرێت کەسانی دیکە ئەم کارە دەکەن. کەواتە لەئارادابوونی ئەو باوەڕەی ئەگەر تۆ یاسات پێشێل کرد دووچاری لێپێچنەوە نابیتەوە و هەروەها ئەو باوەڕەی کەسانی دیکە یاسا پێشێل دەکەن، هەموو ئەمانە هەلومەرجێك دەخوڵقێنن کە لەباربێت بۆ دروستبوونی گەندەڵی. ئەو کاتە گەندەڵی بەربڵاو دەبێت، کە دابەشبوونێکی خراپی دەسەڵات، یان سەروەت و سامانی ئابووری هەبێت، واتە ئەو کاتەی خەڵکانێکی کەم هەمو سەروەتێکیان لەدەستدا دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەتوانن سیاسییەکان و فەرمانبەران و ئەو کەسانە بکڕن کە یاسا جێبەجێ دەکەن.

> **لەئارادابوونی ئەو باوەڕەی ئەگەر تۆ یاسات پێشێل کرد دووچاری لێپێچنەوە نابیتەوە و هەروەها ئەو باوەڕەی کەسانی دیکە یاسا پێشێل دەکەن. هەموو ئەمانە هەلومەرجێك دەخوڵقێنن کە لەباربێت بۆ دروستبوونی گەندەڵی**

*** لەزۆر وڵات ئابووری بازاڕ دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەژاری زیاتر بێت و چینی ناوەندیش دروست نەبێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەهەندێك وڵات ئابووری بازاڕ ئاکامەکەی پێچەوانەیە؟**

- پێم وانیە گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتەوە بەرەو ئابووری بازاڕ مەرج بێت بۆ کەمکردنەوە یان زیادکردنی هەژاری. چونکە تەنانەت



کاتێك ئابووری بازاڕیش پیادە دەكرێت، هەندێ شـــت ڕوودەدەن كە دەبنەهـــۆی زیادبوون یان كەمبوونەوەی هەژاری، بۆ نموونە لەئەمریكا گۆڕانی تەكنۆلۆجیـــا و گۆڕانی بازرگانی نێودەوڵەتـــی بووەهۆی ئەوەی دابەشـــكردنی داهاتیـــش بگۆڕێت، بەچەشـــنێك بووەهۆی زیادبوونی هەژاری، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ بیست یان ســـی ساڵی ڕابردو ڕاســـتە، لەبەر ئەوەی پێشتر هەل و مەرجەكە بەشێوەیەك بوو هەژاری بەرەو كەمبوونەوە دەچـــوو. لەبەر ئەوە پێموایە لەئابووری بازاڕدا هەندێ جار بەرەوپێشچوونی تەكنۆلۆجـــی، یاخـــود بەرەوپێشـــچوونی دیموگرافی، یان بەرەوپێشـــچوونی نێودەوڵەتی بەشـــێوەیەكە دەبێتەهـــۆی كەمبوونـــەوەی ڕێژەی هـــەژاری و هەندێجاریش دەبنەهۆی زیادبوونی ئـــەو ڕێژەیە. كەواتە ناتوانین بڵێین تەنیا پیادەكردنی ئابـــووری بازاڕ دەبێتەهۆی كەمبـــوون یـــان زیادبوونـــی هـــەژاری. لەم ڕوانگەیـــەوە ڕێگای باش بۆ دابەشـــكردنی داهـــات و ڕێگرتن لەدروســـتبوونی هەژاری، دروســـتكردنی دۆخێكە كە دۆخە ئابووریەكە كاریگەری نەبێت لەسەر سیستمە سیاسیەكە، واتە دەبێت سیستمە سیاســـیەكە لەدەسەڵاتی ئابووری بپارێزرێت. واتـــە كارێك بكرێت ئەو كەســـانەی داهاتی زیاتریان هەیە، دەسەڵاتی زیاتریان نەبێت، چونكە ئەگەر ڕێگە بەم كارە بدرێت، ئەوا ئەو دەســـەڵاتەیان بەكاردەهێنن بۆ بەدەســـتهێنانی داهاتی زیاتـــر و ئەو كاتەش هەژاری زیاتر دەبێت.

*** ئایا تاچەند وەبەرهێنان دەبێتە فاكتەرێك بۆ بونیادنانەوە و بەرەوپێشچوونی ئابووری؟**


- پێموایـــە وەبەرهێنانی دەرەكی بەشـــێوەیەكی گشتی قازانج بەخشـــە، لەبەر ئەوەی سەرمایە و تەكنۆلۆجیای تـــازە دەهێننەئاراوە، زۆربەی توێژینەوەكان بەباشـــی باســـی دەكـــەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە كـــە تەفزیلێكی تایبەت بـــە وەبەرهێنانی دەرەكی بدرێت، لەهەمان كاتدا نابێت جیاكاریشـــیان لەدژ بكرێت، بەڵكو دەبێت هەمان سیســـتمیان بەســـەردا جێبەجێ بكرێت، بەڵگەكان ئاماژە بەمە دەكـــەن كە هەر كاتێك بەم شـــێوەیە ڕەفتار كرابێت، ئەوا زۆربەی كات وەبەرهێنانی دەرەكی سوود و قازانجیان هەبووە.

*** هەر لەبواری ئابووری و بۆ ڕێكخستنەوەی ژێرخانی ئابووری، دەوڵەتانی تازە پێگەیشـــتوو پێویســـتیان بەقـــەرزی بانكـــی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی بەخشـــەر هەیە، ئایا تاچەند قەرزی نێودەوڵەتی هۆكاریكە بۆ بونیادنانەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو؟**

**ئەوە ئاشكرایە زۆرێك لەوڵاتە تازەگەشەكردووەكان ئەگەر حكومەتێكیان هەبووبێت بەباشی ئەدای كارەكانی كردبێت و توانبیتی خۆی لەگەندەڵی و كەڵەكەبوونی دەسەڵاتی ئابووری لابدات، سوودمەن دەبن لەقەرزی دەرەكی**

- ئەوە پرسیارێكی قورسە، ئەمە دەوەستێتەسەر هەندێ بواری دیكە كە پێشـــتر تۆ پرســـیارت لێكردم لەبارەیانەوە، ئەوە ئاشكرایە زۆرێك لەوڵاتە تازەگەشـــەكردووەكان ئەگـــەر حكومەتێكیان هەبووبێت بەباشـــی ئـــەدای كارەكانی كردبێت و توانبیتی خـــۆی لەگەندەڵی و كەڵەكەبوونی دەســـەڵاتی ئابووری لابدات، ســـوودمەن دەبن لەقـــەرزی دەرەكی، چەندین نموونەش هەیە لەم ڕووەوە. بەڵام كاتێك گەندەڵی دەبێت و كاتێكیش دامـــەزراوە ئابوورییەكان بەباشـــی كارناكەن و كاتێكیش ئەو كەسانەی دەسەڵاتێكی ئابووری زیاتریان هەیـــە، دەتوانن بڕیارە سیاســـییەكان بشێوێنن، لەبارەی ئەوەی چۆن كۆمەكی دەرەكی یاخود قەرزی دەرەكی بەگەڕبخرێت، ئەوا مەرج نییە دەرئەنجامەكە باش بێت. كەواتە من دەڵێم ئەگەر هـــەل و مەرجی ناوخۆیی گونجاو بێت، ئەوا دەكرێت قەرزی دەرەكی زۆر ســـوودبەخش بێت بە بەرەوپێشچوونی ئابووری، بەڵام ئەگەر گونجـــاو نەبێت، ئەوا قـــەرزی دەرەكی هاوكار و یارمەتیـــدەر نابێت و بگـــرە زیانبەخش دەبن، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەو قەرزانە بدرێنەوە. كەواتە پرســـیارەكە ئەوەیە ئایا ئـــەو وڵاتەی قەرزەكە وەردەگرێت بەباشـــی دەیخاتەگەڕ، بەچەشنێك دەرئەنجامێكی كۆمەڵایەتی باشی لێبكەوێتەوە، ئەگەر وەڵامەكە بەڵـــێ بێت، ئەوا قەرزەكانیش سوودبەخش دەبن و ئەگەر وەڵامەكە نەخێر بێت، ئەوا سوودبەخش نابن.

# ئەنجامەکانی یەکەمین کۆنگرەی پەیمانگەی توێژینەوەو گەشەپێدان لە هەولێر



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لــە ٢ تا ٣ی /٢٠١٢/٦ یەکەمین کۆنگرەی پەیمانگەی توێژینەوەو گەشــەپێدان لە هەولێر بەسترا، کەسەرەتای ئەم ساڵ بۆ بەشــداری کردن لە پێشکەشــکردنی توێژینەوەی تیۆری و پراکتیکی ســەبارەت بە گرفتەکانی گەشەپێدانی ئابووری و مرۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردســتان لەلایەك و گرفتەکانی بەڕێوەبردنی زانستیانەی پێویست بۆدەسەڵاتی جێبەجێ کــردن و دەزگاکانی دیکــەی دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە، دامەزرا.

ڕێکخەرانی کۆنگرەکە هەوڵی گەلاڵەکردنی دەرئەنجامەکان یان خستنەڕووی پوختەی ڕێڕەوی گفتوگۆکانیان نەدا،بەڵکو ئازادییــان بە هەموو بەشــداربووانی کۆنگرەکــەدا تا بیرو بۆچوون و سەرنجەکانیان بەوپەڕی ئازادییەوە بخەنەڕوو، کە وای کرد گفتوگۆکان ئازاد و بوێرو ڕەخنەگرانە بن، ئەمەش دیاردەیەکــی گرنگ و پێویســتە بۆ هــەر پەیمانگەیەکی توێژینەوەو زانستی، هەروەها سەرەتایەکی تازەشە.

دەکرێ کارگێڕیی پەیمانگەکە سێ پرسی گرنگ دوای کۆتایی کۆنگرەکە پێشکەش بکات:

** بڵاوکردنــەوەی هەموو توێژینــەوەو گفتوگۆکان لە کتێبێکــدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ گشتگیرکردنی سوودەکەی.

** دەرس وەرگرتنــی پێویســت لە میانی بەســتنی کۆنگرەکە بەمەبەســتی ســوود لێوەرگرتنی لــە گرێدانی کۆنگرەکانی دواتردا.

** پوختەکردنی گرنگتریــن بیرو بۆچوونی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤــی ڕەخنەیــی تا بخرێتە بەردەســت ئەوانەی لە ئەنجوومەنــی وەزیران و وەزارەتــەکان و دەزگای پلاندانانی حکومــی کار دەکەن،جا ئــەوەی پێوەندیداربێ بە ئابووریی کوردستان یان بە بابەتی حکومەت و بەڕێوەبردنی زانستییانەو کارامە.

** لەمیانی موداخەلەو گفتوگۆکاندا کە لەم دوو ڕۆژەدا خرانە ڕوو،دەتوانم چەند بیرۆکەیەکی سیاســی ڕابگەیەنم کە پێویســت دەکات لە لایەن پەیمانگەکەو بەرپرســانی فایلی ئابــووری و کارگێڕیی حکومەتەوە بایەخیان پێبدرێ، لێرەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەمەوە:

١- کاروانی هەرێمی کوردســتان هەروا بە ئاسانی ڕێی نەکردووە، بەڵکو تژی بووە لە ئاڵۆزیی ناوخۆیی و دەرەوە،بە تایبەتیش لەلایەن وڵاتانی دراوســێوە، لەبــەر ئەم هۆیە لە توانای ســەرۆکایەتیی و حکومەتی هەرێمدا نەبووە هەموو بایەخێکیان بۆمەبەستەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی ئاراستە بکەن،بەڵام دەیانتوانی بەشێکی گرنگیی سەرچاوەی دارایی و توانای هونەری بۆگەشەپێدانی ئابووری بخەنەگەڕ.

٢- هەرسێ شــارە سەرەکییەکەی ئێســتای کوردستان، هەولێرو سلێمانی و دهۆك،بەشــێوەیەکی تایبەت پێشکەوتن و پەرەســەندنێکی بەرچاویــان بەســەریەکەوە بەدیهێناوەو هەنگاوێکی جۆرەکییان هەڵێناوە بەشێوەیەك لە شاری بچووك و هــەژارەوە هەنگاویان نا بەرەو نوێگەری لەڕووی ئاوەدانی و دامەزراندنــی ڕێگەوبــان و پردو خانووبــەرەو باڵەخانەی نیشتەجێبوون و بارەگای حکومی و فەرمانگەی فەرمییەوە، وێڕای دابین کردنی ئاوو کارەبا بۆ زۆرینەی دانیشــتووانی شــارەکان. هەروەها بواری پزیشکیش بەرەو چاکی دەچێت و ژمارەی زانکۆو کۆلیژەکانی حکومی و تایبەت زیاد دەکات و ژمارەی قوتابیانی کوڕو کچی تۆمارکراو زیادی کردووە، هەرچەندە وەکو پێویســت نییە و لایەنی چەندایەتیی لەسەر حیسابی لایەنی جۆرەکیدا زاڵ بووە.

٣- بێگومان چاك کردنی ئاستی شارەکان و پەرەسەندنیان بەشــدارییەکی تەواو دەکات لە چاك کردنی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیــی دانیشــتووان کە دەیان ســاڵ ژیانیان لەو شارانەبەسەربرد کە لە لایەن حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێــراق و بە تایبەتیش لە لایــەن حکومەت بەعس و ڕژێمە سیاسییە فاشییەکەیەوە پەراوێز و پشتگوێ خرابوون .

٤- هەرچەنــدە هەندێ لەو دەســتکەوتانە دەچنە بواری ژێرخانەوە، بە تایبەتیش ئاوو کارەبا و شــەقام و ڕێگەو بان و پــرد، بەڵام هەموویــان ناچنە ئەو خانەوە کە پرۆســەی گەشــەپێدان و پیشەسازی و تازەگەریی کشتوکاڵ پێویستی پێیانە، ئا لێرەدا گرنگیی سەرنجدان لەم بابەتە سەرهەڵدەدات، بەتایبەتیــش کە هەرێمی کوردســتانی عێــراق ئەوپەڕی پێویستی بە ژێرخانە بۆ پرۆسەی گەشەپێدان.

٥- گرفتی ئێســتا لە هەرێم لە ئاراستەکردنی سیاسەتی حکومەتدایە بەرەو هاوردەکاریی وقەرەباڵغ کردنی بازاڕەکانی ناوخــۆ بە جۆرەهــا کاڵای باش و خراپ کە ئاراســتەی پیشەســازی و گەشــەپێدانی کشــتوکاڵی لەباردەبات، لە کاتێکدا کە هەرێم پێویستی زۆری بە گەشەپێدان و ئاسایشی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵ هەیە،ئەوەش گرنگییەکی زۆر مکــوڕە کە دەتوانێ چەندیــن ئەنجامی پۆزەتیڤی بۆ ئابووریی کوردستان لێ بکەوێتەوە، مەبەستیشم ئەمانەیە:

أ- لەخۆگرتنی بێکاریی ئێستاو پەیتا پەیتا دەربازبوون لە بێکاریی دەمامکدراو ئەوەش بە گواســتنەوەی کارمەندان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و دەزگاکانی سەر بەم کەرتە و بەبەرهەمی کشتوکاڵ.

ب- ئاراســتەکردنی بەشــێکی گرنگیی ســەرچاوەی دارایی کە لە ئابووریی دەرهێنانی نەوتەوە دێتەدەســت بەرەو کەڵەکەکردنی بەرهەمهێنان لە پیشەســازی و کشــتوکاڵ و بەدیهێنانی گەشەی سامانی نیشتمانی.

پ -ئەمــەش بەرەو گۆڕانکاریمــان دەبات لە ژێرخانی ئابووریــدا و دواتر بەرەو ژێرخانــی داهاتی نەتەوەیی کە لە ئێستادا شێوێندراوە.

ت- هەر ئەم پرۆسەیە لەلای خۆیەوە بەرەو گۆڕانکاریمان دەبات لە ژێرخانی چینایەتیی کۆمەڵگە بەرەو گەشەپێدان و فراوانکردنی بناغەی چینی کرێکاران و بۆرژوای پیشەسازی و کشتوکاڵ ح –هەر ئەم حاڵەتە بەشداری دەکات لە گۆڕینی هۆشیاریی مرۆڤ لە هەرێم لە ئاست هەڵوێستی بەرامبەر کار و بەرهەم، هەروەها هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی بەرز دەکاتەوە.

ج- هەر ئەم حاڵەتە لە بواری کرانەوەی دەرەوە سووك دەکات و ئەو سەرچاوە داراییانەش کەم دەکاتەوە کە ئاراستە دەکرێن بۆ هاوردەکردنی کاڵای بەکاربردن و دەستگرتن بە سامانەوە بۆبەرژەوەندیی گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی.

چ- پرۆسەی پیشەسازی و تازەگەریی لە کشتوکاڵ پێویستی بە دامەزراندنی چەندین پرۆژەی تەواوکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی هەیە کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەست بن بە پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەکاربردنەوە.

خ - هەروەها بوار دەڕەخسێنێ بۆ گەشەپێدانی کەرتی پەروەردەی پیشەیی لە جیاتی پەرژانەسەر خوێندنی مرۆیی لە کۆلیژ و زانکۆکان،بەڵکو بۆ کردنەوەی پەیمانگەی پیشەیی و تەکنیکی بۆ دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەروەها پێویست بە کردنەوەی تاقیگەکان و بنکەکانی توێژینەوەی زانستی و تیۆری و پراکتیکی دەکات.

د - سەرجەم ئەو پرۆسەیە بەشداری دەکات لە بنیادنانەوەی مرۆڤ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە میانی گۆڕینی ژێرخانی چینایەتیی کۆمەڵگە لە توێژی جووتیاران و پەراوێزخراو کە لەسەر رۆخی ئابووری نیشتمانی دەگوزەرێن هەروەها توێژی کۆمپرادۆر و گەورە سەرمایەداران بۆ توێژی کرێکارو بۆرژوای پیشەسازی و کشتوکاڵی کەبەشداریدەکەن لە دروستکردنی هۆشیاریی تازە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

٦- هەروەها پێویستیی زۆری هەیە بە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و تێکەڵ وکەرتی هەرەوەزی و کەرتی وەبەرهێنانی بیانی،هەروەها پێویستی هەیە بە کەرتی ئابووریی دەوڵەت،ئەوانە هەموویان بەشداردەبن لە ئەکتیفکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و خێراکردنی گۆڕانکارییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی،سوودی باشتر دەبێ ئەگەر ئەم کەرتانە هانبدرێن بۆزیادکردنی وەبەرهێنان لە گەشەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا، نەك راکردن بەدوای قازانجی خێرا لە بواری بینا و بازرگانی و خانووبەرە هەروەکو لەئێستادا وایە.

٧- کوردستانی عێراق دەتوانێ سوود لە پێگەی جیاوازی جوگرافیی خۆی وەربگرێ بۆ بایەخدانی زیاتر بەدامەزراندنی پرۆژە لە بواری چالاککردنی گەشتیاری و رابواردن و سەیران وگەشتیاریی ئایینی و شوێنەواریی ناوخۆیی و گەشتیارانی وڵاتانی دەوروبەر.

٨- هەروەها پێویستە بایەخی تایبەتی بدرێ بەو گرفتەی هەموو عێراق پێوەی دەناڵێنێ،گرفتی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی کە کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر پرۆسەی گەشەپێدان و بنیادی ئابووری و هۆکاریشە بۆ تێکدانی مرۆڤ و کۆمەڵگەو دەزگاکانی حکومەت،ئەوەیان پەتایەکە کە لەئێستادا هەرێمی کوردستان و سەرتاپای عێراقی تەنیوە، گەندەڵی تەنیا دیاردەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بووەتە سیستەمێك لەسەر هەموو ئاست و لە هەموو بوارێکدا پیادە دەکرێت.

٩- بە روونیش ئاماژە بەو رێکەوتنە نەوتییانە دەدەم کە لەنێوان هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکاندا مۆرکراون کە باش نەبوون و لەبەرژەوەندیی ئابووریی نیشتمانیدا نیین، چونکە گرێبەستی بەشدارین و کوردستانیش پێویستی پێیان نەبووەو قازانجێکی زۆریش بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دابین دەکات،بۆیە پێویستە شێوازێك بدۆزرێتەوە بۆ چاوخشاندنەوە بەو رێکەوتنانەدا.لەسەر ئاستی ئەدای حکومەت و کارامەییەکەی دەکرێ ئەوانەی موداخەلە و گفتوگۆدەکەن چەند سەرنجێك تۆماربکەن،لەوانە بۆنموونە:

١- لاوازیی پێوەندیی پۆزەتیڤانەی نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و تاکەکانی کۆمەڵگەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هۆی لاوازیی ئەدای ئەم دەزگایانە لە کارەکانیانداو نەبوونی دیموکراسیەت و تەشەنەکردنی گەندەڵی تێیاندا هاوکات نەبوونی چاودێریی و بەدواداچوون.

٢- جیانەکردنەوە لەنێوان:أ- حکومەت و پارتەسیاسییەکان و کۆنترۆڵ کردنی ئەدای حکومەت لەلایەن ئەو حزبانەوە، ب_ جیانەکردنەوەی نێوان حکومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێبکردن و نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و یەکەمیشیان دەستی بەسەر سەرجەم دەسەڵاتەکاندا گرتووە،ج –لاوازیی هاوکاری لەلایەکەوە و لاوازیی قبوڵکردنی رەخنە لە نێوان حکومەت و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە لەلایەکی دیکەوە.

٣- نەبوونی سیستەمی کارکردن لای ئەنجوومەنی وەزیران،واتا نەبوونی هەماهەنگی و تەواوکاریی و چاودێری و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران لەلای سەرۆکی وەزیران و نووسینگەکانییەوە و پشت بەستن بە کەسانێك کە ناتوانن رۆڵی نووسینگە پسپۆڕەکان و ئەرکەکانیان بگێڕن.

٤- لاوازیی چاودێریی میللی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەدای حکومەت و دەزگاکانی.

١٠- کۆنگرەکە لاوازیی رۆڵی ئافرەتی لە سێ بواری سەرەکییدا دەست نیشانکرد:

أ- دەزگاکانی سیاسی و یاسادانان و دادوەری و راگەیاندن،ب- لە نێو پارتەسیاسییەکان و سەرکردایەتییەکانیانداو لەنێو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی،ج- لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و لاوازیی ژیان بەگشتی لە هەرێم.

ئەوەی لە ماوەی رابردوودا لە هەرێم وەدیهاتووە کەم نییە بە پەیوەست لەگەڵ ئەو بارودۆخەی بەشێوەیەکی گشتی عێراقی گرتەوە، بەڵام ئێستاش دەتوانرێت زۆر شتی دیکە بۆ بەرژەوەندیی بەهێزکردنی توانای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەرێم وەدیبێت.

لە کۆتاییدا کۆنگرەکە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە دیداری تایبەت لەگەڵ چەندین بەشداربوودا سازبکات بۆ تێکەڵکردنی بیروڕایان و گوێگرتن لە سەرنجەکانیان کە یارمەتی پەیمانگەکە دەدەن بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی و رۆڵی لەداهاتوودا.

**کاروانی هەرێمی کوردستان هەروا بە ئاسانی رێی نەکردووە، بەڵکو تژی بووە لە ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەوەیە تایبەتیش لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، کە لە توانای سەرۆکایەتیی و حکومەتی هەرێمدا نەبووە هەموو بایەخێکیان بۆمەبەستەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی ئاراستە بکەن**

**دکتۆر عەبدولحەکیم بەشار سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا بۆ (گوڵان):**

# دەبێت پێش رووخانی رژێمی ئەسەد، ئۆپۆزسیۆنی سوریا مافەکانی کورد بسەلمێنێت و لەدەستوردا بچەسپێنریت

لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە لەسوریاو نائومێدبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەکەمبوونەوەی توندوتیژی و قوربانیەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ دووری ئەگەری دەستێوەردانی سەربازی و بەکارهێنانی هێز دژی رژێمەکەی بەشار، هەموو سەرنجەکان بەرەو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا دەچێت، کەدەتوانرێت لەئێستاوە زامنی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد لەسوریا بکەن، لەم چاوپێکەوتنەدا دکتۆر عەبدولحەکیم بەشار سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا باس لەدوا پێشهاتەکانی بارودۆخەکەو ئۆپۆزسیۆنی کوردو رۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا دەکات و هەوڵەکانی بارزانیش بۆ هاریکاری و پشتیوانیکردنی هاتنەدی مافی گەلی کورد لەسوریا بەرز هەڵدەسەنگێنێت.



*** لەم دواییەدا سەردانی چەند وڵاتێکی ئیقلیمی و عەرەبیتان کرد؛ ئایا ئەجیندای سەردانەکانتان بۆ (تورکیاو قەتەرو میسر) چی بوو، هەروەها تێڕوانین و هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆن و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد چۆنە؟**

- پێش چون بۆ تورکیا و قەتەر سەردانی ئەمریکامان کرد و چەند دانیشتن و گفتوگۆیەك لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو کۆشکی سپی و کۆنگرسمانەکان و لایەنی تری حکومەتی ئەمریکی سازکرا لە هەموو کۆبوونەوەو دانیشتنەکاندا دیدو ڕاوبۆچووونی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریامان بۆیان ڕوونکردنەوە و لە١٥ و ١٦ی ئەم مانگەدا ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەگشتی کۆبوونەوە کە تیدا ئێمە وەکو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بەشداربووین و وەکو یەك هێز بڕیاردرا لەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەشار کە ئەو بڕیارو هەندێ لە ڕاسپاردەی تر داواکاری و داخوازی ئێمە بوو یەکێك لەو داواکاریانەمان کە بڕیاری لەسەردرا کە کۆنگرەیەك لە قاهیرە ببەستین و بۆ ئەو کۆنگرەیەش چەند کارو ئیش و پێداویستیەك دەبێت ئامادەبکرێت، لەوانە نووسینەوەی ڕەشنووسی پڕۆژە سیاسیەك بۆ ئەوەی لە کۆنگرەکە پێشکەش بکرێت و گفتوگۆو بڕیاری لەسەر بدرێت، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو دەستەو کەس و لایەنانەی کە بەشدار دەبن لە کۆنگرەکەدا، هەروەها لە ١٧و ١٨ ئەو مانگەدا سەردانی قەتەرمان کردو لەلایەن پەیمانگای برۆکینگزی ئەمریکی داوەتنامەیەکمان بۆ هاتبوو بۆ بەشداری کردن لە گفتوگۆو سیمینارێکدا ئەو پەیمانگایە کار لەسەر توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژیەت دەکات و ڕاوبۆچوونی ئەم پەیمانگایە لەلایەن حکومەتی ئەمریکا زۆر گرنگەو ئیعتیباری بۆ دادەنێت و ئەو گفتوگۆو توێژینەوانەی لەم پەیمانگەیە ئەنجام دەدرێت لەپاشان دەکرێت بە ڕاپۆرتێك و بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرزدەکرێتەوە، هەروەها سەردانی قاهیرە دەکەین کە لەوێش چەندین باس و توێژینەوە لەسەر بارودۆخی سوریاو گۆڕانکارییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و لەپاشان بەرنامەیەك هەیە بۆ سەردانی پاریس، ئەوە هەڵوێستەی تا ئێستا لە ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنساو وڵاتانی تری دۆست و هاریکاری ئۆپۆزسیۆن و ئێمە هەیە و دیتومانە هاریکاری و پشتیوانیەکی باش و بەهێزە و هەرهەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە بە هەر ڕێگا و سیناریۆیەك بێت ڕژێمی بەشارو سوریا نەمێنێت و بڕووخێت، بەڵام ئەمە کەی دەبێت و ڕوودەدات ئەوە نازانین و هەڵوێست و پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دۆست کاریگەری لەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەشار هەیە، چونکە هەموو ئەو وڵاتانە دەیانەوێت بە هەر جۆرێك بێت سیستەمی سوریا بگۆڕێت و ببێتە وڵاتێکی دیموکرات و ئازادیخواز و مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا دەستەبەربێت، لەلایەکی تر ئەمریکاو وڵاتانی تری دۆست ڕاوسەرنجی باشیان لەسەر کارو ئیش و هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا هەیە و متمانەو باوەڕیان بەکارەکانمان هەیە بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوەو کۆشکی سپی ئەمریکا پشتیوانی خۆیان بۆ ئۆپۆزسیۆن و ئێمە لەبەرامبەر ڕووخانی ڕژێمی بەشار دەربڕیووە.

*** بەڵام ئێستا بارودۆخەکە لە سوریا کەوتۆتە قۆناخێکی ئاڵۆزترەوە؛ نە بەشار ئەسەد بەکەڵکی ئەوە دێت کە وتووێژی لەگەڵدا بکرێت نە ئۆپۆزسیۆنیش قبوڵی وتووێژ لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا دەکات، بەڕای بەڕێزت چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- ڕاپەڕینە جەماوەری و شۆڕشگێڕییەکەی سوریا گەیشتۆتە قۆناخێك کە میللەت و شۆڕشگێڕان ناتوانن لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بژین، هەربۆیە ئەگەری وتووێژو دانوستاندن نەماوە، لەبەرامبەریشدا هەر ڕۆژێك بەشار ئەسەد لەسەر حوکم بمێنێتەوە، توندوتیژییەکان زیاتر پەرەدەسێنێت و کوشتن و ترس و تۆقاندن زیاتر دەبێت و میللەت و وڵاتەکە بەرەو کارەسات وماڵوێرانی زیاتر دەچێت، هیچ دەسەڵاتدارێکیش ناتوانێت تاسەر

> **سەرۆك بارزانی سمبولێکی نەتەوەییە و شانسیی کوردانە کە ئێمە کەس و مالباتێکی وەکو جەنابی سەرۆك بارزانیمان هەیە و پشتگیرییەکی زۆرو گەورەو بەهێزی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریایی کردووە**

لەدژی ئیرادەو ویستی میللەت بێت، بەتایبەتی میللەتێك کە ئامادەیی ئەو هەموو قوربانییەی تێدا بێت، بەڵام بەمانەوەی زیاتری بەشار ئەسەد ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی گەورە لەسوریا هەیە بەتایبەتی لەنێوان عەلەویی و سوننەکان، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، چونکە گەربێتوو ئەم شەڕە ناوخۆییە لەسوریا هەڵگیرسێت ماوەیەکی دوورو درێژ دەخایەنێت و میللەت و وڵاتەکە ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە، بەڵام بەدەست لەکارکێشانەوەی بەشارو دەستبەرداربوونی لەفەرمانڕەوایەتی ئەوا میللەتی سوریاو عەلەوییەکانیش دەپارێزرێت و چیتر سیناریۆکانی خوێنڕشتن و کوشتن بەردەوام نابێت.

*** هەست ناکەی خەریکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبارودۆخی سوریا نائومێد دەبن، هاوکات دەستێوەردانی سەربازی و هێز لەبەرامبەری بەکارناهێنرێت، واتا هەموو ئومێدەکە ئۆپۆزسیۆنە ئایا ئەوان چییان کردووە؟**

- ئۆپۆزسیۆن تا ڕادەیەك جێگای ئومێدی میللەتی سوریایە، بەڵام هەموو پێکهاتەکانیشی لەخۆ نەگرتووە، ئێمە وەکو میللەتی کورد لەسوریا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردمان هەیە، بۆیە ڕاوبۆچوونمان وایە کە پڕۆژەیەکی سیاسی لەسوریا لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دابنرێت کە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان و میللەتی عەرەب و کورد و مەزهەبەکانی تێیدا پارێزراو و مسۆگەر و ڕەچاوکرابێت و ئەم پڕۆژە سیاسیە کە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنە جیاجیاکانی سوریا لەسەری کۆك بن و لەپاش تاوتوێکردنی پڕۆژەکە بە ڕەزامەندی خۆیان هەموویان واژووی لەسەر بکەن، ئەو پڕۆژەیە ببێتە دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراو کە مافی هەموو لایەن و میللەتی سوریای تێدا دیاریکراو و پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژدا هەموو لایەنەکان پابەندی بنەماو خاڵەکانی ئەو پڕۆژەیە بن و هیچ کەلێن و پێشێلکارییەکی دوور لەم دیکۆمێنتە نەیەتە دی لەبەرئەوەی هەر بۆ نموونە عەلەوی و کریستیان و دروزی ئێستاکە بارودۆخی ئەوان باشەو هیچ زەحمەتییەکیان نەهاتۆتە پێش، لەبەرامبەردا کوردەکان کە پێشتریش بارودۆخیان خراپ بوو دووچاری ئازارو ئەشکەنجەی زۆر بوونەتەوە، لەماوەی ١٦ مانگی ڕابردوو کەشۆڕش بەردەوام بووە و ڕژێمی بەشار زوڵم لەخەڵك دەکات، تەنیا ڕوسیاو هەندێك وڵات نییە کە هاوکاری ڕژێمەکە دەکەن، بەڵکو لەناوخۆش دا هەندێك گروپ و لایەن لە سوریا هەیە هاریکارو پاڵپشتی ڕژێمن و لەناو دەزگا ئەمنی و ناوخۆییەکاندا کار دەکەن، پاڵپشتی و پشتگیری ئەم تاقم و لایەنانەش بۆ ڕژێمەکەی سوریا بۆ ئەوەیە کە پێشتر سوودیان لە ڕژێمەکە وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە ئەو کەس و گروپ و لایەنانە دوا ڕۆژیان دیارو ڕوون نییە و لەوە دەترسن کە ڕژێمی بەشار نەمێنێت لە بەرژەوەندییەکانیان بدرێت، بەڵام لەکاتێکدا ئەو پڕۆژە سیاسیەی ئاماژەم پێکرد وەکو دیکۆمێنتێت جێبەجێ بکرێت و ئۆپۆزسیۆن لەدوای نەمانی بەشار لەسەری بڕۆن و پابەندی بن و ماف و ئازادییەکانی تاك و لایەن و هەموو میللەت بپارێزن بەو کەسانەشەوە کە لەگەڵ بەشار و ڕژێمەکەن و لەخۆیان و بەرژەوەندیەکانیان دەترسن، ئەوکات ئەو پاڵپشتی و هاریکارییەی ڕژێمەکەی ئەسەدیش نامێنێت، ئێمە بەئۆپۆزسیۆنمان وت پێویستە لەم پڕۆژە سیاسییەدا پەیمانێك بدەن بەهەموو لایەنەکان بەتایبەتی بەعەلەوی و دروزی و کریستانەکان و میللەتی کوردیش، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن داوای هاوکاری و پاڵپشتی و بەشداری زیاتری جەماوەری لە شۆڕشەکە بکات لەکاتێکدا ئەو پڕۆژە سیاسییە کە دواڕۆژو چارەنووس و بەرژەوەندییان دیار دەکات بوونی نەبێت، لەلایەکی تر دەبێت ئۆپۆزسیۆن



هەنگاوو کارەکانیان لەناوخۆی وڵات و لەگەڵ خەڵکدا بێت ناکرێت وەکو ئێستا ئۆپۆزسیۆن زیاتر لە دەرەوەی وڵات بێت و دوور لەخەڵك و ئازارەکانیان، بەتایبەتی لەوڵاتانێك کە وڵاتی گەورەو خاوەن قورسایی نین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یا لە وڵاتانێکی عەرەبین تا ئێستا بەتەواوی پشتگیری و پاڵپشتی و بەشداری شۆڕشی سوریایان نەکردووە، تەنیا ئەوەی کە لەم شۆڕشەدا بەشدارەو خوێنی دەڕێژێت و داوای ئازادی و دیموکراتی دەکات میللەتەکەیە کە ئەویش زیاتر میللەتی عەرەب و میللەتی کوردە، واچاوەڕوانیش دەکرێت لەدوای شۆڕش زۆرلە وڵاتانی دەرەوەو عەرەبی زەحمەتی و بەربەست لەبەردەم ماف و خواستەکانی میللەتی کورد دابنێن.

*** کورد پێکهاتەیەکی گرنگی سوریایەو لەناو شۆڕشەکەش دا قوربانی و شەهیدێکی زۆری بەخشیوە، ئایا لەناو کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆندا چۆن باسی مافی گەلی کورد دەکرێت؟**

- بۆ ئێمەی میللەتی کورد سێ خاڵی ستراتیژی و گرنگ هەیە دەبێت مساوەمەی لەسەر نەکرێت: یەکەمیان دەبێت ئۆپۆزسیۆن بوونی کورد وەکو میللەتێك کە لەسەر خاکی خۆی دەژی قبووڵ بکەن، ئەمەش لەدەستووری سوریادا وەکو میللەت و مافەکەی جێگیربکرێت. خاڵی دووەم دەبێت ئەو سیاسەتە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستییە هەڵگیرێت کە چەندین ساڵە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە پەیڕەو دەکرێت و کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی و سڕینەوەی ناسنامەو چەوساندنەوەی میللەتی کورد لەسوریا دەکرێت، سێیەم دەبێت پشتگیری مافی میللەتی کورد بکرێت و بەشێوەیەکی دیموکراتی کێشەی میللەتی کورد چارەسەر بکرێت و بۆ ئەم کارەش دەبێت ڕیفراندۆمێکی ئازاد و شەفاف بە پاڵپشتی و چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت و میللەتی کوردیش ئەو کات خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و بڕیار دەدات وەکو میللەتێك لەسەر خاکی خۆی دەژیت یا مافی چارەنووسی لەچوارچێوەی وڵات بۆ خۆی دیاری دەکات، لەلایەکی تر ئەمڕۆ هێزی گەورەو دیارو بەتوانا لەسوریا ئەنجومەنی نیشتمانی سوریایە، ئەم هێزەش پێکهاتەکانی ناو سوریا بە یەك میللەت دەزانن و میللەتی کورد بە جیاواز نازانن، واتە گەلی کورد بە میللەتێکی سەربەخو و جیاواز لە میللەتی عەرەب و سوریا نازانن و باوەڕیان بەوە هەیە کە کورد زوڵم و ستەمی لێکراوەو ئەو سیاسەتە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستیەی بەرامبەری کراوە نەمێنێت و چارەسەر بکرێت و ئۆپۆزسیۆن باسی ئەوەش دەکەن کە مافی کورد لە سوریا پێویستە چارەسەر بکرێت بە شێوەیەکی دیموکراتی، بەڵام بەبێ ڕیفراندۆم و ئەمەش بەپێچەوانەی داواکاری ئێمەو میللەتی کوردە و ئێمە ئێستا داوادەکەین کە مافەکانی میللەتی کورد پێش ڕووخان و نەمانی بەشارو ڕژێمەکەی دیاری بکرێت و لەناو پرۆژە سیاسیەکەو وەکو دیکۆمێنت و دەستورێك وایە دەبێت وردەکاری هەستیارو گونجاو و دروست بۆ میللەتی کورد دیارو پارێزراو بێت، گەرچی ئەوان دەڵێن نەخێر پاش ڕووخان و شۆڕش بڕیار لەسەر ماف و چارەنووسی کورد دەدەین، ئەمەش لەلایەن ئێمە قبووڵ نییە، چونکە کارو بەڵێن و پەیمانی زارەکی جێگای متمانەو باوەڕ نییە، مێژووی کوردیش شاهیدی ئەو بەڵێن و پەیمانە زارەکییانەی داوە کە چ فرتوفێڵ و ناهەقییەك بەرامبەرمان کراوە، هەربۆیە مەرجەعیەتی ماف و ئازادی و دیموکراتیەت لەلای ئێمە و هەموو وڵاتان بۆ دیاریکردنی چارەنوس ڕیفراندۆمە، کە بەچاودێری ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی چاودێری دەکرێت و پارێزگاری لە شەفافییەت و راستیەکان بکەن .

**بەمانەوەی زیاتری بەشار ئەسەد ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی گەورە لەسوریا هەیە بەتایبەتی لەنێوان عەلەوی و سوننەکان**

*** کورد ئێستا لەسوریا وەکو میللەتێك بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماف و بەرژەوەندییانە لەدوای رووخانی رژێمی بەشار چی دەوێت و دەبێت و ئێوەش وەکو ئۆپۆزسیۆن و نوێنەری میللەتی کورد لەسوریا چ هەنگاوێك دەگرنەبەر؟**

- جگە لەوەی دەبێت ئۆپۆزسیۆن میللەتی کورد قبووڵ بکات وەکو میللەتێك کە لەسەر خاکی خۆی دەژی و لەدەستووریشدا تەواوی مافەکانی دابنرێت و بچەسبێت و ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەی کە پێشتر بەرامبەری کراوە هەڵگیرێت و و قەرەبووی میللەتەکەش بکرێتەوەو بەشێوەیەکی دیموکراتی و بەڕیفراندۆمێکی ئازادو شەفاف کورد بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، هاوکات ئێمە وەکو کورد داوای حوکم و دەسەڵاتی نامەرکەزی سیاسی دەکەین، لەمەش دا پێویستە نامەرکەزییەکە بەشێوەی ئۆتۆنۆمی یا سیستمی



فیدراڵی بێت، ئەمڕۆ زیاتر ئێمە جەخت لەسەر سیستمی فیدرالیەت بۆ کورد دەکەینەوە وەکو بنەماو خاڵ و ناوەڕۆکە راستەقینەکەی فیدرالیەت نەك وەکو فیدرالیەتێك تەنیا بەناو و قسەبێت. واتا دەمانەوێت لەسیستەمی فیدراڵیەت دا بۆ کورد لەسوریا لەهەموو لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەپێی داخوازی و پێداویستیەکانی خۆمان کار بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر تواناو هێزی خۆمان چارەسەری کێشەو گرفتەکانمان بکەین و خزمەتگوزاری بۆ ناوچە کوردنشینەکان و میللەتەکەمان دابین بکەین، هەروەها بەسیستەمی فیدرالی دەتوانین ئیدارەی سنوورو ناوچەکانی خۆمان بەدەستی خۆمان و بەئازادانە بەڕێوەببەین کە چەندین ساڵە ئومێدو خواستمانە. لەلایەکی تر بەپێی ئەم سیستەمە دەتوانین داهات و ئیدارەی خۆمان بزانین و بتوانین لەپێشخستن و گەشەسەندنی بوارەکانی ژیان بەکاری بهێنین . ئەو کێشەو گرفتانەی کە چەندین ساڵە هەمانە و بەدەستیەوە دەناڵێنین بەتایبەتی مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی دیمۆگرافی و زۆر لایەنی تر چارەسەر بکەین و لەسەر شێوازێکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بونیادی بنێینەوە . هەروەها لەڕووی پەروەردەو زمان و کلتوورو تەندروستی و هەموو بوارەکانی تری ژیان و خزمەتگوزاری کە چەندین ساڵە پشتگوێخراون و زارۆك و نەوەکانمان لێی بێبەش کراون و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین و چارەسەری سەرجەم گرفت و کەموکوڕییەکان بکەین، ئەگەر بێتوو کێشەی کورد وەك میللەت چارەسەر نەکرێت و سیستەمی سیاسی فیدرالییەت و نامەرکەزی نەچەسپێت شەڕێکی ناوخۆیی گەورەو بەرفراوان و درێژ لەسوریا دروست دەبێت، لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی سوریا بەتایبەتی لەنێوان عەلەوی و سوننەو شیعەو دروزی و تەنانەت کوردیش، بەڵام سیستەمی فیدرالی بۆ سوریا نەك تەنیا خزمەتی کورد دەکات، بەڵکو خزمەتی سەرتاسەری وڵات و هەموو پێکهاتەکان دەکات، هەروەها خزمەتی یەکێتی و سەروەری و سەربەخۆیی خاکی سوریاش دەکات.

*** ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی لەم بارودۆخەو بەرانبەر بەشۆڕشەکەو میللەتی کورد لە سوریا چۆنەو بەڕێزتان چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

-بۆ ئێمە وەکو پارتی لەسوریا بارزانی سمبولێکی نەتەوەییە و شانسێکی کوردانە کە ئێمە کەس و مالباتێکی وەکو جەنابی سەرۆك بارزانیمان هەیە و پشتگیرییەکی زۆرو گەورەو بەهێزی ئەنجومەنی نیشتمانی کردووە و جەنابی بارزانی کە لەهەر دیدارو کۆبوونەوەیەکی کە لەگەڵ وڵاتانی مەزن و سەرۆك و بەرپرسانی دنیای وەکو ئەمریکاو فەرەنساو تورکیا و . . . تاد کردووە تێیدا باسی لە پشتگیری و هاوکاری لە دیموکراتی بۆ سوریا و هاتنەدی مافی گەلی کوردی سوریای کردووە و ئەو باس و پشتگیریانەش بۆ ئێمەی کورد و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا زۆر گرنگ و کاریگەرە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی داوەتە کوردو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریادا، ئێمەی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا بەنوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی کوردی سوریای داناوە، ئەمەش جێی ڕێزو پێزانینە . ئەمەش لەلایەکی تر بۆ ئێمە پاڵپشتی و هێزێکی گەورەو گرنگە، هاوکات جەنابی سەرۆك بارزانی دەفەرموویت ئێمە هاریکاری ئێوەین بۆ بەدەستهێنانی مافی میللەتی کورد لەسوریا و کەسیش جگە لەکوردی سوریا خۆیان نەبێت ناتوانێت بارودۆخی ئێوە کۆنترۆڵ بکات، قبووڵیش ناکات میللەتی کورد لەسوریا لەژێر زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە بمێنێتەوە .

> **دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاریکارو پشتیوانێکی گرنگ وکاریگەرو باشن بۆ میللەتی کورد لەسوریا**

*** ئەگەر دوا پرسیار سەبارەت بە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین وەك پشتگیری بۆ ئیوە، ئایا هیچ پشتگیری کردوون؟**

دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاریکارو پشتیوانێکی گرنگ و کاریگەرو باشن بۆ ئێمە کە ئەمەش بۆ ئەوەیە کە میللەتی سوریا بەگشتی و کوردی سوریا بەتایبەتی لەم قۆناخە ناخۆش و دژوارە ڕزگاریان بێت و سیستەمێکی دیموکراتی بێتەدی و میللەتی کوردیش بەخاك و زمان و کلتوری و هیواو ئاواتەکانی بگات، داواکاریشم لە گۆڤاری گوڵان گرنگیەکی تایبەت و بەردەوام بەبارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی سوریا بدات و دۆسیەی تایبەت و جیاجیای لەسەر بنووسێت و لەڕێگای ئەو دۆسیەو نووسینانەدا گرنگی بە مافی میللەتی کورد و ڕۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا بدات.

# گەیشتن بە ئاستێکی نوێ لە دۆخی ئاڵۆزکاوی کێشەی کورددا



دۆغو ئەرگیل*

مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

لەم دواییانەدا لەلایەن پەکەکەوە هێرشێك کرایە سەر خاڵێکی سەربازی لە داجلیکا (ئۆرامار). دەرئەنجامی هێرشەکە کوژرانی هەشت سەربازی تورك و ٢٣ گەریلای پەکەکەی لێ کەوتەوە. ئەوەی زۆر جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی سەرکردایەتی پەکەکە، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی تورکیدا بۆ سازدرابوو کاتێك ئەو ڕۆژنامەنووسە لە چیای قەندیل سەردانی بارەگاکانی پەکەکەی کردبوو، ئەو چاوپێکەوتنەش بەم دواییە بڵاوکرایەوە.

تێیدا قەرەیلان گوزارشتی لەوەکردبوو بەوەی خۆشحاڵ نییە کە بەهۆی هێرشێکی دیکەی لەم شێوەیەو ساڵێك پێش ئێستا، پرۆسەی ئاشتی لە نێوان بەرپرسانی تورکیاو پەکەکەوە لە ئۆسلۆ شکستی هێناوە. ئەو باسی لە چەند ئەنجامدەرێکی »دەستنیشان نەکراو« کردووە کە ویستوویانە بەربەستێك لە نێوان کوردو تورکەکاندا دروست بکەن، کەچی دوای ڕۆژێك لەم ئیعتیرافە بە ڕواڵەت دڵسۆزانەیە(لەبەر ئەوەی خوێنەر تێڕوانینێکی وەهای لادروست دەبێت) پەکەکە بە ٣٠٠ چەکدارییەوە هێرشێکی ڕێکخراوانەی ئەنجامدا، ئەو هێرشە ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخراوەی لای هەموان ڕوون و ئاشکراکرد: کە ئەویش بریتیە لە درێژەپێدانی توندوتیژی.

لە ڕاستیدا هێشتا پەکەکە پێی وایە توندوتیژی ئەنجامی لێ شین دەبێتەوە. هەر بۆیە پەکەکە وای دەبینێ ئەگەر بەهۆی توندوتیژیەوە نەبوایە نە گوێ لە نادادییەکان کورد دەگیرا لە لایەن حکومەتی تورکیاوە، نە ڕێکخراوەکەش بانگهێشتی سەر مێزی گفتوگۆ لە ئۆسلۆ دەکرا. لەم ڕووەوە بەردەوامبوونی توندوتیژی دەبێتەهۆی باشترکردنی دەرفەتەکانی گفتوگۆی ڕێکخراوەکە، بۆ ئەوەی داواکارییە سەقف بەرزەکانی بەدی بهێنێت.

جارێکی دیکە پەکەکە ئەوەی سەلماند ئامانجی سەرەکی ئەو بریتی نییە لە ئاشتەوایی لەگەڵ تورکیادا. لەبەر ئەوەی ئاشتەوایی، یاخود ڕێککەوتن دەستەواژەیەکی سیاسیە. ئەم ڕێکخراوە پشکی خۆی دەوێت، پشکی خۆی لە خاکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایانەی زۆربەیان کوردن. هەموو ئەو گووتارانەی بانگەشە بۆ دیموکراسی و بەشداریکردن دەکەن تەنیا مانۆڕێکی تاکتیکیانەن بۆ بەدەستهێنانی کات و ڕازیکردنی ڕای گشتی. کەواتە تێکدانێکی سیستماتیکی پرۆسەی ئاشتی ستراتیژیەتێکی سیاسیەو بەردەوامیش دەبێت تاوەکو ئامانجەکەی خۆی بەدەست دەهێنێت کە بریتیە لە بەڕێوەبردنی تەواوی جوگرافیای سیاسی کوردەکان، کە بە تورکیا دەست پێبکات.

دوو هۆکار بوونەتە هۆی ڕەخساندنی ئاسانکاری بۆ ئەم داواکارییە سەقف بەرزانەی پەکەکە. خۆشباوەڕی و پشتیوانی بەشێك لە کوردەکان کە دەنگیان بە پارتی ئاشتی و دیموکراتی داوەو ئەوانەی کوڕو کچەکانیان دەنێرنە ناو پەکەکەوە. دووەم، نابینابوونی دامەزراوەی تورکی لە تێگەیشتن لەوەی کە لە ڕاستیدا »کێشەی کورد« کەم و کورتیەکە لە دیموکراسییەت و سەروەری یاسادا (نەك نەبوونی یاسا، بەڵکو یەکسانی بەرامبەر یاسایەك کە تەواو دوورە لە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیانەوە کە تێیدا زەمانەتی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکان دەکەن.) ئەم کەموکورتیەش بۆتەهۆی ئەوەی دەوڵەت ببێتە دڕندەیەك و هاووڵاتیانیشی بچوك کردۆتەوە، کە دووچاری سەرکوتکاری ببنەوە هەر کاتێك داوای ماف و ئازادیە زەوتکراوەکانی خۆیان کردبێت. بە کورتی، «کێشەی کورد» یەکێکی دیکەیە لەو کێشە هاوشێوانەیە کە بەهۆی ڕژێمەکانەوە سەریانهەڵداوە، کە ڕژێمێك بوو پاڵپشتی جەماوەری نەبوو و لەسەر بنەمای باڵادەستکردنی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەدا بنیاتنرابوو. لەو ڕوانگەیەوە چارەسەرەکە بریتیە لە ڕزگارکردنی

**لەیلا زانا وتی؛ دەکرێت کێشەی کورد لە سایەی سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان چارەسەربکرێت. سەلاحەدین دەمیرتاشیش داوای کردووە پەکەکە چەك دابنێت**

هاووڵاتیان و دەرهێنانی سیاسەت لە دەستی دەوڵەت و بەڕێوبردنی کاروبارەکان بێ ئەوەی «براگەورە» بوونی هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك ئەم ئامانجانە هێنرانەدی. پەکەکە خۆی وەك «برا گەورە»ی کورد خستەڕوو. ئەو نەك هەر تەنها خۆی وەك «ڕزگارکەری» کوردەکان لە تورکیا نمایشکرد، بەڵکو وەك حکومڕانی داهاتووی سەرجەم کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم نەخشە گەورەیە لەلایەن سەرکردەکانی پەکەکەوە لە کۆنفرانسی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان باسکرا. لەم کۆنفرانسەدا، ئەم نەخشەیە وەك دەستوورێك بۆ کوردستانی ئازادو یەکگرتوو خرایەڕوو کە کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیاو سوریا لە خۆدەگرێت، پەکەکە لە چەقدایە وەك هێزی بەرگریکار بۆ ئەو پێشنیارە سیاسیە بان نەتەوەییە.»هاووڵاتی کۆما جڤاکێن کوردستان» لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ قەوارەیەکی سیاسی نوێ دروست دەبێت، لە پاڵ هاووڵاتی پەیوەست بە خاکەوە. کۆنفرانسەکە نەخشەی دەزگاکانی دەوڵەتی دارشت کە هاوشان و ئەلتەرناتیڤە بەو دەوڵەتانەی لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا هەن.

پێدەچێت پەکەکە لە هەوڵی بەدی هێنانی ئەم نەخشەیەدا بێت ئەگەر هەلومەرجەکە گونجاو بێت.

ئەو هەموو شتێك دەکات کە لە دەسەڵاتیدا بێت بۆ ئەوەی گەمەی سیاسی بە بارودۆخەکەوە بکات. تاوەکو ئێستا تاکە قەوارەی نیمچە سەربەخۆی کوردی لە عێراقدا بوونی هەیە، لەلایەن خەڵکە لۆکاڵیەکەوە بەڕێوەدەبردرێت. ئێران و تورکیا ئەوەندە بەهێزن کە ناتوانرێت کوردستانێکی لۆکاڵی لە چوارچێوەی ئەو دوو وڵاتەدا دروست بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سووریا لە کێشەو تەنگژەدایەو باشترین دەرفەت بۆ دروستکردنی کوردستانی (سووریا) لەم وڵاتەدا بوونی هەیە. حاڵی حازر کوردەکان بە سەرکردایەتی پەکەکە لە باکووری سووریا و لەسەر سنوورەکانی باشووری تورکیا لە چاوەڕوانیدان.

بە پێی وتەی ئەو کەسانەی سەردانی چیای قەندیل دەکەن، سەرکردایەتی پەکەکە پلانی چۆڵکردنی شارۆچکەو گوندە عەرەبەکانی باکوور دادەنێت و هەوڵی دروستکردنی پارێزگایەکی کوردی دەدات( کە دواتر ببێتە پاشکۆیەك) یان ببێتە بەشێك لە دەریای سپی ناوەڕاست. حکومەتی تورکیا ئاگاداری ئەم پلانەیەو دەیەوێت دەستێوەردان لە سیاسەتی سووریادا بکات بۆ ئەوەی حکومەتی سووریای دوای ئەسەد بە شێوەیەك بێت کە بتوانێت کاریگەری خۆی بەسەریەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئێران و نە ئیسرائیل خوازیاری ئەمە نین. لەبەر ئەوە پێکەوە، لەگەڵ بەشار ئەسەددا کە ئێستا دووچاری نائومێدی بووە هاوکاری پەکەکە دەکەن بۆ ئەوەی شوێنێکی خۆیان هەبێت لە ناو خاکی سووریادا. ئەوەش ئاشکرایە کە نە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و نە حکومەتی تورکیا خۆشحاڵنین بەم پێوەندیە ئاڵۆزە. هەر لەبەر ئەمەشە بەڕێز مەسعود بارزانی و بەڕێز جەلال تاڵەبانی هەوڵی ئاشتەواییکردن لە نێوان پەکەکە و تورکیادا دەدەن. هەرچۆنێك بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێستایدا پەکەکە هەوڵی یاریکردن بە کات و پتەوکردنی جێ پێی خۆی دەدات لە سووریا تا بتوانێت تێیدا ئیدارەی خۆبەڕێوبەری خۆی دابمەزرێنێت ئەوەش بە پشتیوانی ئەو حکومەتانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن.

لەم قۆناخەدا گفتوگۆ لەسەر دوو مەسەلە کرا. یەکەمیان باسکردنی» چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیاو لە نێوان گەلاندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە» بە شێوەیەك کە پێشتر پێشینەی نەبووە. ئەوەش لەلایەن خاتوو لەیلا زانا، کە داکۆکیکارێکی دێرینی کێشەی کوردە، و سەلاحەددین دەمیرتاش، هاو-سەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی. یەکەمیان وتی، دەکرێت کێشەکە لەسایەی سەرکردایەتی سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا چارەسەر بکرێت و پێویستە ئێمەش هاوکاری بکەین. دووەمیان داوای لە پەکەکە کرد چەك دابنێت و وتی نابێت پێشبینی ئاگربەست یان دەستپێشخەری ئاشتی نە لە پەکەکە و نە لە پارتی دادو گەشەپێدانەوە بکەین، بەڵکو دەبێت خەڵکی لە نێو خۆیاندا ئاشتەوایی بکەن. هەردوو لێدوانەکە بەتاڵن، توندوتیژی و پابەندبوون بە چارەسەری سەربازییەوە هۆکاری بەردەوام بوونی ناکۆکیەکە بوون.

گووتاری دووەم پەیوەستە بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی نەشتەرگەری ئاساوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاوە لە چیای قەندیل. ئەم پرسیارە لە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپا، جەنەراڵ، نەجدەت ئۆزێل کراوە. ئەو وتویەتی ڕەنگە کارێکی وا بکرێت «ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی مۆڵەتمان پێبدات و ئەگەر بتوانرێت بەرگەی ژمارەی قوربانیەکان بگیرێت.» ئەمە دەقاو دەق خواستی پەکەکەیە: ڕاکێشانی تورکیا بۆ شەڕی کوردەکان(کوردەکانی تورکیا و ئێران و سووریا) کە بوونەتە وزەو سەرچاوەی چەکدارەکانی خۆی، بە دڵنیاییەوە دانیشتووانی کوردی عێراق کە دەکەونە نێوان سنووری تورکیا و کەمپەکانی پەکەکەوە لە چیای قەندیل ئەگەر ئۆپەراسیۆنێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت و لەم شەڕەدا زیانیان پێدەگات، لەبەر ئەوەی هەڵمەتە سەربازیەکە دەگۆڕێت بۆ ناکۆکیەکی سەرتاسەری لە نێوان تورك و کورددا. لەوەش زیاتر، ئەگەر سوپای تورکیا چەکدارێکی کەمتر لەناو ببات لەوەی چاوەڕوان دەکرێت ئەوا ئۆپەراسیۆنەکە بە شکستخواردوو دادەنرێت و بە دڵنیاییەوە ئەمەش وەك سەرکەوتنێك بۆ پەکەکە لێکدەدرێتەوە. بەمەش حکومەتی تورکیا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە لاواز دەکات.

لە نێو جەرگەی ئەم کەش و بارە گرژاوییەدا، ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا لە تورکیادا هەفتەیەکی پڕ لە گفتوگۆی گەرم و بە خۆداچوونەوەی قووڵمان بە کۆتا هێنا.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر دۆزی کورد و پەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**لەم قۆناخەدا گفتوگۆ لەسەر دوو مەسەلە کرا. یەکەمیان باسکردنی» چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیاو لە نێوان گەلاندا بە شێوەیەکی ئاشتیانە» بە شێوەیەك کە پێشتر پێشینەی نەبووە.**

**تاوەکو ئێستا تاکە قەوارەی نیمچە سەربەخۆی کوردی لە عێراقدا بوونی هەیە و لەلایەن خەڵکە لۆکاڵیەکەوە بەڕێوەدەبردرێت. ئێران و تورکیا ئەوەندە بەهێزن کە ناتوانرێت کوردستانێکی لۆکاڵی لە چوارچێوەی ئەو دوو وڵاتەدا دروست بکرێت**



# محەمەد مورسی یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسری ئایا لە کۆکردنەوەی پارادۆکسەکان سەرکەوتوو دەبێت؟

ئەسما حوسەینی ـ قاهیرە


19538




**خەیری ڕەمەزان بۆ گوڵان:**

## ئایا ئیخوانەکان ڕازین بەوەی مورسی بێ ئەوەی لەسەر خۆیان حیساب بکرێت ئەزموونی حوکمدارییەکەی بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێت؟!



**کەمال هلباوی بۆ گوڵان:**

## پێشەنگی ئاستەنگەکانی کە ڕووبەڕووی مورسی دەبێتەوە ئەو دۆسیە گەرموگوڕانەیە کە پێوەندیدارە بە ڕێکەوتنامەی کامب دیڤید کە ئیسلامیەکان بە ڕێکەوتنە ناقۆڵاکە ناودێریان کردووە



**عەبدولحەلیم قەندیل بۆ گوڵان:**

## ئافرەتان و ئەقباتەکان ترسەکانیان زیادی کردووە لەوەی دەوڵەت بە ئیخوانیی بکرێت، چونکە مورسی بە بەردەوامی لە دیمانەکەیدا دەیووت هەمووان هاووڵاتین و کەس تەتمیناتی پێ نییە بۆ کەسی تر

لە پاش چاوەڕوانییەکی زۆرەوە، لیژنەی هەڵبژاردنەکان لە میسر سەرکەوتنی محەمەد مورسی پاڵێوراوی ئیخوانەکانی بە ڕێژەی ٥١٪ ڕاگەیاند، بەو ڕێژەیەوە مورسی جیاوازییەکی کەمی لە بەرانبەر ڕکابەرەکەیدا هەبوو کە ئەحمەد شەفیق بوو، چونکە ئەویش لە ٤٨٪ی کۆی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، بە مەرجێك لە ٥١٪ ی ئەو پەنجا ملیۆن میسرییەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدارییان لە هەڵبژاردن کرد، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە دابەشبوونێك لە شەقامی میسریدا هەیە، نیوەی دەنگدەرانی دەنگیان داوەو لەگەڵ ئەم سەرۆکەن و نیوەکەی تری لە دژین، نزیکەی نیوەی میسرییەکانیش کە دەنگیان بە کەسیان نەداوە وا دەکات باری شانی ئەم سەرۆکە هەڵبژێردراوە مەدەنییەی میسر بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکان و وەدیهێنانی تەوافوق گەلێك قورس و گران بێت، ئەمە وێڕای باکگراوەندە ئیسلامەوییەکەی سەرۆك کە تا ئێستاش گومان و ترسی زۆربەی کەرت و هێزەکانی میسرییە، ئاستەنگی تریش لە بارەی ڕۆڵی ئەم و دەسەڵاتبەسەردا شکان و پێوەندییەکانی بە ئەنجومەنی سەربازییەوە کە بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایی وڵاتەکە بوون، وێڕای ئاستەنگەکانی تری ئابووری و ئاسایش و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە چاوەڕێیدان لەوە ناچێت گەلی میسر لێی خۆش بن ئەگەر هەڵەیان تێدا بنوێنێت یان کورتبین بێت لە دیتنیاندا..

ساڵ و نیوێکە میسرییەکان لە پاش ئەو قوربانیانەی بۆ ئەم گۆڕانکارییانە بەخشیویانە قەبارەی ئەگەرو گریمان کردنەکانیان لە بەرانبەر سەرۆکی داهاتوو گەورە بووە، زۆربەی کەسانیش وای دەبینن کە سەرکەوتنی مورسی وای کرد میسر لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانەی ئەو ئیسلامیانە ڕزگار بکات کە بەر لە دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن مەیدان و شەقامەکانیان جووڵاندبوو، هەروەها بە سەرکەوتنی مورسی زۆر پرسیاری تر وروژێنران لە بارەی پێوەندییەکانی دەرەوەی میسر بە ئەمریکاو ئێران و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوەوە، وێڕای ئەو پەیامە دڵنیاکردنەوانەی مورسیش ناردنی بۆ ئەو شوێنانە لە پاش دەرچوونیەوە..

وێڕای مەترسیەکانی ئەمەریکا لە بەرانبەر دەرچوونی پاڵێوراوێکی ئیسلامی بۆ فەرمانڕەوایی کردنی میسر زۆر هەواڵیش بڵاوبوونەوە لەسەر کارکردنی ئەمریکیەکان لە پێناوی دەرچواندنی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی مورسیدا..

مورسی وەك یەکەمین حوکمداری مەدەنی هەڵبژێردراو لە بارودۆخێکی زەحمەتی کە میسر پێی تێدەپەڕێت دەکەوێتە نێوان ململانێی ئیسلامیەکان و شۆڕشگێڕان و باڵی سەربازیی و زۆر جەمسەری تری لۆکاڵی و دەرەکی کە بلۆکبەند بوون، گومانیش لەوە هەیە بتوانێت هەموو دەسەڵاتەکانی بخاتە گەڕ لە بەرانبەر ئەنجومەنی سەربازی بە تایبەت لە کاروباری سوپاو پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتدا، ڕاگەیاندراوێکی دەستووری دەرچووە کە دەسەڵاتەکانی کەم دەکاتەوە هەر بۆیە ئیخوانەکان و هاوپەیمانەکانی فشار دێنن و لە ڕاکێش ڕاکێشدان تا تەواوی دەسەڵاتەکانی وەك سەرۆکێك پێ بدرێتەوە، تا ئێستاش دیارو ڕوون نییە لەسەر چ دەستەواژەو شێوازێك ڕێکەوتنی پێش وەختە کرابێت لە نێوان ئیخوانەکان و هەندێ لە گرووپ و کەرتەکانی چەپگەراو لیبرالیەکان و سیکۆلاریزمەکان و شۆڕشگێڕانی ناو میسر، بەڵام پێشبینی تامپۆنی نێوان ئیخوان و ئەنجومەنی سەربازی چ نزیك یان دوور حەتمییە، ئەگەر گرەو لەسەر ئەو تامپۆنە بێت ئەوە سیناریۆکە کارەساتئامێز دەردەچێت..

لەو بارەیەوە دیبلۆماسکاری بە ئەزموون عەبدولڕەوف ئەلڕەیدی پێی وایە کە بەو خیتابە خاکراو تەوافوقیانەی مورسی بێت، مورسی هەوڵی پێئەدا تا بچێتە دڵ و هزری هەموو میسرییەکانەوەو جەختیش لەسەر کرانەوە دەکاتەوەو دەستی هاریکاریکردنی بۆ هەمووان درێژ دەکات تا بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی هاوچەرخ پێکەوە بینا بکەن..

بەڵام نووسەرو ڕۆژنامەوانێکی وەك عەبدولحەلیم قەندیل دەڵێت لە پاش چاوپێکەوتنم بە سەرۆك مورسی تووشی دڵداخورپان بووم چونکە تەنیا هەواڵێکم لێ وەرگرت ئەویش مانەوەیەتی لە ئەندامێتی لە ناو حزبی ئازادی و دادپەروەری بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی پێشووی، ئەم دیمانەیەش ترس لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی بەسەردا کەوت، ئافرەتان و ئەقباتەکان ترسەکانیان زیادی کردن لەوەی دەوڵەت بە ئیخوانیی بکرێت چونکە مورسی بە بەردەوامی لە دیمانەکەیدا دەیووت هەمووان هاووڵاتین و کەس تەتمیناتی پێ نییە بۆ کەسی تر..

توێژەرو شرۆڤەوانی سیاسی عەمرو حەمزاوی پێی وایە ئاستەنگ و گریمانی گەورە لە پێش سەرۆکی هەڵبژێردراودان یەکەمینیان ئەوەیە مۆدیلێکی ڕاستەقینە پێشکەش بکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیی پۆست و پایەکەی بە پێی ئەو دەسەڵاتەی بۆی دیاریکراوە لە پاش کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کە لە ڕاگەیانراوەکەی دەستوورە هەموارکراوەکەدا و لە چوارچێوەی دیموکراتیەت بۆی دانراوە

دووەمینیان پاڵنانێتی بەو وەرچەرخانە دیموکراتیەتەی کە لە میسر ڕوویداوە، هەروەها کارکردنیەتی بۆ




دکتۆر نەبیل عەبدولفەتاح بۆ گوڵان:

**میسر لەبەردەم هەموو دەروازە مێژووییەکاندایە چ دەروازەی بەردەوامبوونی ئەتەکێتی سیاسی میسری پێشان یا دەروازەی ملدان بە بەکارهێنانی هەندێک فیکرو سیستم و شێوازی کاری سیاسی کە ئینتمایە بۆ چەمکەکانی گرووپی ئاینزایی**



عەبدولرەوف ئەلرەیدی بۆ گوڵان:

**مورسی هەوڵ ئەدا بە خیتابەکانی بچێتە دڵ و هزری هەموو میسرییەکانەوەو جەختیش لەسەر کرانەوە دەکاتەوەو دەستی هاریکاریکردنی بۆ هەمووان درێژ دەکات تا بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی هاوچەرخ پێکەوە بینا بکەن**



عەمرو حەمزاوی بۆ گوڵان:

**میسر سەقامگیریی بەخۆوە نابینێت تا دەوڵەتی هاووڵاتی بوون و یاسا و دامودەزگایی کراوە نەخرێتەوە دەست ئەو مەدەنیانەی کاروباری گشتی و سیاسیانە دەخەنە چوارچێوەی پیادەکردنی دیموکراتی و دەساودەستی دەسەڵات لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانی پاک و بێگەردەوە**

گواستنەوەی دەســەڵات لە ئەنجومەنی سەربازی بــۆ مەدەنییــە هەڵبژێردراوەکان، چونکە میســر سەقامگیریی بەخۆوە نابینێت تا دەوڵەتی هاووڵاتی بوون و یاسا و دامودەزگایی کراو نەخرێتەوە دەست ئەو مەدەنیانەی کاروباری گشتی و سیاسیانە دەخەنە چوارچێوەی پیادەکردنی دیموکراتی و دەساودەستی دەسەڵات لە ڕێی ســندوقەکانی دەنگدانی پاك و بێگەردەوە، هەروەها بە هۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتە گشــتییەکان و چاودێری خستنە سەر دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکان لە لایەن کەسانی مەدەنی هەڵبژێردراوی گەلەوە، هەروەها چاودێری یاسایی وکارگێڕی و میللییانەی دامودەزگاکانی جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردن بۆ زامــن کردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و یەکســانکردنی هاووڵاتیان و دوورخســتنەوەیان لە هەژموونگەریی بەرژەوەندییە حزبیەکان،

ئاســتەنگی ســێیەمینیان بریتیە لە پاراســتنی ئازادییە شەخســی و مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی کە سەردەمانێکی زۆر میســرییەکان خەونیان پێوە دەبینی، زۆربەی میســرییەکانیش بــە تەماشــاکردنی مێژووی ئیسلامی سیاســی لەم ڕووەوە گەشبین نین، بۆیە پێویســتە مورســی ئەوەی لە بیر بێت کە میسر هــەردەم کۆمەڵگەیەکی فرەیی بــووە کە لە ژێر سایەی داهێنانە ژیارییەکانی ڕۆشنبیر و هونەری ڕەســەنانەی خۆیدا پێکەوەژیانی ئارامانەی نێوان توێژەکانی ڕێکخســتووە، دەســتەواژەی دەوڵەتی مەدەنی ئاســتی ئارەزوومەندانەی هەموانی بۆ زامنکردن و پاراســتنی مــاف و ئازادییەکان لە ئاستێکی سەقامگیرانە دەهێڵێتەوە..

ئاســتەنگی چوارەمین بۆ دکتۆر مورسی ئەوەیە ببێتە ســەرۆکی هەموو میســرییەکان نەك تەنیا سەرۆکی ئەوانەی دەنگیان پێداوە، مەبەستیشمان لەوە نییە ڕەزامەندی هەمووان وەك یەك بەدەســت بخات کــە ئەمــە فەرەزیەتێکی ئەندێشــاوییە و بــە پێچەوانەی دیموکراتیەتە کە هەمیشــە لە چوارچێوەی کێبەرکــێ و هاریکاری و ململانێی ئاشــتیخوازانەی نێوان دەســەڵات و ئۆپۆزسۆن سیاســەت ڕێك دەخرێت، بەڵکو مەبەســت لە بە ســەرۆك بوون بۆ هەمووان ئەوەیە کە سیاســەتی ناوخۆیــی و دەرەکی بەو شــێوەیە دارێژێتەوە کە لەگــەڵ بەرژەوەندی و ئومێــدو ئازارەکانی ئەو هاووڵاتیانــەش بێت کە دەنگیــان نەداوەتێ، پێش ئەوانــەی کە متمانەیــان پێــداوە، هەروەها ڕێز بگرێت لە بوونی ئۆپۆزســیۆنێکی دیموکراتی کە چاودێریێ لەسەر کارو ڕەفتارەکانی ناو حکومەت بــە ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنــەوە هاریکارە بە پێی حاڵەتەکان، واتە بە ڕووی ئۆپۆزسیۆندا کراوە بێت و چاوەڕێــێ چوونە ناو بازنەکانی لایەنگیری و ڕاکێشانیان لێ نەکات بە لای خۆیدا، هەمیشە ئەوەی لەبەرچاو ڕوون بێت کە براوەی ســاحیق نەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو بە زۆرینەیەکی چڕکراوەی کەم گەیشتۆتە سەر کورســی حوکمداری،نیوەی میســرییەکانی کە مافی دەنگدانیان هەبووە هەر نەچوونەتە یەر سندوقەکانی دەنگدانیشەوە..

ئاســتەنگی پێنجەمین پاراســتنی پێوەندییەکی ڕاســتەوخۆی شــەفافانەیە لەگەڵ لایەنگران و ئۆپۆزســیۆنگەرای حوکمەکەیدا بــێ ئەوەی بە دوو چــاو لێیان بڕوانێت، وەك چۆن میســر دادو بێدادی بوو بە دەست ئەو سەرۆکانەی کە ڕوانینی تەسکبینانەیان بۆ سیاسەت هەبوو بەردەوام کاریان دەکرد بۆ ئەوەی هەمووان بخەنە ژێر فرمانڕەوایی خۆیانەوە بە ڕازی و ناڕازییەکانیشــەوە کە ئێستا لە میســری ئەمڕۆدا دوای ئەوەی وەرچەرخانی دیموکراتی بەخۆوە بینیوە ســەرکەوتنی ســەرۆك لەوەدایــە کــە ســەنگی ســەرۆکایەتی لە ناو کۆمەڵگەوە ڕێك بخات نەك لە سەروو هاووڵاتیانەوە لە ســەر بورجــی عاجی بوەســتێت چونکە ئەوە سیستمە ستەمکارەکانن خۆیان لە هەمووان بەرزتر ڕادەگرن..

ئاســتەنگی شەشــەمین بریتیە لە ڕێکخستنی پێوەندییەکانی سەرۆك لەگەڵ لایەنەکان بە تایبەتیش چ لەگەڵ ئیخوان موســلمین و حزبی ئازادی و دادپەروەری چ لەگەڵ تەوژمە سیاسیەکانی تری ئیســلامی تا هەمولایەنەکانــی تریان لێ دڵنیا بکاتەوە کە ئەو حزبانــەش لە توانایاندایە پیادەی دیموکراتیەت بکەن و ڕێز لە یاســا دەگرن، دکتۆر مورسی لێرەدا دەکەوێتە پێگەی بەرپرسیاریتیەوە بۆ زامنکردنی ئەم ڕێکخســتنانە لەسەر ئەو حاڵەتە، ڕەنگــە بــە دامودەزگاو گــرووپ و حکومەتی خۆیەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دابەزێت، بەڵام دامــودەزگاو فەرمانگەکانی جێبەجێکار لە دەوڵەتانی دیموکراتیدا هەمیشــە سەربەخۆن، بۆیە پێویستە سەرۆك دەستلەکارکێشانەوەی خۆی

لە سەرکردایەتیکردنی حزبەکەی ڕابگەیەنێت تەنانەت لە ئیخوانەکانیش ڕەنگە لە زۆر جێی دیموکراتی ڕێککەوتبێت کە سەرۆکەکان پێگە حزبیەکانی خۆیان دەسبەردارنابن بەڵام سیاسەتی باری ئێستای میسر وا دەخوازێت سەرۆك جیا بکرێتەوە لە گرووپی ئیخوان و هەروەها فشاریشیان بۆ بهێنێت تا کاروباری خۆیان وەك ئەنجومەنێکی ئەهلی یان دەزگایەك ڕێکبخەن و لە دەهالیزی نهێنێتی بێنە دەرەوە واتایەکی یاساییان هەبێت لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە..

بەڵام کەمال هلباوی سەرکردەیەکی ئیخوانەکان بوو لەو دواییانەدا دەستی لەکارکێشاوەتەوەو پێی وایە کە هەڵبژاردنی مورسی دەسکەوتێکی مەزنی شۆڕشە میللیەکەی میسرە لە پاش ڕووخانی حوکمی سی ساڵەی موبارەکەوە کە بە خەزێنەی ستراتیژی ئیسرائیل ناوزەددەکرا، هەروەها میسری لە وڵاتانی عەرەبی دابڕی بوو

لەو بارەیەوە دەڵێت: وێڕای ئەوەی مورسی بە بێ دەسەڵاتی فراوانەوە دێتە سەر کورسی فەرمانڕەوایی پێشەنگی ئاستەنگەکانی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەو دۆسیە گەرموگوڕانەیە کە پێوەندیدارە بە ڕێکەوتنامەی کامب دیڤید کە ئیسلامیەکان بە ڕێکەوتنە ناقۆڵاکە ناودێریان کردووە، هەروەها دۆسیەی پێوەندی بە ئەمەریکاوە لە ژێر سایەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکیدا،یان دۆسیەی تیرۆر کە خودی ئیخوانەکانیش تێیدا کرابوونە ئامانج و بەرگری ئیسلامی بزاڤی حزبوڵڵاو و حەماس لە لیستەکەیدایە، لە دۆسیە گەرموگوڕەکانی تریش دەسەڵات زیادبوونەکانی ئەنجومەنی سەربازی بە تایبەتی لە پاش هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و نادەستووری یاسای عەزلی سیاسی هاتنە پێشەوە و هەروەها سەرسمدان لە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی داڕێژتنەوەی دەستوور، هەروەها دۆسیەی موبارەك و دەسوپێوەندەکانی یان حاڵەتی بلۆکبەندی کە وای لە قیبتیەکان کرد بە گشتی لایەنگیری شەفیق بکەن لە ترسی شەریعەتی ئیسلامەوی و حوکمی ئیخوانەکان، دوایەمین دۆسیەش سەرهەڵدانەوەی پاشماوەی پیاوانی ڕژێمی کۆنە وەك لە ڕاگەیاندنەکاندا پێیان دەووترێت (فلوول)ی پێشوو، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت هەڵبژاردن کە ئامرازێکی دیموکراتییە دەرفەتێکیشی بەوان دابوو، تا کێبرکێ لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی بکەن، ئەگەر میسرییەکان سەرکەوتنی مورسی و شکستی شەفیق قبووڵ بکەن، ئەوا لەداهاتوودا ناچارن ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکی تری دوور لەساختەکاری قبووڵ بکەن. ئومێد دەکەین مورسی ئەو بەڵێنانەی خۆی کە لەپێش هەڵبژاردنەکە دابووی بە گەلی میسری بەجێ بهێنێت و خۆی تووڕە نەکات لەو ڕەخنە بونیادنەرانەی کە لەدەرەوەی بازنەی ئیسلامیەکانەوە لێی دەگیرێن..

لەلای خۆیەوە دکتۆر حەسەن نافیعە مامۆستای زانستە سیاسییەکان پێی وایە لەدوای سوێندخواردن پێویستە هەموو دەسەڵاتەکان و سەڵاحییات بسپێردرێتەوە بەسەرۆکی تازە هەڵبژێردراو، بەتایبەت ئەو دەسەڵاتەی کە ئەنجومەنی باڵای هێزە چەکدارەکان هەیبووە، لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان کە مافی خۆیەتی بۆی بگێڕدرێتەوە. سەرۆکی دەوڵەت لەهەر سیستمێکی سیاسی جیهانیدا چ دیموکراتی یا نادیموکراتی سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانەو ڕەمزی بەرجەستەبووی سەروەری دەوڵەتە، لەهەمان کاتدا نابێت بەهیچ شێوەیەك دەزگای سەربازی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئەودا دەربچێت، یا ئەو دەزگایە خۆی وا دەربخات کە دەوڵەتۆکەیەکی سەربەخۆیە لەناو دەوڵەتەکەدا. گرنگترین ئەرك و پسپۆڕێتی سەرۆکی دەوڵەت بەحوکمی ئەوەی باڵاترین



**دکتۆر حەسەن نافیعە بۆ گوڵان:**

**سەرۆکی دەوڵەت لەهەر سیستمێکی سیاسی جیهانیدا چ دیموکراتی یا نادیموکراتی سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانەو ڕەمزی بەرجەستەبووی سەروەری دەوڵەتە**

دەسەڵاتی جێبەجێکارە، پێویستە لەسەری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت دابمەزرێنێت، سروشتییە دەسەڵاتی فراوان بێت تا هەموو پێگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار بخاتە ژێر سایەی خۆیەوە، بەتایبەتیش وەزارەتە سیادییەکان، وەك وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەو ناوخۆو دارایی، کەمکردنەوەی هەریەك لەو دەسەڵاتانە بەکودەتا لەدژی دەستوور دەژمێردرێت، ڕەنگە هەبێت بڵێن بەتاقی تەنیا سەرۆکێك ناتوانێت هەموو ئەو دەسەڵاتانەی یاسادانان و جێبەجێکردن لەبن دەستیدا کۆببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سەرۆکە لایەنگیری گرووپی ئیخوان موسلمین بێت، ئەم قسەیە پاساوی تەنیا ئەوەیە لەکاتێکدا ئەمە دەکرێت کە کۆکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە ببێتە هۆی گواستنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لەجەمسەرێکی ناهەڵبژێردراوەوە بۆ جەمسەرێکی هەڵبژێردراو، بەڵام ئەگەر ئەمە پێچەوانە بێتەوە جەمسەرێکی ناهەڵبژێردراو دەستی گرتبێت بە سەر دەسەڵاتی یاسادانان بەهەنجەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری، ئەمە بۆ خۆی لاقەکردنێکی روون و دیاری دەسەڵاتە.

بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە دکتۆر نەبیل عەبدولفەتاح سەرۆکی کۆڕبەندی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەر بە ئەهرام دەڵێت: میسر لەبەردەم هەموو دەروازە مێژووییەکاندایە چ دەروازەی بەردەوامبوونی ئەتەکێتی سیاسی میسری پێشان یا دەروازەی ملدان بە بەکارهێنانی هەندێك فیکرو سیستم و شێوازی کاری سیاسی کە ئینتمای بۆ چەمکەکانی گرووپی ئاینزایی هەیە پێویستە سەرۆکی تازە لەوتارەکانیدا سیاسەتێکی دڵنیاکەرەوە ئاراستە بکات لەبەرامبەر حاڵەتەکانی ئازادی بەگشتی، هەروەها پابەندبوونی خۆی بەپشتگیریکردنی ئافرەتان و مافەکانی منداڵان و کەمینەکان دووپات بکاتەوە، لەوتارەکانیدا وەك کەسایەتیەکی ئیسلامیانەی دیموکراتخوازی کراوەی میانڕەوو نوێگەر باس لە ئازادی لەفکری ئیسلامی و پیادەکردنی ئازادی ئایین و بڕواکان بێنێتە ئاراوە، واتا وەك ئیسلامێکی کراوە بەرووی جیهان و سەردەم و ڕەهەندە رۆشنبیرییەکانیدا خۆی دەربخات کە لەتوانایدا بێت میسر پێش بخات بەو ڕەهەندە مێژووییە قووڵەی کە رووبەڕووی ئاستەنگەکانی سەردەمی پێ دەبووەوە، هەروەها وتارێك پابەندبوونی خۆی لەپاڵ ناوەندی ئیسلامی مێژوویی ئەزهەرو تەقلیدی سوننەی زۆرینەدا بە کرانەوە دەربخات، بەشێوەیەك ئیستعابی هەموو مەزهەبەکانی تر بکات و دیالۆگ بخاتە سەروو مەزهەبچێتیەوە. ئەم گوتارانەی سەرۆك پێویستە یەکلاکەرەوە بن و لەسەرو گرووپ و حزبایەتی تەسکەوە هێزی خۆیان بسەپێنن، دوور لە ئینتیمائاتی حزبایەتی سنوورەکانی لا ڕوون بێت و سنووری هیچ گرووپێك نەبەزێنێت، بەو شێوەیەی بڕیاری سیاسی کە سەرۆکێك یان ڕێبەری وڵاتێك دەیدات ڕوانینێکی سەردەمیانەو فراوانتری هەبێت بۆ یەکێتی ئۆرگانییانەی سەرۆکایەتی و کامڵبوونی ئەوەش جیاوازە لەو بڕیارەی سەرکردەی حزبێك بۆ لایەنگرانی خۆی دەریدەچوێنێت و بە حەزی عاشقانی بیرو بڕواکەی خۆی قسە بدات بە دەم باوە، واتا گوتارەکان پابەندبوون بن بە دژایەتی گەندەڵی و گەندەڵکارانەوەو بەربەرەکانێی تۆڕەکانیان بکات لە ناوەوەو دەرەوەی دامودەزگا دەوڵەتیەکاندا، گوتارەکان پابەندبوون بن بە ئازادی داهێنان و هونەرەوە، لە هەڵەو ئەزموونگەری نەترسێت، بەڵکو بەرگری بکات لە مافی جیاوازبوون، کە بنەڕەتی هێزی نەرمی میسری و تواناکانی تێدا شاراوەیە بۆ ڕۆڵ بینین لە ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیدا، گوتاری سەرۆکێك بۆ گەلێك کە دینگەکانی لەقیون و پێویستە لە فەزاکانیدا ئازادیەکان بدرەوشێتەوەو کەلتووری



بەرپرسـیارێتی دابمەزرێنێت و هەیبەتی یاسا لە ویژدان و هۆشـیاریدا بچەسـپێنێت و دوور لە رەفتاری کۆمەڵایەتی هەرەمەکی و بەرەڵلایی نابەرپرسانە بێت، وەك چۆن پێویستمان بە گوتاری یەکلاخستنەوەی ریشەیی هەیە بۆ سیستماتیزکردنی خوێندن و میتۆدەکانی، کەواتە میسسر پێویستی بەوەیە لەگەڵ خۆی دیالۆگ بسازێنێت،رەخنە لە خۆی بگرێت دوور لە دروشمسازی..

بەڵام راگەیاندنکار خەیری رەمەزان رای وایە کە مورسی رووبەرووی قەیرانگەلێکی قورس دەبێتەوە لە کاتی سەرۆکایەتی کردنی وڵاتدا، نەك بە هۆی دارمانی ئابووری و سیاسیەوە بەڵکو بە هۆی راگرتنی دڵی ئەو هاوپەیمان و هاورێیانەی کە هاوکاری بوون لە گەیاندنیدا بۆ کورسی حوکمداری، بەڵام ئایا دەتوانێت عەبای رێکخراویی حزبی لە خۆی داماڵێت و مارکەچ نەکات بۆ داخوازییەکانی سەرکردایەتی پێشینی لە ناو ئیخوانەکان، دەتوانێت بیسەلمێنێت کە سەرۆکی هەموو میسرییەکانەو لە هەوڵدا نەبێت بۆ پەخشکردنەوەی فیکری گرووپەکەی یان پارێزگاری تایبەتیان بۆ فەراهەم نەکات؟! لەگەڵ پارێزگاری کردن لە بیرو بروای عەقیدەیی خۆی، ئایا ئیخوانەکان رازین بەوەی مورسی بێ ئەوەی لەسەر خۆیان حیساب بکرێت ئەزموونی حوکمدارییەکەی بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێت؟!

لەولاشەوە مورسی رووبەرووی ئەو هێزە شۆرشگێرانە دەبێتەوە کە پشتیان گرتووە لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ سەرخستنی بە پێی هەلومەرجی خۆیان، واتە سەرکەوتنی مورسی وابەستەیە بەو تەنازولاتانەی کە بۆ ئەو هێزانەی دەکات تا جارێکی تر مەیدانەکە پڕ نەکەنەوە و ناچار نەبێت پەنا بۆ ئیخوانەکان بەرێت و تا پارێزگاری لە پرۆژەکانی بکەن، ئەوکات سەرۆك قوربانی بەکێ دەدات، ئایا لە کۆکردنەوەی پارادۆکسەکان سەرکەوتوو دەبێت؟ لە بەرانبەر چەندین قەیرانی ئاشکرادا کەسەرەکیترینیان بریتین لە ئەندام و لایەنگرانی سیستمی کۆنینەی رژێمی پێشوو کە رۆچونەتە ناو هەموو دەزگاکانی دەوڵەتەوە، رەگەو ریشەیان داکوتاوەو تۆرو بەرژەوەندگەلی تایبەتیان هەیەو هەست بە متمانە ناکەن لە پاڵ ئیخوانەکاندا بروایان بە بەیعەی سەرۆکی نوێ نییەو بەرگری لە خۆ دەکەن و لە بەرانبەریدا دەوەستنەوە، توندوتیژی نواندن لە بەرانبەریان چاریان ناکات، چونکە لە ئەژمار نایەن هێندە زۆرن، ئەمەش پێویستی بە دەرفەت رەخساندن هەیە بۆ گۆرین و هێنانە پێشەوەی روحی نوێ کە کاتی زۆری پێویستە، ئایا سەرۆك دەتوانێت سەرلەنوێ هەموو گەل کۆبکاتەوە دوور لە ئیدیۆلۆژیا و دوور لە باجدان بەوانەی پشتگیرییان کردووە بۆ هاتنە سەر حوکم، تا ئەزموونی مورسی سەربکەوێت نەك ئەزموونی ئیخوان، پرسیارەکانی تر زۆرن بەڵام وەڵامەکان لە ئێستادا نیمچە مەحاڵن..